# چۆنایەتی سیستەمی فێرکاری

## هۆمەر قەرەداغی

کوردستان 2009



چۆنایەتی سیستەمی فێرکاری
هۆمەر قەرەداغی
کوردستان 2009

# ناوەڕۆک


1. سەرەتا
2. پەروەردە لە سیستەمێکی رەق و تیورییەوە بۆ سیستەمێکی نەرم و پراکتیکی
3. لە پێناوی سەقامگیری و سەرکەوتنی ریفۆرمەکاندا
4. ئاوڕدانەوەیەکی پەروەردەیی
5. کەمکردنەوەی کاریگەری ئەزمون و تاقیکردنەوەکان
6. نمرەی سلوک و مافی هەڵبژاردن
7. لێدان و دەرخکردن
8. سەربەخۆیی زانکۆکان
9. دژایەتی ریفۆرمەکان
10. سیستەمی پەروەردە لە بەردەم ریفۆرم و نوێخوازی یا وەستان و بێدەنگیدا
11. دروستکردنی کۆمەڵەی سەربەخۆ لە ناو قوتابخانەکاندا
12. پێویستی ریفۆرم لە سیستەمی خوێندنی پەیمانگا و زانکۆکاندا
13. خوێندن بۆ هەموان
14. چۆنایەتی سیستەمی فێرکاری
15. بەڵێ، دەتوانین
16. چاوپێکەوتنی رۆژنامەی " رۆژنامە " دەربارەی سیستەمی پەروەردە
17. چاوپێکەوتنی رۆژنامەی "کوردستانی نوێ " دەربارەی ریفۆرمەکانی کۆنگرەی پەروەردە
18. چاوپێکەوتنی بڵاوکراوەی " داهێنان "





19. چاوپێکەوتنی رۆژنامەی "کوردستانی نوێ " دەربارەی وانەی وەرزش
20. چاوپێکەوتنی رۆژنامەی " الاتحاد" دەربارەی نوێخوازی و دیموکراتی لە سیستەمی فێرکاریدا
21. گەشتی پەروەردەیی لە کوردستان لە سەرەتای ساڵی 2008 دا
22. CV

## سەرەتا

ئەم کتێبە بریتیە لە کۆمەڵە وتارێکی پەروەردەیی دەربارەی چۆنایەتی سیستەمی فێرکاری، بەردەوامبوون لەسەر ریفۆرم لە ناو سیستەمەکەدا، نوێخوازی لە شێوەی کارکردندا، کارکردن لە پێناوی نەهێشتنی یا کەمکردنەوەی نەخوێندەواری و کۆمەڵێک چاوپێکەوتن و گفتوگۆ دەربارەی زیاتر گەشەسەندن و بە دیموکراتیکردنی پرۆسەی فێرکاری لە کوردستاندا.

سیستەمی پەروەردە و فێرکاری لە کوردستاندا، سیستەمێکە پێویستی بە چاکسازی و ریفۆرمی بەردەوام هەیە. زۆر گۆڕانی بنەڕەتی ماون کە گرنگە بکرێن، بە تایبەتی ئاشناکردنی مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە بە بەهابنەماییەکانی قوتابخانە کە بریتین لە سەربەستی تاکەکەس، یەکسانی کچ و کوڕ، بەرزڕاگرتنی نرخی ژیانی مرۆڤ، دیموکراتی و یارمەتی ئەو قوتابیانەی پێویستیان بە یارمەتی زیاتر هەیە.

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی سەرپەرشتی و چاپکردن و دابەشکرنی کتێبەکەی بەسەر قوتابخانەکانی کوردستاندا لە ئەستۆگرت بۆ ئەوەی کتێبەکە بە ئاسانی بگاتە دەست کارمەندانی پەروەردەیی لە کوردستان.

**هۆمەر قەرەداغی**

سوید 2009

# پەروەردە لە سیستەمێکی ڕەق و تیۆرییەوە بۆ سیستەمێکی نەرم و پراکتیکی

سیستەمی پەروەردە و خوێندن لە کوردستان، سیستەمێکی ڕەق و تیۆرییە. هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابیان و خوێندکاراندا وەک هەڵسوکەوت لەگەڵ تاکەکەسدا نیە بەڵکو زیاتر وەک گروپێکی گوێگری بێدەسەڵات سەیردەکرێن. کۆنگرەی پەروەردە لەبەهاری 2007 دا هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی ڕیفۆرم لەو دیدە کۆنەدا بکرێت و سیستەمە ڕەقەکە، نەرم بکرێت و گۆڕانکاری لەدیدی فەلسەفیماندا بۆ قوتابی و خوێندکار ڕووبدات. هەوڵێکی پاک بوو بۆ ئەوەی قوتابی و خوێندکار بکرێن بە ناوەند.

سەربەستی تاکەکەس وەک بەهایەکی بنەمایی، بڕیاری لەسەردرا. ئەمەش گۆڕانێک بوو لە چۆنایەتی دیدمانەوە بۆ قوتابی و خوێندکار، بەڵام هێشتا کاری پێناکرێت و مامۆستاکان لە لایەک زانیاریان کەمە لەسەر تێرمی "سەربەستی تاکەکەس" و لەلایەک زۆربەیان بڕیارەکەیان بەدڵ لای خۆیان پەسەند نەکردوە، هەربۆیە مامۆستایان، بە شێوەیەکی گشتی دژایەتی نەرمبوونەوەی سیستەمەکەیان کرد و ڕۆژنامەنوسانیش تیشکێکی ئەوتۆیان نەخستە سەر ئەو بڕیارە گرنگە کە وابکات هەموو لایەنەکانی ببینرێن.

ئاشکرایە هەرکات منداڵ لە خێزاندا وەک تاک سەیرکرا، واتە وەک مرۆڤێکی خاوەن دەنگ و ڕەنگ، خاوەن بیروبۆچوون و سەنگ، ئەو کاتە کاری قوتابخانە ئاسان دەبێت.



قسەکردن لەگەڵ قوتابی و خوێندکاردا گرنگە، لەوەش گرنگتر گوێگرتنە لە قوتابی و خوێندکار. هەرکەسێک گوێی لێگیرا، گوێگرێکی باش دەبێت و هەستدەکات ڕێزی تایبەتی بۆ دانراوە، لە ئەنجامدا دەتوانێت ڕێزی بەرامبەرەکەی بگرێت.

لە قوتابخانەکانی کوردستاندا بەداخەوە گوێگرتن لە قوتابی و خوێندکار زۆر کەمە، ڕوونکردنەوە بەباشی نادرێت، زانیاری بە هەژاری و لاوازی پێشکەش بە قوتابی و خوێندکار دەکرێت. نەدانی زانیاری و ڕوونکردنەوە، پشتگوێخستن و گوێ لێنەگرتن شێوەیەکن لە شێوەکانی سەرکوتکردن و چەوسانەوە کە بۆتە هۆی ئەوەی سیستەمەکە هەمووی سیستەمێکی ڕەقە و دوورە لە ئارەزوو و خۆشەویستی قوتابی و خوێندکار بۆ فێربوون و گەشەکردن.

ڕەقی و پڕ ڕقی سیستەمەکە وایکردوە کە قوتابی و خوێندکار باوەڕیان بەخۆیان نەبێت و واهەستبکەن کە کۆمەڵگاکەیان دواکەوتووە و دوورە لە زانستەوە. هەر ئەم باوەڕ بەخۆنەبونەیە کە وای لە گەنج و لاوی کورد کردوە کە هەستبکەن ئەوروپا بەهەشتە و ئەوروپی مرۆڤی پێشکەوتوتر و بەتواناترن لە خۆی.

ئێمەی گەورەساڵان لە کوردستان گرفتمان لەوەدا نیە کە چەند ئامۆژگاری باشی قوتابی و خوێندکار بکەین، گرفتەکە لەوەدایە قوتابی و خوێندکارەکانمان چی لە گەورەساڵان دەبینن. منداڵ ئەوە ناکات کە پێیدەڵێیت بیکات، بەڵکو ئەوە دەکات کە دەیبینێت لێت. ئەم دیاردەیە وایکردوە کە دیدی تیۆریمان بۆ ژیان و زانست شتێکە و بەپراکتیکردنی دیدەکە شتێکی ترە. لە کۆمەڵگای گەندەڵدا منداڵ بڕوا و متمانەی بە گەورەساڵان نیە.

خوێندکارەکانی پۆلی شەشی ئامادەیی بەشی زانستی لە بیرکاریدا زیرەکن، بەڵام لەبەکارهێنانی بیرکاریدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گیروگرفتەکان زیرەک نین.

خوێندکارەکانمان فیزیا و کیمیایەکی زۆر دەخوێنن و وەک تیۆری ئەنجامی "باش" بەدەستدەهێنن بەڵام لە ڕووی پراکتیکەوە شتێکی ئەوتۆ نازانن کە پێی بڵێیت زانستی فیزیا یا زانستی کیمیا.

بەو شێوەیە سیستەمی فێرکاری، لە دوای خوێندنی زانکۆ مرۆڤی تیۆری دروستدەکات. ئەو مرۆڤە تیۆریانەش لە بواری پراکتیکدا زانیارییەکی زۆریان نیە. بەڵام سیستەمەکە ئەوەی نەکردۆتە گرفتێکی گەورە، چونکە هەر زوو دوای خوێندن، حکومەت لە دامودەزگایەکی حکومیدا دایدەمەزرێنێت و کارێکی دەداتێ و دەیکات بە فەرمانبەر. فەرمانبەرێکی کەمبەرهەم و سست.

سیستەمی پەروەردە و خوێندن گەنجەکان بەرەو فەرمانبەری دەبەن. زۆرجار هەڵئاوسان لە ژمارەی فەرمانبەراندا دروستدەبێت و بیست فەرمانبەر کاری دوو فەرمانبەر دەکەن، هەروەک سیستەمی سۆڤیەتی کۆن. ئەنجامی ئەم کارە دروستبوونی توێژێکی کۆمەڵایەتی گەورەیە کە پێویستی بەوە نیە خۆی هیلاک بکات، دەستپێشخەری بکات یا بیر لە داهێنانی نوێ بکاتەوە.

قوتابیەکی زانکۆ کە کۆلیژی پەروەردەی تەواو کرد، حکومەت کارێکی مامۆستایی دەداتێ و هەموو ساڵێک مووچەکەی بەرزدەبێتەوە. واتە مووچەی بەرز و نزم پەیوەندی بەوەوە نیە



ئەو مامۆستایە باشە یا خراپ، بەڵکو پەیوەندی بە تەمەنیەوە هەیە. ئەم شێوەیەی مووچەدان سستکردنی بەهرەکانە و خراپترین شێوەی هاندانە کە سیستەم بەرنبەر تاکی کۆمەڵ بیکات. ئەو ڕاستیەی کە خوێندکار دوای تەواو بوونی خوێندنی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کاری دەستدەکەوێت، بێئەوەی خۆی گەڕابێت بەدوای کاردا، سیستەمێکی هەڵەیە، دژ بەیاساکانی بازاڕی کاری ئازادە. هیچ کۆمەڵگایەک پێشناکەوێت کە سیستەمی بازاڕی کاری سیستەمێکی سێنترالی (ناوەندی) بێت.

سیستەمی پەروەردە دەبێت مرۆڤی ئازاد بۆ بازاڕی کاری ئازاد دروستبکات. بەداخەوە سیستەمەکەی ئێمە بە درێژایی مێژووی خۆی فەرمانبەری دروستکردوە نەک مرۆڤی ئازادی خاوەن بەهرەی کار بۆ بازاڕێک کە یاساکانی کڕین و فرۆشتن خاوەن بڕیار بێت تێیدا.

بازاڕی ئازاد، بیرکردنەوەی ئازاد و داهێنەرانە بەرهەم دەهێنێت. بۆ بەرهەمهێنانی مرۆڤی ئازاد بۆ بازاڕی کار دەبێت سیستەمی پەروەردە و خوێندن لە سەرکوتکردن و ڕەقی و قەرەباڵغی ئازاد بێت. دەبێت تاکی قوتابی ڕیزلێگیراو، گوێلێگیراو و خاوەن بیروبۆچوونی سەربەخۆی خۆی بێت. لەهەمانکاتدا سیستەمەکە وا لە قوتابی و خوێندکار بکات کە خۆیان بەدوای زانیاریدا بگەڕێن و خۆیان بۆ تێگەیشتن هیلاک بکەن، نەک دەرخکردنی فاکتا کە پاش ماوەیەکی کەم بیردەچێتەوە.

لەم بوارەدا هەوڵەکانی کۆنگرەی پەروەردە و ئەنجامە باشەکانی هەنگاوێکی چۆنایەتی گۆڕانکاریە کە دەبێت لەلایەک پراکتیزە بکرێت و لەلایەک گۆڕانکاری تری بەدوادا بێت. ئەنجامی

کۆنگرەکە نەرمکردنی سیستەمەکەیە و دوورکەوتنەوەیە لەو دیدەی کە مرۆڤی زیرەک و تەمەڵ هەیە، بەڵام بڕیارەکان هێشتا نەبونەتە گۆڕانکاری لە شێوەی پەیوەندی مامۆستا بە قوتابییەوە. بۆ نموونە تا ئێستاش لە قوتابخانەکانی کوردستاندا کە مامۆستا چووە پۆلەوە دەبێت هەموو قوتابییەکان هەستن لەبەری. بۆ؟ ئایا مەبەست لەم دیاردەیە ڕێزگرتنی مامۆستایە؟ ناکرێت ئەو ڕێزگرتنە شێوەی تری بدرێتێ وەک لەو بەندایەتیەی کە منداڵەکانمانی پێپەروەردە دەکرێن؟ ناکرێت ڕێزگرتنەکە بریتی بێت لە پەیوەندیەکی سەربەخۆی دوو مرۆڤ بەیەکترەوە کە پڕبێت لە گوێگرتن و ڕێزگرتن و ڕیزدانان بۆ بۆچوونی یەکتر ومتمانە بەیەکتری؟ ئایا پرسیار لە قوتابی و خوێندکار کراوە کە ئەو دیاردەیە بەباش دەزانن یان نا؟ ئایا ئەگەر سەربەستی بدرێتە دەست قوتابی و خوێندکار، ڕێژەی چەندی قوتابیان بە ئارەزووی خۆیان لەبەر مامۆستاکانیان هەڵدەستن؟

نەبینینی قوتابی و خوێندکار وەک تاکەکەس، کۆمەڵگای عەشایەری دوور لە بەدامودەزگاکردنی پەیوەنییەکان دروستدەکات. واتە دوور لە سەروەری یاسا کە دڵنیایی لە تاکەکەس دەسەنێتەوە و ناچاری دەکات سەر بۆ یاسایەک دانەوێنێت کە لە ژوورە تاریکەکانی کۆمەڵگادا لەلایەن دەسەڵاتی تاکەکەسەوە بڕیاری لەسەر دراوە.

بۆ یەکەمجار لە کوردستاندا سیستەمی پەروەردە کەوتۆتە بەردەم گۆڕانکاری و نوێخوازی، بەڵام بەداخەوە دژایەتی ڕیفۆرمەکان دەکرێت. زۆرجار لەلایەن کارمەندانی پەروەردەوە. بۆ نموونە ئێستا مامۆستا هەیە دژی تێکەڵکردنی کچ و کوڕە، دژی لابردنی تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەشی سەرەتاییە، دژی لابردنی



دەرنەچوونە لە پۆلەکانی یەک و دوو و سێی قۆناغی بنەڕەتیدا. ئەم دژایەتیکردنە دژی ئەو یاسایەیە کە دەڵێت دەبێت هەموو سیستەمێک بە بەردەوامی لە گۆڕان و پێشکەوتندا بێت، ئەگەر نا، لەگەڵ ڕێچکەی پێشکەوتن لە جیهاندا، پچڕان دروستدەبێت.

ئەو کێشانەی لەم وتارەدا باسمکردن پێویستیان بەچارەسەر هەیە. چارەسەریش پێویستی بەکۆکردنەوەی هێز و تواناکانە لەگەڵ تەرخانکردنی بودجەی پێویست.

زۆر لە گۆڕانکاریەکان دەستی پێکردوە و بونەتە بەردێک کە ئاوی مەنگی سیستەمی پەروەردەی شڵەقاندوە، بەڵام هێشتا نەبونەتە شەپۆلی گۆڕانکاری لەناو دەریای مێشکی تاکەکانی کۆمەڵگادا.

# لە پێناوی سەقامگیری و سەرکەوتنی ریفۆرمەکاندا

گۆڕانکاری و نوێخوازی لە بواری خانوو دروستکردن و کۆمپیوتەر و مۆبایلدا ئاسانە و پێویستی بە کارێکی کەمە. بە شێوەیەکی گشتی هەموو بوارێکی تەکنیکی کە کار لەگەڵ تەکنیکدا دەکات کاتی زۆر ناوێت. بەپێچەوانەشەوە، هەموو بوارێک کە کار لەگەڵ مرۆڤدا دەکات و هەوڵەکان بۆ گۆڕینی دیدی مرۆڤە لە بوارێکدا پێویستی بەکاتێکی زۆر هەیە و گۆڕانکاریەکان بە هێمنی و لەسەرخۆ دەچنە پێشەوە. بۆنموونە بواری پەروەردە و خوێندن، بوارێکە کەکار لەگەڵ مرۆڤدا دەکات، گۆڕینەکان دەبێت لە دیدمانەوە بۆ مرۆڤ سەرهەڵبدات. هەربۆیە کاتێکی زۆر و سەقامیگری ستروکتوری و سیاسی گەرەکە.

بەهابنەماییەکانی قوتابخانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە دەسنیشان دەکات. چەسپاندنی بەهاکان خۆشبەختانە، پاش کۆنگرەی پەروەردە لە بەهاری ساڵی 2007 دا، بۆتە بڕیاری پەرلەمان و حکومەتی کوردستان. بڕیاردان کاری زۆر دەوێت بەڵام ئەنجامدان و بەپراکتیزەکردنی بڕیارەکان قورسترین بەشی کارەکانە. هەر لەو ڕوانگەیەوە دەبێت کاتێکی باش تەرخانبکرێت بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان بەتایبەتی کاتێک بڕیارەکانی ڕیفۆرمی سیستەمی پەروەردە چارەنوسسازن. لەپاڵ بوونی کاتدا گرنگە سیستەمی ڕێکخراوەیی دامودەزگای جێبەجێکردن سەقامگیر و چەسپاو بێت. هەر لەو ڕوانگەیەوە گرنگە ئەو وەزارەتانەی کارێکی گرنگی ڕیفۆرمکردنیان



دەستپێکردوە کاتیان بدرێتێ بۆ ئەوەی کەشتی ڕیفۆرمەکان بەکەناری دڵنیایی و ئارامی بگەیەنن.

وەزارەتی پەروەردە لە بەهاری ساڵی 2007 دا کۆنگرەی پەروەردەی گرت و چەند گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە سیستەمی قوتابخانەدا کرد، بەڵام هێشتا ڕیفۆرمەکان جێگیرنەبوون بەتەواوی، هاوکاتیش زۆر ڕیفۆرمی نوێ ماون کە دەبێت بکرێن، بۆنموونە ڕیفۆرم لە بواری ئەزموون و تاقیکردنەوەکاندا، لە بواری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆڕی، لە بواری کارەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی و لە بواری کارگوزاری قوتابخانەکاندا.

کەمکردنەوەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارێکی باشە بەڵام نابێت ڕۆڵی وەزارەتێکی گەورەی وەک پەروەردە بچوک بکرێتەوە.

لەم کاتە چارەنوسسازەی کە سیستەمی پەروەردەی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت گرنگە کە وەزارەتەکە بە گرنگی کێشی خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی ڕیفۆرمەکان سەرکەوتوانە سەقامگیر بن. هەروەها زۆر گرنگە کە ستروکتوری بەڕێوەبردنی دامودەزگای وەزارەت نەگۆڕدرێت و وەزیری پەروەردە کاتێکی زۆرتری بدرێتێ بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت لەسەر لەلایەک بەئەنجام گەیاندنی ئەو ڕیفۆرمانەی بڕیاری لەسەر دراوە و کارێکی زۆری بۆ کراوە، لەلایەکیش ڕیفۆرمی تازە کە تا ئێستا نەکراون. پچڕاندن لەو کارە لەبارچونی ریفۆرمەکانە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە ژیانی هەموو منداڵێکی کوردستانەوە.

سیستەمی فێرکاری دیموکراتی دەستنیشانی دواڕۆژی منداڵەکانمان دەکات و لە کۆتایی ڕێگادا چارەنوسی کوردستانیان وەک گەلێکی خاوەن خاک ڕۆشندەکات، هەر بۆیە پێویستە هەموو کوردستانیەک گرفتەکانی سیستەمی فێرکاری بەگرفتی خۆی بزانێت و خەمی بەردەوامی چاکسازی بەخەمی خۆی بزانێت.



## ئاوڕدانەوەیەکی پەروەردەیی

کە دەستپێشخەری کرا بۆ کردنەوەی دەرگای ڕیفۆرم ، هەوڵەکانی داخستنی ئەو دەرگایە لەلایەن کۆنخوازەکانەوە لە هەمانکاتدا دەستپێدەکات. ڕیفۆرمەکانی سیستەمی فێرکاری کوردستان، چەند بەشێوەیەکی پۆزەتیف لەسەری نوسرابێت، ئەوەندەش بەشێوەیەکی نێگەتیف و تاریک لەسەری نوسراوە، ئەمەش لەڕاستیدا بڕوانامەیەکی باشە بۆ کاریگەری و سەرکەوتویی و پێویستی بوونی ڕیفۆرمەکان.

گرنگترین ڕیفۆرم کە کرابێت، چەسپاندنی بەهابنەماییەکانی قوتابخانەیە لە سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکاندا. سەربەستی تاکەکەس و نەهێشتنی سەرکوتکردنی دەروونی و فیزیاوی، دەبنە بەردی بناغەی سیستەمێکی دیموکراتی و مرۆڤدۆست کە تیایدا قوتابی و خوێندکار ناوەندن و هەموو پرۆسەکە لە پێناوی ئەوەدایە نەوەیەکی خاوەن کەسایەتی سەربەخۆ دروست بێت کە خاوەنی دەنگ و ڕەنگی خۆی بێت و ڕازی نەبێت بە هیچ شێوەیەکی چەوساندنەوە. ئەو سیستەمەش نزیکە لە سیستەمی وڵاتانی دیموکراتی ڕۆژئاواوە، دوورە لە سیستەمە دواکەوتووەکانی وڵاتە دیکتاتۆریەکان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

ژنی برای ئوسامە بنلادن، کارمن بنلادن، کە باوکی سویسریە و دایکی ئێرانیە، لە سویسرا لەدایکبووە و دەژی. بۆ چەند ساڵێک لە سعودیە ژیا، کە گەڕایەوە سویسرا کتێبێکی نوسی بە ناوی (قەفەزە ئاڵتونیەکە). لەو کتێبەدا باسی ژیانی ئافرەتان لە

سعودیە دەکات. کە دێتە سەر باسکردنی سیستەمی پەوەردەو خوێندن بە تایبەتی بۆ کچان، وێنەیەکی زۆر تاریک و ڕەش باسدەکات بەوەی کە خوێندنەکە لە ئاستێکی نزمدایە و قوتابیەکان هیچ فێرنابن، گەندەڵی دەرگای بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئاوەڵا کردووە. لە سعودیە تا ئێستاش ژنان بۆیان نیە ئوتۆمبیل لێبوخرن! تا ئێستاش بۆیان نیە بەبێ پیاو بچنە دەرەوە! گۆمانم لەوە نیە کە سیستەمی فێرکاری سیکولاری کوردستان لە سیستەمی خوێندنی سعودیە باشترە هەر بۆیە پێویست ناکات ئاوڕی لێبدەینەوە، منداڵانی کوردستان شایانی زۆر لەوە زیاترن.

بە بۆچوونی من، ئەنجامی ئەو هەموو ساڵەی داگیرکردنی کوردستان و سەیرکردنی مرۆڤی کورد وەک مرۆڤی پلە دوو. یەکێکە لەو هۆکارانەی کە لە کوردستان باس لە سود وەرگرتن لە سیستەمی فیرکاری وڵاتانی دەوروبەر دەکرێت. ئاخر لە کام وڵاتی پێشکەوتووی دنیادا باس لە بەرزی پرۆسەی خوێندنی وڵاتانی عەرەبی دەکرێت کە ڕێژەی نەخوێندەواری تیایدا لە 43 % ؟ لەکام سیستەمی دیموکراتیدا باس لە تێکەڵاو نەکردنی کچ و کوڕ دەکرێت؟ سیستەمی خوێندنی وڵاتە عەرەبیەکان وەک نموونەی سیستەمی خراپ لە دنیادا باسدەکرێت، ئێمە تا کەی ئاوڕی لێبدەینەوە؟

لە کوردستان تا ئێستاش دەیان کێشەی وڵاتی ناوەندی ئێراق بە میرات بۆمان ماوەتەوە. ئێستاش نمرەی ڕەوشت (سلوک) لە قوتابی دەشکێنرێت، کە ئەمە یەکێکە لە گەورەترین پێشێلکاری و سەرکوتکردن کە بەرامبەر قوتابی و خوێندکار دەکرێت. ئەگەر باس لە ڕیفۆرمکردن لەم بوارەدا بکرێت، دەیان کەس نوکی



قەڵەمەکانیان تیژدەکەنەوە و دەڵێن جارێ زووە بۆ ئەو کارە و کوردستان ئەوروپا نیە. ئاخر کەی تێدەگەین کە مرۆڤ هەر مرۆڤە، ئیتر لە کوردستان بێت یا لە سوید؟ کەی دەزانین سەربەستی تاکەکەس هەر هەمان پێناسەی هەیە لە هەر کونجێکی دنیادا بێت؟

بەهابنەماییەکان ئێستا بەشێکی گرنگی سیستەمی قوتابخانەکانە. بە پێی ئەو بەهایانە دەبێت بە زووترین کات شکاندنی نمرەی ڕەوشت لە ناو سیستەمی فێرکاری لابرێت و ئەم شیوە زەقەی سەرکوتکردنە ڕێگەی پێنەدرێت بەبێ گوێدانە هەموو ڕەخنەیەکی کۆنەپەرستانە.

منداڵێکی پۆلی یەکی بنەڕەتی کە تەمەنی شەش ساڵە، کەی ئەوەندە مێشکی گەشەی کردووە، کە باسی ئایین، ئاگر و سزای بۆ بکەیت؟ کەی مێشکی مرۆڤ بۆ ئەوە بەکارهێنراوە کە زانست تەنیا لەسەر یەک ئایین، یەک ئایدۆلۆجی و یەک سیستەمی سەرکوتکەری پیاوسالاری وەربگرێت؟

وانەی پەروەردەی ئیسلامی یا وانەی دین گرنگە بگۆڕدرێت بە وانەی زانستە ئاینیەکان و ئەو وانەیە وەک یەک وانەی سەربەخۆ بەکاربهێنرێت بۆ زانیاریدان لەسەر هەموو ئاینە جیاوازەکانی دنیا لەوانە: ئیسلام. مەسیحیەت، ئایینی جوولەکە، هیندۆیزم، بودیزم و ... هتد. لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری دانیشتوانی کوردستان ئیسلامن دەکرێت بەشێکی باشی وانەکە دابنرێت بۆ زانیاریدان لەسەر ئایینی ئیسلام بە شێوەیەکی ئۆبێکتیڤانە.

ئێمە دوا کەوتوین لە ریفۆرمەکان، بەهیچ شێوەیەک پێویستمان بەوە نیە کە هەندێ لەریفۆرمەکانی سیستەمی نوێی پەروەردە لە چەند قوتابخانەیەک وەک نموونە بەکار بهێنین بۆ ئەوەی بزانین باشن یا خراپ، لەبەرئەوەی ئەنجامی خوێندنی کوردستان زۆر لەئاستێکی نزمدایە. ئەوەتا ڕێژەی دەرچوونی پۆلی شەشەمی ئامادەیی خولی یەکی قوتابخانەکانی کوردستان لە ساڵی خوێندنی 2004 – 2005 لە شاری سلێمانی تەنیا لە 11% ، لە هەولێر 12% و لە دهۆک 9% ! ئایا ئەمە سەلماندن نیە بۆ ئەوەی کە سیستەمە کۆنەکە هەر لە نەبوونی بەها بنەماییەکان تا زۆری ئەزموون و تاقیکردنەوەکان، سیستەمێکی کۆن و دواکەوتووە و دەبێت گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەردا بهێنین؟

لە شاری سلێمانی لە 1/ 1 / 2007 تا 31 / 12 / 2007 ژمارەی 13 کچ خۆی کوشتووە. پێنج کچیان لەناو سلێمانی و هەشت کچیان لە قەزاو ناحیە و گوندەکانی سەر بە سلێمانی. سیانزە گوڵی گەش تەنیا لە یەک شاری کوردستان ناچارکران خۆیان بکوژن، بەڵام تا ئێستاش ئەم کارەساتە دڵبڕە وەک کێشەی سیستەمی فیرکاری سەیری ناکرێت. چۆن دەکرێت بەو خەمساردییە رازی بین؟ ئەوە مەتەڵێکی شاراوەیە و وەڵامەکەی لای من نیە. ئەوەی دەیزانم کوشتنی تەنیا یەک کچی کورد تاوانێکی گەورەیە دژ بە مرۆڤایەتی.

لە گەشتەکەمدا بۆ کوردستان لە مانگی دووی ئەم ساڵدا، 2008، لە هەندێ لە سیمینارەکانمدا پاساو دەهێنرایەوە بۆ ئەوەی لابردنی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ، کارێکی خراپبووە، یا دەوترا هیچ نەبوایە وەک نموونە لە چەند قوتابخانەیەک تاقیبکرایەتەوە بۆ ماوەیەک. ئەم قسانە هیچ نین جگە لە



پەرستنی پەیکەری کۆنخوازی و ترس لە ریفۆرم و تیشکی خۆری نوێخوازی. هەوڵێکی نەزۆکە بۆگەڕانەوە بۆ تاریکایی و بەرز ڕاگرتنی سوکایەتی بە مرۆڤ، ئەگەر نا، بە درێژایی تەمەنی سیستەمی فێرکاری، تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵمان هەبووە و ئەنجامەکانیشمان هەر ئەوەندەیە لە دە قوتابی یەک دانەیان سەرکەوتوو بووە. جا ئەمە سیستەمی فێرکاریە یا سیستەمی تێکشکان و لە ناوبردنی منداڵ و گەنج و لاوەکانمان؟

پێموایە، کاتی ئەوە هاتووە کە سیستەمی فێرکاری لە کوردستاندا، کۆمەڵێک ڕیفۆرمی تری تێدا بکرێت و ڕوانینمان بەرەو ئاسۆ بێت، تیشک بخەینە سەر نوێخوازی و دواڕۆژی کوردستانمان بەلاوە مەبەستبێت. ئاواڕدانەوە بۆ تاریکی و کۆنخوازی، یا ڕاڕایی و دڵەڕاوکێ، زیانێکی گەورە دەدات لەنەوەی داهاتومان و بێجگە لە کات لەدەستدان هیچ شتێکی ترمان دەستناکەوێت.

بە بۆچوونی من، ئێمە نابێت هەوڵبدەین جارێکی تر شتێک بدۆزینەوە کە دۆزرابێتەوە. سیستەمی فێرکاری دیموکراتی ماوەی زیاتر لە سەد ساڵە کاری لەسەر دەکرێت و ئەنجامەکەی بریتیە لە تەکنیکی نوێی کۆمپیوتەر و موبایل و سەتەلایت لەگەڵ بەرهەم هێنانی مرۆڤی سەربەخۆ و سەربەست و خاوەن کەسایەتی ئازاد. ئەم ئەنجامانە لەبەردەستماندان. بە بەراورد لەگەڵ سیستەمەکەی کوردستاندا کامیان باشن؟ چاوەڕێی چی بکەین؟ ڕەوڕەڕەوەی مێژوو بوەستێنین؟ یا زیاتر منداڵەکانمان خۆیان بکوژن؟

ریفۆرم کاتێک بەهەند وەردەگیرێت کە سودەکانی ڕۆشن بن، دەرئەنجامەکانی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی دابن و ئەنجامدەرەکانی کەسانێک بن کە بەتەنگ کۆمەڵگاکەیانەوە بێن. بەرگریکردن لە کۆنخوازی بەدرێژایی مێژوو شکستی هێناوە بێجگە لە چەند قۆناغێکی کورتی مێژوویی کە لە زۆرکاتدا تەمەنیان لە تەمەنی بەفری بەهار کەمتربووە. هەموو کات ئاساییە کە بۆچونی جیاواز هەبێت بەڵام بە مەرجێک ڕەچاوی ڕێزی تاکەکەسی تێداکرابێت.

چاکسازییەکان لەبواری فێرکاریدا لە کوردستان پێویستی بە لێکۆڵینەوەی دوورودرێژ نیە، لەبەرئەوەی سیستەمەکە بە بەراورد لەگەڵ سیستەمی فێرکاری دیموکراتیدا، کەم لایەنی گەشەداری تێدایە. ئەنجامەکانی بەرهەمهێنانی مرۆڤی سەربەست و خاوەن بەهرە نیە، بەڵکو مرۆڤی سست و خاوەن توندوتیژییە. هەربۆیە نەرمکردنەوەی سیستەمەکە بەدەستپێشخەری وەزارەتی پەروەردە و هەوڵ و هیلاکی سەدان کارمەندی پەروەردەیی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان، ئەنجامێکی باشی بەدەستهێناوە و پەرلەمانی کوردستان ڕەزامەندی لە سەر ڕیفۆرمەکان داوە. هەر ئێستاش سەدان دڵسۆزی بواری پەروەردە خەریکی نوسین و هەوڵدانن بۆ ئەوەی ئەو کارە گرنگانەی کە ماون بکرێن، ئەم کارەش نەکاری تاکەکەسە و نەبە تاکەکەسیش ئەنجامی باشی دەبێت.

بەهۆی بوونی سیستەمێکی خراپی دامەزراندنی مامۆستاوە لە کوردستاندا، لەزۆر شوێنی کوردستان قوتابخانە هەیە پێویستی بە 10 مامۆستا هەیە، بەڵام تەنیا 7 مامۆستای هەیە. لە هەندێ شوێنی تردا بەتایبەتی لە شارە گەورەکاندا قوتابخانە هەیە



پێویستی بە 15 مامۆستا هەیە بەڵام 25 مامۆستای هەیە. لەو قوتابخانانەی کە مامۆستای زۆرە، ئاساییە کە دوو مامۆستا بچنە پۆلێکەوە و یارمەتی قوتابیەکان بدەن کە هەندێ کات ژمارەیان لە 50 قوتابی زیاترە. ئەم ڕیفۆرمە نەپێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە و نە پێویستی بەکات بەفیرۆدان هەیە تا لە چەند قوتابخانەیەک تاقیبکرێتەوە. ئەوەی گەرەکە بۆ ئەم کارە تەنیا ئازایەتی بڕیاردان و کراوەیی مێشکە. دوو مامۆستا بۆ 50 قوتابی باشترن لە یەک مامۆستا.

شێوازی وانەوتنەوە بوارێکی ترە کە پێویستی بە چاکسازی هەیە، بۆ نموونە کاری بە گروپ لەلایەن قوتابیانەوە یەکێکە لە شێوازە سەرکەوتوەکان کە زۆر گونجاوە بۆ قوتابخانەکانی کوردستان بە تایبەتی لە بەرئەوەی ژمارەی قوتابیەکان لە پۆلێکدا زۆرن. ئەگەر پۆلێک شەست قوتابی تێدابێت، دەکرێت پۆلەکە بکرێت بە شەش گروپی دەکەسی یا دە گروپی شەش کەسی. گەورەیی و بچوکی پۆلەکە ڕێگر نیە لەبەردەم ئەنجامدانی ئەم کارەدا. دەکرێت لە قوتابیانی ڕیزی یەک و دوو گروپێک دروستبکرێت و هەر لە شوێنی خۆیانەوە ئەرکە بە کۆمەڵەکانیان ئەنجامبدەن. یا ڕیزی یەکەم ڕووی کورسیەکانیان بکەنە ڕیزی دووەم بەبێ ئەوەی جێگای زیاتریان پێویست بێت. لەدوا سەردانمدا بۆ کوردستان، زۆر بەڕێوەبەر و مامۆستا پییان وتم کە دەستیان کردوە بەو کارە و قوتابیەکانیش بەلایانەوە باشە بە تایبەتی لە کۆیە.

ئەم چاکسازییە هیچ پێویستی بەوە نیە وەک نموونە لە چەند قوتابخانەیەکدا بەکاربهێنرێت، چونکە دەیان ساڵە لە وڵاتە پیشکەوتوەکانی دنیادا بەکاردەهێنرێت و ئەنجامە باشەکانیشی

دیارن. نموونە وەرگرتن کاتێک دەکرێت کە مرۆڤ نەزانێت دەرئەنجامی کارەکان چۆندەبێت. واتە کاتێک شک و گومان لە پرۆسەیەکدا هەبێت پێویستت بە تاقیکردنەوە دەبێت. ئەگەر نا، پێویست ناکات کات لە دەست بدەیت.

ئەو چاکسازیانەی کراون لە مێژووی سیستەمی فێرکاری کوردستاندا زۆر گەورەن، لەهەمانکاتدا ئەو چاکسازییانەی کە ماون زۆر پێویستە بە ئازایانە و بێترس بکرێن و بەئەنجام بگەیەندرێن، لە پێناوی بەرهەمهێنانی سیستەمێکی فێرکاری دیموکراتی مرۆڤدۆستدا کە تێیدا کوردستانیان مرۆڤی سەربەست و پێشکەوتنخوازبن.

بێگومانم، لەکاتی بەئەنجامگەیاندنی ڕیفۆرمەکاندا، کێشە دروستدەبێت لە هەندێک شوێندا. بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتیەوە، یا ئابوورییەوە ڕیفۆرمەکان سست دەچنە پێشەوە. لە هەندێ شوێنی تریشدا لافاوی ڕیفۆرمەکان بەفەرمانی مێژوو کێشەکان چارەسەر دەکات. ئەوەتا لە ئامێدی هەموو قوتابخانەکانی بنەڕەتی و تەنانەت ئامادەییش تێکەڵ کراون و بەسەرکەوتوانەوە ئەو ریفۆرمە جێبەجێکراوە. لە نزیکەوە لە سەرەتای ئەم ساڵدا قسەم لەگەڵ زۆر لە بەڕێوەبەرانی پەروەردە لە شارەکانی دهۆک، هەولێر، کۆیە، رانیە، سلێمانی و کەلار کردووە و شارەزاییم پەیداکردووە لە سەر سەرکەوتویی ریفۆرمەکان. تێگەیشتوم کە خۆشبەختانە پردەکانی گەڕانەوە بۆ دواوە روخاون.

دابونەریت و کلتوور، ئەزەلی نین و وەک هەموو شتێکی تر لە گۆڕاندان. پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە کوردستاندا ئێستا زۆر



جیاوازن وەک لە 25 ساڵ لەمەوبەر. من 26 ساڵە دوورم لە کوردستان، بەئاشکرا دەبینم کە کوردستان ئەو وڵاتە نیە کە من بەجێمهێشت. پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان جیاوازن، ئێستا بە هۆی گلوپالیزمەوە کوردستانییان بە ئاسانی ئەتوانن پەیوەندییان بە جیهانەوە هەبێت و ئاگایان لە گۆڕانکاریەکان بێت، هەر بۆیە گرنگە سیستەمی نوێی فێرکاریمان گۆڕانکاری بنەڕەتی تێدا بکەین بۆ ئەوەی تاکی کوردستانیش وەک هەموو مرۆڤێکی تری ئەم سەردەمە لەناو سیستەمێکی پێشکەوتوی دیموکراتیدا بە حەز و ئاواتەکانی خۆی بگات.

من پێموانیە، کچێک یا کوڕێکی کوردستان ئاستی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی کەمتر بێت لە کچێکی یا کوڕێکی ئەوروپا. تەنیا جیاوازی ئەوەیە کە ئەوروپیەک کەش و هەوایەکی لەباری بۆ ڕەخساوە لە سایەی سیستەمێکی دیموکراتیدا بۆ ئەوەی بە ئاسانی بەحەز و ئاواتەکانی خۆی بگات. هەر ئەو کچ و کوڕانەی کوردستانن کە دێنە ئەوروپا دەبنە خاوەنی بڕوانامەی بەرز و لە زانکۆکانی ئەوروپادا وانە دەڵێنەوە، هەندێکیان بۆیان دەرەخسێت بێنەوە کوردستان و کاربکەن، هەندێکیان بەهۆی کاری تایبەتی خۆیانەوە گەڕانەوەیان دوادەخەن، ئەمەش بەشێکی گرنگە لە سەربەستی تاکەکەس و بەرپرسیاری وەرگرتن.

لەیەکەم وتارم لە کتێبی یەکەممدا، نوسیومە کە زانست هەروەک سەربەستی وایە ، دەسەندرێت، نادرێت. واتە ئەرکی قوتابی ئەوەیە زانستی بسەنێت، ئەرکی مامۆستاش ئەوەیە کەش و هەوایەکی زانستی دروستبکات بۆ ئەوەی قوتابی سەرکەوتوبێت. مامۆستا زانست ناخاتە مێشکی قوتابیەوە. مامۆستا ڕێگەخۆشکەرە لەبەردەم تێگەیشتنی قوتابیاندا لە پێناوی

گەیشتن بە ئامانجەکانیان. ئەگەر نا، کەواتە لە هەموو سەرنەکەوتنی قوتابیەک مامۆستا تاوانبارە و نەیتوانیوە زانست بخاتە مێشکی قوتابیەکانەوە. مامۆستا کەش وهەوایەکی زانستی دروستدەکات و هەندێ قوتابی سوودی لێوەردەگرن، هەندێک کەمتر. هیچ مامۆستایەک ناتوانێت شتێک فێری قوتابیەکەی بکات ئەگەر قوتابیەک دەرگای فێربوونی مێشکی ئاوەڵا نەکرد بێت بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری. ئەم بۆچوونە تازە نیە و دەیان ساڵە لە ئەوروپای ڕۆژئاوا کاری پێدەکرێت و هۆیەکیشە بۆئەوەی ڕۆژئاوا لە مافی مرۆڤ و ئاستی زانستدا لە پێش ڕۆژهەڵاتەوە بێت.

قوتابخانەی ساڵی 2008 وەک حوجرەی پەنجاکان نیە، مامۆستا زانست بدات و قوتابیش پاسیڤ و گوێڕایەڵ. ئێمە دەبێت گۆڕانکاری لە دیدماندا بۆ مرۆڤ بکەین کە سەربەستی تاکەکەس ئامانجی بێت، ئێمە دەبێت باوەڕمان بە هێزی وەرگرتنی زانست هەبێت کە قوتابی چالاک و ناوەند بێت. خاوەن بڕواو کەسایەتی خۆی بێت.

من گومانم لەوە نیە، لەگەڵ بوونی دەیان گیروگرفت، پرۆسەی فێرکاری لەکوردستاندا دواڕۆژێکی ڕووناکی هەیە و بەهەوڵ و تێکۆشانی کوردستانیان، لەهەر کوێ بن، نەوەی داهاتوومان سەربەخۆتر و بەتواناتر دەبن و ژیانێکی ئاسوودە تریان لە ژێر ئاڵای شەکاوەکەی کوردستاندا دەبێت.



## کەمکردنەوەی کاریگەری ئەزمون و تاقیکردنەوەکان

لە کوردستان گرنگییەکی زۆر دەدرێت بە سیستەمی ئەزمون و تاقیکردنەوەکان بە شێوەیەک کە ئەگەر قوتابییەک تەنیا لە یەک وانەش دەرنەچوبێت، پاش تاقیکردنەوەکانی دەوری دوو، ئەوە قوتابییەکە لە پۆلەکەیدا دەمێنێتەوە و دەرناچێت بۆ پۆلێکی بەرزتر. ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە و قوتابی سارد دەکاتەوە لە خوێندن و دەیترسێنێت لە تاقیکردنەوە و لە زۆر کاتدا وای لێدەکات واز لە خوێندن بێنێت.

قوتابی هەیە کە لە هەموو وانەکاندا بەهرەیەکی باشی هەیە بەڵام لە وانەیەک یا دووان کێشەی هەیە، بۆ نمونە بیرکاری، ئەم هۆیە وای لێدەکات کە سەرکەوتوو نەبێت لە خوێندنەکەیدا. لە کۆتایی ڕێگادا قوتابییەکە سەرکەوتوو نابێت لە خوێندنەکەیدا و نەتەوەکەشی زەرەرمەند دەبێت.

قوتابییەک کە لە وانەیەکدا دەرچوو ئیتر پێویست ناکات بیخوێنێتەوە جارێکی تر. بەلام لە کوردستان کە قوتابییەک لە یەک وانە کەوت ئیتر ساڵی داهاتوو ناچار دەکرێت کە هەموو وانەکان بخوێنێتەوە لەگەڵ ئەوەی کە ئەنجامی باشیشی هەبوە ساڵی پێشوو . بۆ نمونە لە تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی نۆی بنەڕەتی یا دوانزەی ئامادەیی ئەگەر قوتابی دەرنەچوو لە نیوەی وانەکاندا ئەوە دەبێت ساڵی داهاتوو هەموو وانەکان بخوێنیتەوە. ئەوەش هەڵەیەکی گەورەیە و گرنگی پێدانێکی زەرەرمەندانەیە بە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان کە وای لە منداڵانی کوردستان

کردووە کە ترسێکی گەورە لە دڵیاندا هەبێت بەرامبەر تاقیکردنەوە و خوێندن. ئەم هەڵەیە هۆیەکە لە هۆکانی کێشەی بونی زۆری نەخوێندەواری لە کوردستان. کەمکردنەوەی کاریگەری تاقیکردنەوەکان دەبێتە هۆیەک بۆ کەمکردنەوەی نەخوێندەواری لە کوردستان. هەر بۆیە ریفۆرمکردن لە بواری تاقیکردنەوەکانندا ئەرکێکی نیشتیمانیە.

جیاوازی سیستەمی ئەزمون و تاقیکردنەوەکان، دەرچون و دەرنەچون، مانەوە و نەمانەوە لە پۆلێکدا لە نێوان کوردستان و سیستەمی دیموکراتی فێرکاریدا زۆر گەورەیە. هەروا ئاسان نیە مرۆڤ بتوانێت بە وتارێک هەموو لایەنەکان بەسەر بکاتەوە و هەموو ئەو بیرکردنەوانە شیبکاتەوە کە جیاوازیەکەی وا گەورەکردووە.

بۆ ئەوەی بە خێرایی بەراوردێک لە سەر جیاوازی سیستەمەکان بکەم، وڵاتی سوید بە نموونە دەهێنمەوە. لە سوید نمرە لە پۆلی هەشتی قۆناغی بنەڕەتیەوە دادەنرێت، واتە قوتابی تا پۆلی هەشت نمرە وەرناگرێت. بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی قوتابی دەکرێت لە هەموو پۆلەکاندا لە لایەن مامۆستاکانیەوە و لە دیداری گەشەدا بە وردی وانە بە وانە قسەی لەسەر دەکرێت.

لە سوید مانەوە و نەمانەوە لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەییدا نیە. واتە قوتابیەک یا خوێندکاریکی ئامادەیی ئەگەر لە چوار وانەشدا دەرنەچووبێت هەر بۆی هەیە بچێتە پۆلێکی بەرزتر و لە پۆلە کۆنەکەیدا نەمێنیتەوە. بەڵام لەو کاتەدا ئەو خوێندکارە پێویستی بە



یارمەتی زیاتر دەبێت، زۆرجار خوێندکارەکە و دایک و باوکی داوا لە قوتابخانە دەکەن کە لە پۆلەکەی خۆیدا ساڵێکی تریش بمێنێتەوە بۆ ئەوەی یارمەتی زیاتر وەربگریت و ئەنجامەکانی باشتر بێت لە پۆلەکانی داهاتودا. هەندێک جار مامۆستای پۆل یا بەڕێوەبەری قوتابخانە پێشنیاری ئەوە دەکەن کە قوتابیەکە ساڵێکی تریش لە پۆلەکەی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بەهێزتر بێت لە وانەکانیدا.

لێرەدا دەبینین کە سیستەمی خوێندن و پەروەردەی سویدی جیاوازی زۆرە لە سیستەمەکەی کوردستان. قوتابی لە سیستەمە سویدیەکەدا ناوەندە، مافی زۆرە، سەربەستی زۆرە، گوێلێگیراو و ڕێزلێگیراوە. پیرۆزی سەربەستی تاکەکەس هەموو سیستەمەکەی گرتۆتەوە. مانەوە و نەمانەوە لە پۆلەکاندا پەیوەندی زیاتر بە بڕیاری قوتابیەوە هەیە وەک لە بڕیاری قوتابخانە و مامۆستا. قوتابی مافی ڤیتۆی هەیە لە بڕیاری مانەوەی لە پۆلێکدا. واتە ئەگەر قوتابی و دایک و باوکی بڵێن لەگەڵ ئەوەی کە قوتابیەکە سەرنەکەوتووە لە پێنج وانەدا بەڵام هەر دەیەوێت لەگەڵ هاوڕێکانیدا بچێتە پۆلێکی بەرزتر. لەوکاتەدا قوتابخانە بۆی نیە ڕێگربێت و دەبێت قوتابیەکە لەگەڵ هاوڕێکانیدا بچێتە پۆلە بەرزەکەوە.

کاتێک کە قوتابی لە پۆلی هەشتی قۆناغی بنەڕەتی بۆ یەکەمجار نمرە وەردەگرێت، نمرەکانی ئەنجامی ئەو کارانەیە کە کردویەتی لەگەڵ ئەنجامی ئەزمونەکانی. ئەزمونەکانیش مامۆستا بڕیار دەدات چەند ئەزمون بێت. واتە مامۆستای وا هەیە لە هەموو ساڵی خوێندنەکەدا بۆ نموونە لەوانەی بیرکاریدا دوو ئەزمونی هەیە، مامۆستای تریش هەیە پێنج ئەزمونی هەیە. ئەزموون و

تاقیکردنەوەکان ناوەندی نین و بە بڕیاری سەرەوە نەهاتوون، بەڵکو لە قوتابخانەکەدا مامۆستا بڕیار دەدات. ئەزمونەکان و تاقیکردنەوەکان ئامرازی کۆنترۆڵکردن نین، بەڵکو بە شێکن لە ئامرازی هەڵسەنگاندنی ئاستی زانیاری قوتابی. مەبەستەکەش مانەوە و نەمانەوە لە پۆلێکدا نیە بەڵکو دەستنیشانکردنی ئاستی زانستیەکەیە، لەگەڵ دەستنیشانکردنی یارمەتی تایبەتی و زیاتر ئەگەر پێویست بێت.

لە ئەزمونەکاندا دەرچون و دەرنەچون هەیە بەڵام تەنیا بە چوار وشە، چوار قۆناغ دیاری دەکرێت. واتە وەک کوردستان نیە کە بە نمرەی یەک تا سەد دیاری دەکرێت و ئەوەی لە سەرو پەنجاوە بێت دەرچووە. لە سوید چوار قۆناغە کە بریتیە لە دەرنەچوون، دەرچوون، باش دەرچوون و زۆرباش دەرچوون.

چۆنیەتی گەیشتن بە ئەنجامی ڕێژەی کۆتایی نمرەکان پەیوەندی بەوەوە هەیە کە قوتابیەکە چەند چالاک بووە، چەند کاری بەتەنیا کردووە و چەند ئەزموونی نوسیوە، چەند کاری بەگروپی کردوە... هتد. بۆ نموونە ئەنجامی وانەی بیرکاری پۆلی هەشت بریتیە لە سەرجەم ئەو کارانەی لە سەرەوە نوسیومە. ئەنجامی وانەی بیرکاری پۆلی نۆ بریتیە لە ئەنجامەکانی پۆلی هەشت و نۆ بەیەکەوە.

لە ئامادەییدا نزیکەی 30 وانە هەیە بۆ هەر سێ پۆلەکە واتە پۆلی دە، یانزە و دوانزە (پۆلی چوار و پێنج و شەشی ئامادەیی). هەندێک لە وانەکان لە پۆلی دەدا دەخوێندرێن و بەکۆرسێک تەواو دەبن، هەندێک لەوانەکان بە سێ کۆرس تەواو دەبن، واتە هەموو پۆلی دەو نیوەی پۆلی یانزە. هەندێک لە وانەکان هەر لە



پۆلی یانزە یا دوانزە دەخوێندرێن. کەی کۆرسی وانەکە تەواو بوو ڕێژەی کۆتایی نمرەکەش دەستنیشاندەکرێت. وانەی وایە ئەزموون و تاقیکردنەوەی زۆرە، وانەی تریش هەیە کە لەوانەیە بە درێژایی وانەکە تاقیکردنەوەی نەبێت یا یەک تاقیکردنەوەی هەبێت. لە کۆبونەوەی دیداری گەشەدا لە گەڵ قوتابی و دایک و باوکیدا قسە لەسەر ئەوەدەکرێت کە قوتابیەکە لە چ ئاستێکدایە و ئایا نزیکە لە دەرنەچوونەوە، لەو کاتەدا قوتابیەکە و قوتابخانە چیبکەن بۆ ئەوەی ئاستی زانستی قوتابیەکە بۆ دەرچوون بەرز بێتەوە. واتە دەرنەچوون و دەرچوون هەیە، بەڵام مانەوە و نەمانەوە لە پۆلێکدا نیە.

بۆ وەرگرتنی ڕێژەی کۆتایی نمرەکان قوتابی لە قۆناغی ئامادەییدا ئەنجامی هەموو نمرەکانی ئەو 30 وانەیە وەردەگیرێت کە قوتابی لەهەر سێ پۆلەکەی ئامادەییدا خوێندویەتی، واتە ئەنجامەکانی پۆلی دەو یانزە بە هەمان شێوەی ئەنجامەکانی پۆلی دوانزە گرنگن. جیاوازی لە نێوان ئەنجامی نمرەی پۆلەکاندا ناکرێت. ئەنجامی وانەیەک کە قوتابی لە پۆلی دەدا خوێندویەتی هەمان گرنگی هەیە وەک وانەیەک لە پۆلی دوانزەدا. واتە هەموو قۆناغی ئامادەیی بەیەکەوە دەستنیشانی ئەنجامی کۆتایی دەکات نەک وەک لە کوردستان هەیە، ئەویش تاقیکردنەوەکانی پۆلی شەشی ئامادەییە کە خۆئامادەکردن بۆی وەک خۆئامادەکردن بۆ بەرەی جەنگە، ئەنجامەکانی بڕیاری چارەنوسسازە لە سەر پاشەڕۆژی قوتابی کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە کە نەوە لە دوای نەوە لە کوردستاندا بۆتە دیل و قوربانی. لە سوید تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە هیچ قۆناغێکدا نیە.

ئەزمون و تاقیکردنەوەکان لە کوردستان ناوەندین، تەنانەت بەشی تایبەتی بۆ ئەزمونەکان هەیە، لەوێدا هەموو بڕیارە گرنگەکان دەدرێت. لەسەرەوە دەستنیشاندەکرێت کە قوتابیەک لە پۆلی هەشتدا چەند تاقیکردنەوەی هەبێت، چۆن ئەنجامەکانی دیاری بکرێت، زۆر بە وردی هەموو بڕیارەکان لە سەرەوە دراون و مامۆستا و بەڕێوەبەریش هیچ دەسەڵات و سەربەستیەکیان نیە کە ڕێگەیان پێبدات کە لەو بڕیارانە لابدەن. هەموو سیستەمەکە جۆرێک لە سیستەمی کۆیلایەتی پێوە دیارە کە لە کۆتاییدا قوتابی زەرەرمەندی یەکەمە و کۆمەڵگاش لە بری مرۆڤی سەربەست کۆمەڵێک خاوەن بڕوانامەی بێسەربەستی تاکەکەسی پێدەبەخشرێت. سیستەمی سوید بە پێچەوانەی تەواوی سیستەمەکەی کوردستانە.

کۆنگرەی پەروەردە چارەسەری بەشێکی گرنگی گرفتەکانی کرد هەروەها بەشێک ڕیفۆرمی تر بەڕێوەن کە پێویستە زوو بەئەنجام بگەیەندرێن.

بەڵام ڕیفۆرمی سەرەکی هێشتا هەر ماوە و زۆر گرنگە کە بەئەنجام بگەیەندرێت. ئەویش بریتیە لە ئازادی و سەربەستی مامۆستا لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی چۆن و چەند ئەزموون و تاقیکردنەوەی هەبێت لەوانەکانیدا. واتە بەناناوەندی (لامەرکەزی) کردنی سیستەمی ئەزموون و تاقیکردنەوەکان لە کوردستاندا. لەو کاتەدا مامۆستا خاوەن دەسەڵات دەبێت و بڕیاردەدات بەکام شێواز هەڵسەنگاندنی ئاستی زانستی قوتابیەکانی بکات، یەکێک لەوانە تاقیکردنەوەیە کە مامۆستا خۆی بڕیاردەدات ژمارەیان چەند بێت و کەی بکرێن.



لە کوردستاندا ئێستا تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ نەماوە ئەمەش هەنگاوێکی زۆرباشە، بەڵام پێویستی بەتەواوکردن هەیە. قوتابیەک ئەگەر لەماوەی یەک ساڵدا پیشانی مامۆستاکەی دابێت کە ئاستی زانستی چەندە و چۆن کاری کردوە، بە تەنیا و بە گروپ، ئیتر چ پێویستی بەوە هەیە کە تاقیکردنەوەی سەری ساڵی هەبێت. لەلایەکی ترەوە مامۆستایەک لە ماوەی یەک ساڵدا قوتابیەکی هەبێت کە بەدەیان شێوە ئاستی زانستی قوتابیەکەی هەڵسەنگاندبێت، ئیتر چ پێویستی بەوە هەیە کە لەکۆتایی ساڵیشدا تاقیکردنەوەی سەری ساڵی بۆ بکات.

بەبۆچوونی من گرنگە کە ئیتر لە کوردستان بیر لەوە بکرێتەوە کە تاقیکردنەوەی سەری ساڵیش لابرێت و لەبری ئەوە سەیری ئەنجامی هەموو تاقیکردنەوەکان و کارەکان و چالاکی قوتابی بکرێت و بەوەش کۆی نمرەی کۆتایی بۆ دابنرێت. ئەم سیستەمە بۆ نموونە لەسوید زۆر سەرکەوتوانە بەکاردەهێنرێت.

ئەزمون و تاقیکردنەوەکان لە سیستەمی فێرکاری کوردستاندا ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان دراوەتێ. ترسێکی زۆر گەورەیان لەدڵی قوتابیدا دروستکردوە. بەشێکی گەورەیە لە سەرکوتکردنی قوتابی، بێدەنگکردنی و ناچارکردنی بۆ وازهێنان لە خوێندن. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە لە گەورەیی ڕۆڵی ئەزمون و تاقیکردنەوەکان کەمبکرێتەوە بۆ ئەوەی:

1. زەبروزەنگی دەروونی لەسەر قوتابی کەمبێتەوە.
2. وازهێنان لە خوێندن کەمبێتەوە.
3. سیستەمی خوێندن بکرێتە سیستەمێکی نەرم و مرۆڤدۆست.
4. خۆشەویستی و ڕێز بۆ زانست و زانیاری لای قوتابی زیادبێت.

# نمرەی سلوک و مافی هەڵبژاردن

کچە شاعیر و دەنگخۆشی سویدی، ئێڤا دالگرێن، دەڵێت: "بەردیش کەرامەتی خۆی هەیە". مامۆستا شێرزاد حەسەن، لە وڵاتێکی تر و لە کاتێکی تردا، بەبێ ئاگا لە ئێڤا دەڵێت: "گەر هۆش و ئارەزوو هەستت هەبێت، بەردیش ڕۆحێکی شاراوەی تێدایە".

ئەم وتە بە نرخانەی ئێڤا و شێرە، بەشێکن لە تێکەڵ بوونی ڕۆحیان، ڕۆحی دوو مرۆڤی مرۆڤدۆست، کە دوورن لە یەکتر و یەک ناناسن. بۆ من ئەم تێکەڵاوییە، بەرزی بەهابنەماییەکانی مرۆڤ دەردەخات، کە مرۆڤ هەر مرۆڤە لە هەر کوێ بێت. بەهاش هەر بەهایە لە هەر کۆمەڵگایەک بێت. سەربەستی تاکەکەس، هەر سەربەستیە بەبێ گوێدانە دابونەریت و کلتور. هەر بۆیە بەهابنەماییەکانی قوتابخانەکانی سوید بەبێ دڵەڕاوکێ و دوو دڵی دەکرێت لە قوتابخانەکانی کوردستاندا ببنە بەردی بناغەی سیستەمێکی دیموکراتی و منداڵەکانمانی پێگۆشبکەین.

ئاخر یەکسانی ژن و پیاو، بەرابەری نرخی مرۆڤەکان هەر یەکشتن ئەگەر وەک شێرە وتەنی: "هۆش و هەست و ئارەزوت هەبێت". زۆر ڕاستە مرۆڤ ئەگەر ویستی هەبوو هیچ شتێک مەحاڵ نیە. منداڵێکی کوردی شاری سلێمانی یا هەولێر، توانای بیر و هێزی داهێنانی لە منداڵێکی ستۆکهۆڵم کەمتر نیە، جیاوازیەکە ئەوەندەیە کە گەورەسالانی سوید هێزی داهێنان لە منداڵە سویدیەکە زیاد دەکەن و کەش و هەوای زانستی دەخولقێنن تا توانای فیکری تیایدا گەشە بکات. گەورە سالانی کوردستانیش هێزی داهێنان لە منداڵە کوردەکەدا دەکوژن و



توانای فیکری بە وشەی بێدەنگبە، عەیبە و تەریقنابیتەوە لاواز دەکەن.

من سەرسام نیم بەوەی تا ئێستا لە کورددا پسپۆڕی ناسراوی جیهانیمان نیە. هۆکەشی ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە 40 ملیۆن مرۆڤدا یەکێکی تیانیە کە مێشکی کراوە بێت، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سیستەمی پەروەردەمان سیستەمێکی دیکتاتۆری سەرکوتکەر بووە پڕ بە مێژووی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان. ئێستاش کە دەستکراوە بە ڕیفۆرمکردنی سیستەمەکە، لە بەر نقومبونی خۆمان لە سیستەمە کۆنەکەدا، بەرپەرچدانەوە و دژایەتی زیاتر فریای کراوەیی و وەرگرتنی شتی نوێ ناکەوین.

منداڵی کورد لە تەمەنی شەش ساڵیدا لە پۆلی یەکی بنەڕەتیدا، بەرامبەر مامۆستا ڕۆژی پێنج وانە دادەنرێت، هەر وانەی کۆمەڵێک خولەکی زۆر دەبێت بێدەنگ بێت، نەجوڵێت، ئاقڵ بێت، بەقسەی مامۆستا بکات، بەفەرمان هەستێت، بەفەرمان دانیشێت. ئەم کارەساتە، تەنیا مرۆڤی شەرمن و گوێڕایەڵ لە تەمەنی منالیدا دروستدەکات. کە گەورە بوو مرۆڤی دڵڕەق و پڕتۆڵە و زەبروزەنگی لێدەردەچێت. لە زۆر کاتدا، هەلی بۆ هەڵبکەوێ لە مامۆستاکەی هەڵدەگەڕێتەوە چونکە داخی سەرکوتکردنی زیاتر لە دەساڵی لەدڵدایە، ئەگەر کوڕ بوو، کە ژنی هێنا، لەژنەکەی دەدات، کە منالی هەبوو ئازاری جەستەیی و دەرونی دەدات. ئەگەر کچ بوو، لە زۆرکاتدا گوێڕایەڵی باوک و برا و مێرد دەبێت، بێدەنگ و سەرکز ڕازییە بەو فەرمانەی ناڕەوایانە بە سەریدا دەکرێت.

کێ تاوانباره لە ئازاردانی ژن و منداڵ، لە خۆکوشتنی گەنجەکانمان؟ لە نەبونی یەکسانی و توانای لێخۆشبون؟

بە بۆچونی من سیستەمی پەروەردەی کۆنمان، تاوانباری سەرەکی زۆر تراژیدیای کۆمەڵگای کوردستانە بە هۆی داگیرکردنی کوردستانەوە لە لایەن وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە. وەستان لە چاکسازی لە سیستەمەکە، بەردەوامی ئەو بارودۆخە پڕ ئازارەیە کە ئەمڕۆ کۆمەڵگای کوردستان ژیان تێدا بەسەردەبات. گوێگرتن لە هێزی کۆنخوازی و گەڕانەوە بۆ دواوە بەردەوامی تراژیدیای ئەنجامە خراپەکانی پرۆسەی فێرکاری لێدەکەوێتەوە.

ئازایەتی لە بڕیاردان و پشتگیریکردن لە ڕیفۆرمەکان ئەرکی هەموو پەروەردەکارێکە کە بەتەنگ دواڕۆژی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان بێت.

هەر لەم ڕوانگەیەوە دەنگم بەرزدەکەمەوە و دەڵێم: بێمانایە تا ئێستاش لە کوردستاندا نمرەی سلوک (ڕەوشت) لە قوتابی و خوێندکار دەشکێنرێت. ئەم تێروره بەرامبەر منداڵ و لاوەکانمان دەبێت ئەمڕۆ کۆتایی پێبهێنریت. سبەینێ درەنگە.

سیستەمی کۆنترۆڵکردن و سزادان، نەتەوەی دەروون تەندروست پێناگەیەنێت. ئەو خوێندکارەی بە شکاندنی سلوک سزا دەدرێت، نە خۆشەویستی دەبێت بۆ خوێندگەکەی، نە ڕێزی دەبێت بۆ مامۆستاکەی. باشترین شێوەی چارەسەری کێشەکانی ناو خوێندگەکانمان، قسە لەگەڵ یەکترکردنی مامۆستا و خوێندکارە، گوێگرتن لە یەکترییە، ڕێزگرتنە لە بیروبۆچوون و جیاوازیەکان.



با بپرسین بۆ لە کوردستان قوتابی هەیە زۆر رقی لە مامۆستاکەیەتی؟ بۆ قۆپی دەکات؟ کێ ناچاری قوتابی دەکات ئەو کارانە بکات؟ بۆ لە سیستەمی فێرکاری دیموکراتیدا ئەم دیاردانە زۆر دەگمەنن یا هەر نین؟

بوونی جیاوازی لە بیروبۆچوون و هەڵسوکەوتەکاندا، سەرچاوەیەکی گرنگی هێز و توانای کۆمەڵگا دیموکراتیەکانە. ناچارکردنی قوتابی و خوێندکار بۆ گوێڕایەڵی و سزاوەرگرتن، نامۆن بە سروشتی مرۆڤ کە هەموو کات سەربەستی تاکەکەس دیلەمۆی هەڵسوکەوتەکانیەتی.

قوتابیەک کە سەر پێچیەک دەکات، باشترە لێی بپرسی بۆ ئەو سەر پێچیەی کردوە و گوێ لە دەنگی ناڕەزایی بگریت وەک لەوەی لێی تووڕە بیت و سزای بدەیت. ئاخر شکاندنی نمرەی سلوک، دروستکردنی ڕق و تۆڵەیە لە قوتابیدا. بابپرسین کێن ئەوانەی نمرەی سلوک لە قوتابی دەشکێنن؟ کێ نمرەی سلوک لەوان دەشکێنێت کاتێک لە قوتابی دەدەن، بە قوتابی دەڵێن تەمەڵیت یا ئازاری تری دەروونی قوتابی دەدەن.

مەرج نیە هەموو کات گەورەساڵان لەسەر هەق بن. ڕاست نیە کە مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانە هەموو کات خاوەن دەسەڵات بن و قوتابی و خوێندکاریش بێدەسەڵات و فەرمانپێکراو.

تا پارسەنگی دەسەڵات لە قوتابخانەکانی کوردستاندا بەرامبەر و هاوتا نەبێت، تا مرۆڤەکانی ناو قوتابخانە وەک تاکەکەس سەیر نەکرێن، ڕووداوی دڵتەزێنی وەک قژبڕین و زللەلێدان و شکاندنی نمرەی سلوک لە قوتابخانەکانی کوردستاندا ڕوودەدەن.

ئێستا خۆشبەختانە، پەرلەمانی کوردستان، ڕەزامەندی لەسەر ڕیفۆرمەکانی کۆنگرەی پەروەردە، دەربارەی بەهابنەماییەکان دەربڕیوە، بەڵام بەداخەوە بەهاکان نەچەسپیون و کاریان پێناکرێت لەهەموو قوتابخانە و خوێندگایەکی کوردستاندا.

کارکردن بە بەهاکانی قوتابخانە ئەرکی هەموو کارمەندێکی پەروەردەیە لە پێناوی بنیاتنانی کوردستانێکی ئازاددا کە تیایدا کوردستانیەکان گوێلێگراو و خاوەن دەنگ بن.

گرفتێکی گەورەی تر کە هەمانە لە کوردستان، گرفتی نەدانی مافی هەڵبژاردنە بە قوتابی و خوێندکار. بۆ نمونە لە هەموو قۆناغی بنەڕەتیدا قوتابی بۆی نیە هیچ هەڵبژاردنێک بکات تەنیا لە پۆلی نۆدا نەبێت کە یەک هەڵبژاردن دەکات ئەویش ئەوەیە کە بچێتە بەشی زانستی، ئەدەبی یا ...هتد.

لە سیستەمی فێرکاری دیموکراتیدا، قوتابی و خوێندکار بە بەردەوامی مافی ئەوەیان هەیە کە خۆیان دەستنیشانی زۆر لەو وانانە بکەن کە دەیانەوێت بیخوێنن بۆ نمونە لە ئامادەیی قوتابی بۆی هەیە زیاتر لە دە وانەی خوێندن بە ئارەزوی خۆی هەڵبژێریت لە سێ ساڵەکەی ئامادەییدا.

نەبونی ئەم مافە لە کوردستان سیستەمەکەی لە سیستەمی فێرکاری دیموکراتی دورخستۆتەوە. خوێندکار ناچار دەکرێت زۆر وانە بخوێنێت کە نەیەوێت، یا پێویستی پێنەبێت بۆ بەردەوامی خوێندنی پاشەڕۆژی. بۆ نمونە ئەگەر خوێندکارێک بیەوێت ببێت بە ئەندازیار کەی پێویستی بەوە هەیە وانەی بیولۆجی بخوێنێت؟



لەبەر ئەوەی لە بەشی زانستی خوێندنی ئامادەیی هیچ مافێکی هەڵبژاردن نیە ناچار هەموو خوێندکارەکانی بەشەکە دەبێت وەک یەک هەموو وانەکان بخوێنن بەبێگویدانە ئەوەی کە دەیانەوێت ببن بە ئەندازیار، دکتۆر یا مامۆستای بیرکاری. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئەم بوارەش بەر ریفۆرم بکەویت و سیستەمی خوێندنمان لە کوردستان بەرەو سیستەمێکی دیموکراتی مۆدیرن ببەین کە تیایدا قوتابی خاوەن ماف و دەنگی هەڵبژاردن بن.

# لێدان و دەرخکردن

"من لە ژیانمدا بە ناهەق لە قوتابیم نەداوە!"
ئەمە قسەی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی شاری سلێمانی بوو کە دوای یەکێک لە سیمینارەکانم پێیوتم لەسەرەتای ساڵی 2008 دا. ئەم بەڕێوەبەرە ویستی بەو قسەیەی، بە بۆچوونی خۆی، پشتگیری لە قسەکانی من بکات دەربارەی سەربەستی تاکەکەس و سەرنەکوتنەکردنی قوتابییەکان.

گرفت لەوەدا نیە کە یەک بەڕێوەبەر قسەی وابکات، کێشەکە لەوێدایە کە ئەم بەڕێوەبەرە بە تەنیا نیە. هەزاران بەڕێوەبەر، مامۆستا، دایکوباوک و گەورەساڵان ئێستاش لە کوردستان باوەڕیان وایە کە لێدانی لەسەر هەق و لێدانی لەسەر ناهەق هەیە.

لێدان هەر لێدانە، لەسەر هەق و لەسەر ناهەقی نیە. بە پێی بەندەکانی مافی مرۆڤی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو جۆرێکی لێدان و سەرکوتکردن قەدەغەیە و دژ بە بەهابنەماییە بەرزەکانی مرۆڤایەتیە. ئەوە تەنیا لە کۆمەڵگا تاریکەکانی دنیادایە کە لێدان ئاساییە، بە تایبەتی ئەگەر لەسەر "هەق" بێت.

لێدانی بەندکراوان کە خیانەتیان بەرامبەر یاساکانی وڵات کردبێت. لێدانی منداڵ کە سەرپێچی کردبێت لە فەرمانەکانی دایکوباوک، لێدانی قوتابی کە وانەکەی باش نەزانێ. ئەم لێدانانە هیچ جیاوازی نیە لە لێدان و ئەشکەنجەی لاوێکی کورد لە بەندیخانەکانی ئەوسای بەغدا، هیچ جیاوازیەکی نیە لە



لێدانی پیاوێک لە ژنەکەی لەسەر هەر شتێک بێت. هیچ جیاوازی نیە لەوەی بە سێ منداڵ لە منداڵیکی جەستەلاواز دەدەن.

بەکوردی و بە کورتی، ئەو بەڕێوەبەرە هەڵەیە کە ماف بەخۆی دەدات لە قوتابی بدات، ئیتر لە سەر "هەق" بێت یا ناهەق. ئاخر لێدان و سەرکوتکردن تەنیا لە کۆمەڵگا تۆتالیتار و گەندەڵەکاندا جێگەیان دەبێتەوە، ئەگینا بۆ لە کۆمەڵگای سوید دا نەمبینی ڕۆژێک مامۆستایەک، بەڕێوەبەرێک یا دایکوباوکێک باس لە لێدان بکات یا جۆرێک لە جۆرەکانی لێدانی پێگونجاو بێت.

پێشمەرگەیەکی دێرینی کوردستان، کە لە دوا گەشتی کوردستانمدا بینیم، ئامادە بوو لە ساڵانی پێشمەرگایەتیەکەیدا، خۆی بۆ بیری نەتەوایەتی بەکوشت بدات. پاش ئەوەی کە ساڵانێکی زۆر لە سوید ژیا ئینجا پێیوتم کە لە سوید فێری بیری نەتەوایەتی بوو، لە سوید فێری ئەوە بوو کە وڵاتی کوردستانەکەی خۆی چۆن خۆشبوێت. من هیچ سویدییەکم نەدیوە کە ڕێز لە ئاڵاکەی خۆی نەگرێت، کە وڵاتی سویدی خۆشنەوێت، بەڵام دەیان، بەڵکو زۆر زیاتریش کوردم بینیوە وتویەتی هەر بچوکترین هەلم بۆ هەڵکەوێ کوردستان بەجێدەهێڵم، ئەمە لە کاتێکدایە کە کوشتن، گرتن، تەعریب و تەبعیسی لەسەر نیە. مەبەستمە بڵێم ئەگەر سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات و سیستەمی پەروەردە دیموکراتی بوون، هەموو کەس ئارەزوو دەکات کە لە وڵاتەکەی خۆیدا ئازاد و سەربەست بژی. ئەگەر سیستەمەکانیش ڕەق و دژ بە مرۆڤ بوون ئەوە مرۆڤ ناچار دەبێت لێیان هەڵبێت.

بە بۆچونی من، کێشەی مرۆڤی کورد لەوێدایە، کە سیستەمی پەروەردەمان فێری ئەوەمان ناکات، سەربەستی تاکەکەس چیە،

فێری ئەوەمان ناکات کە پیرۆزی خۆشەویستی کورد و کوردستان لە کوێدایە. ئاخر منداڵێک کە بەزۆر لە تەمەنی دەساڵیدا شیعرێکی شاعیرێکی گەورەی کوردی پێلەبەربکەن کە تێیناگات، ئیتر چۆن ڕقی لە شیعر و شاعیر نابێتەوە. منداڵ لە تەمەنی دە ساڵیدا کەی لە شیعرە بەرزەکانی بێکەس تێدەگات؟ بە زۆر بە قوتابیەکان لەبەردەکرێت کە کەی حاجی قادری کۆیی کۆچی دووایی کردووە و بێکەس کەی لەدایکبووە. ئاخر کەی گرنگە بۆ منداڵێکی دە ساڵ کە ساڵی لەدایکبوونی بێکەس دەرخ بکات، گرنگە منداڵەکە تێبگات کە بێکەس بۆ گیراوە، لە بەندیخانەدا چیوتووە، گەورەیی بێکەس لەوەدا نیە کە کام ساڵ لەدایکبووە، گەورەیی و مەزنی بێکەس لەوەدایە کە چەند خاکی کوردستانی خۆشویستووە.

من کە منداڵ بووم لە پۆلی یەکی ناوەندی ئەوسا، دەیان شیعری عەرەبی جاهیلیان پێلەبەردەکرم کە لە مانای هیچی تێندەگەیشتم، ئێستاش ئەم تراژیدیایە و کارەساتە لە قوتابخانەکانی کوردستاندا بەردەوامە بەڵام لە بری شیعری ئەبوعەلا ئەلمعەری شیعری حاجی قادری کۆیی بە منداڵەکانمان لەبەردەکەین. کێشەی لەبەرکردن و دەرخکردن لە جیاوازی زمانی کوردی و عەرەبیدا نیە، کێشەکە لە خودی پرۆسەی لەبەرکردن و دەرخکردندایە کە بە تەواوی پێچەوانەی پرۆسەی فێربوون و تێگەیشتنە. منداڵ بۆ بە زۆر شیعر لەبەر بکات؟

سیستەمی شێوەی وانە وتنەوە و گەیاندنی زانست لە کوردستاندا، سیستەمێکی کۆنە و دەبێت بەر شاڵاوی ڕیفۆرم بکەوێت. دەبێت واز لەو شێوەیە بهێنین کە مامۆستا بۆی هەبێت بەدرێژایی کاتی وانەکە لەسەر تەختە قسە بکات. مێشکی منداڵێکی دەساڵ هەر



دەتوانێت بیست خولەک کراوە بێت بۆ وەرگرتنی زانست و تێگەیشتن. لە دوای ئەو کاتەوە کەشوهەوا زانستیەکەی پۆل دەبێتە بارێکی قورس لەسەر شانی منداڵەکە و یا لە ترسدا بێدەنگ دەبێت و هیچ فێرنابێت، یا دەکەوێتە قسەکردن و جوڵە و پاشانیش سزا دەدرێت.

یەکێک لە کێشە گەورەکانی تری سیستەمی فێرکاری لە کوردستاندا، فێرنەکردنی قوتابیە کە بە سەلیقەوە کارەکانی بکات، کە بیر لە چۆنایەتی بکاتەوە لەبری چەندایەتی، کە گرنگی بدات بە وردەکاریەکان لە پرۆسەی فێربوون و تێگەیشتندا لە بری لەبەرکردنی فاکتا و دەرخکردنی زانستی. ئەم گرفتەی سیستەمەکە، قوتابی و خوێندکاری ناچارکردووە کە فێری دەیان لاڕێ و فێڵکردن ببێت لە هەوڵدانیدا بۆ بەدەستهێنانی دەرچوون و بڕوانامە، بۆ نموونە قۆپیەکردن لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا. لە ڕاستیدا سیستەمی لەبەرکردنی فاکتا و دەرخکردن، لەبری تێگەیشتن، قوتابی ناچاردەکات قۆپیە بکات بە تایبەتی ئەو قوتابیانەی زانیاری و زانستیان بۆ لەبەرناکرێت.

نموونەیەکی تری دەرئەنجامە خراپەکانی لەبەرکردن بریتیە لە ناچارکردنی قوتابی بۆ لەبەرکردنی داڕشتن (ئینشا). قوتابی بە هۆی ئەوەی فێرنەکراوە سەربەستانە بیربکاتەوە و لەسەر بابەتێک بنوسێت، زیاتر هەر دەرخی پێکراوە، لەبەرئەوە تەنانەت داڕشتنیش لەبەر دەکات کە داڕشتن مانای بیرکردنەوەی سەربەست، داهێنان و سەلیقەیە لە نوسیندا. ئێستاش لە پۆلەکانی کوردستاندا، تەنانەت لە پۆلەکانی حەوتەوە تا دوانزە، قوتابی وا هەیە داڕشتنێک لەبەر دەکات کە بۆ چەندین بابەت و باس ببێت. ئەم ئاستە نزمەی دانەهێنان، مرۆڤی خاوەن بەهرە

دروستناكات، بەڵکو زیاتر مرۆڤێک بەرهەم دەهێنێت کە لاڕێگای فێڵکردن لە سیستەمەکە ئامانجی بێت.

دەرئەنجامێکی تری خراپی سیستەمی فێرکاری کوردستان فێڵککردنە لە تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەشی ئامادەیی. لە دەوری یەکدا وانەیەک یا زیاتر دەهێڵێتەوە بۆ دەوری دوو، بۆ ئەوەی کاتی زیاتر بێت بۆ خۆ ئامادەکردن و بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باشتر. ئەم لاڕێیە سیستەم فێری خوێندکاری کردووە. لەبەرئەوەی هەموو دواڕۆژی لەسەر یەک مانگ وەستاوە، هەر بۆیە فێڵێک لە سیستەمەکە دەکات کە هەموان بە بێدەنگی ڕازین لە سەری.

ئەو سێ نموونەیەی سەرەوە (قۆپیەکردن، داڕشتن لەبەرکردن و خۆهێشتنەوە) خوێندکار فێردەکات کە پاشەڕۆژیش لە ژیانی کارکردنیدا بە شێوەیەکی تر فێڵ لە سیتەمەکە بکات و توانای داهێنان و دەستپێشخەری تیا سست بێت.



## سەربەخۆیی زانکۆکان

لەبەر ئەوەی من ماوەی 27 ساڵە لە سوید دەژیم، نازانم بە تەواوی باری زانکۆکانی کوردستان لە روی کارگوزاری و دەستێوەردانی حیزبیەوە چۆنە. نازانم تا کام ئاست زانکۆکانمان لە کوردستان سەربەخۆن. بەڵام بەهۆی ئەو زانیاریانەی کە لە رۆژنامەکانی کوردستاندا بە هۆی ئینتەرنێتەوە دەستمدەکەوێت، هەستدەکەم کە جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان زانکۆکانی کوردستان و زانکۆکانی سویددا. ئەو جیاوازیانە لێرەدا بە چەند نمونەیەکی کورت تیشکیان دەخەمە سەر.

لە سیستەمی بەڕێوەبردنی زانکۆکاندا لە سوید، تەنیا وەزیری خوێندنی باڵا حیزبییە و سەر بە کوتلەی خاوەن دەسەڵاتی سیاسیە. بەڵام لە دوای وەزیرەوە هیچ کارمەندێکی گەورە یا بچوک بۆی نیە لە ڕێگەی دەسەڵاتی حیزبییەوە کاری وەرگرتبێت. خۆ ئەگەر کارێکی وا بکرێت و بەهۆی مێدیاوە دەربکەوێت، بۆ نموونە سەرۆکی زانکۆیەک بەڕێگەی حیزبێکەوە دانرابێت، ئەوە بەلای کەمەوە دەبێت وەزیری خوێندنی باڵا لەسەر کارەکەی دەربکرێت. دوورنیە کە سەرۆک وەزیران و هەموو حکومەت بکەونە تەنگژەیەکی گەورەوە کە دەبێت حکومەت بگۆڕدرێت. چونکە ئەو کارە لەسەربەخۆیی زانکۆکان کەمدەکاتەوە. لە هەمان کاتدا ژیانی بەدامودەزگایی کارگێڕی دەخاتە مەترسیەوە و بەوەش کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی سیستەمی دیموکراسی بەلادا دێت.

ڕێکخراوی حیزبی بۆی هەیە چالاکی سیاسی یا حیزبی لەناو زانکۆکاندا بکات، بۆ نموونە سیمینارکردن، مێزدانان، بەیان بڵاوکردنەوە، یا ئەندام پەیداکردن بەڵام پاش ئەوەی بەڕەسمی

داوا لە سەرۆکایەتی زانکۆ دەکرێت و مۆڵەت بۆ چالاکیەکە وەردەگیرێت. ئەم کارە ئاساییە و سەربەستی پرۆپاگەندەی حیزبیە کە لەگەڵ سیستەمە دیموکراتیەکەدا یەکدەگرێتەوە. ئەوەی نابێت ڕووبدات ئەوەیە کە حیزبەکان بینا و شوێنی تایبەتیان لە ناو زانکۆدا هەبێت، چونکە زانکۆ جێگای زانست و زانیاری وەرگرتنە و بیناکان دەبێت تەنیا بۆ ئەو مەبەستە بەکاربهێنرێن.

گرنگترین بوار لە سیستەمی خوێندنی زانکۆکاندا، سەربەخۆیی زانکۆکانە. زانکۆ دەبێت سەربەخۆ و سەربەست بێت، دوور لە هەموو دەستێوەردانێکی حیزبییەوە. ئەو کارەش کاتێک دەکرێت کە زانکۆ خاوەن بودجەیەکی سەربەخۆی خۆی بێت، کە بەپێی سیستەمێکی ئابووری دامودەزگایی بەدەستهێنرابێت. بودجەی زانکۆش پەیوەندی ڕاستە و خۆی بەژمارەی خوێندکارەکانەوە هەیە.

ئەم سیستەمە لە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی و بنەڕەتیشدا هەیە. بۆ نموونە لە قوتابخانەکانی مندا ئەو بودجەیەی هەمە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژمارەی خوێندکارەکانمەوە هەیە. بۆ هەر خوێندکارێک نزیکەی 80000 کرۆن وەردەگرم. ئیتر دوای ئەوە بەڕێوەبەری خوێندنگاکانم سەربەخۆن لە چۆنیەتی بەکارهێنانی بودجەکەدا. سەربەخۆیی ئابووری، سەربەخۆیی بڕیاردان بەدوای خۆیدا دەهێنێت و ڕێگە لە دەستێوەردانی حیزبی دەگرێت.

زانکۆکان سەربەستن لەوەی کام بەشانەیان هەبێت، سەربەستن لە وەرگرتنی خوێندکاران، شتێک نیە بە ناوی وەرگرتنی ناوەندیی (قبول مەرکەزی). دەسەڵات بە تەواوی ناناوەندییە. سەرۆکایەتی



زانکۆ لە ڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆوە لەگەڵ مامۆستایان، خوێندکاران و سەندیکاکانەوە بڕیارە گرنگەکان دەدەن بە شیوەیەکی کراوەیی کە هەر هاوڵاتیەک بیەوێت زانیاری دەستبکەوێت دەربارەی بودجە و بڕیارەکان بە ئاسانی دەستی دەکەوێت. زۆر جار لە ڕێگەی ئینەرنێتەوە یا بە تەلەفونێک هەموو زانیاریەکان دەست هاووڵاتیان دەکەوێت.

زانکۆکان لە سوید وەک دەزگایەکی سەربەخۆی زانستی پیرۆز سەیردەکرێن. لادان یا شکاندنی یاساکانی ناو زانکۆ، کارێکە بە مێشکی هیچ سیاسەتمەدارێکی سویددا نایەت چونکە ئەوە بە هێرشێکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر سیستەمی دیموکراتی دادەنرێت و لە کۆتایی ڕێگادا دەبێت ئەو سیاسەتمەدارە واز لە سیاسەت بێنێت.

شورای سەربەخۆی قوتابیان یا خوێندکاران لە زانکۆکاندا هەن. ئەم شورانە سەر بە هیچ حیزبێک نین، تەنیا پیشەیین و بەرگری لە مافی قوتابیان و خوێندکاران دەکەن، یا چالاکی بۆ نمونە زانستی، کلتوری یا وەرزشی ڕێکدەخەن.

زانکۆکان دەزگایەکی هەستیارین، بەشدارن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لایەنێکی کاریگەرن لە دروستکردنی بیروڕای گستیدا. کارمەندە بەرزەکانی زانکۆکان لەبەر ئەوەی بە هێز و توانای زانستی خۆیان گەیشتونەتە ئەو پایە بەرزەی کۆمەڵگا، بە بەردەوام بەشدارن لە بەرنامەی تەلەفزیۆنی و دیباتی ناو ڕۆژنامەکاندا. زۆریان خاوەنی دەیان لێکۆڵینەوە و نوسینی گرنگن کە کاریگەری تەواویان هەیە لەسەر ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگادا.

# دژایەتی ریفۆرمەکان

لە ژێر دروشمی (برەودان بە پەروەردە و فێرکردن برەودانە بە ئایندەی میللەت) ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە رۆژی 3-5-2008 بە مەبەستی خستنەڕوی کەموکوڕیەکانی سیستەمی نوێی پەروەردە کۆبونەوەیەکی سازکرد.

لە رۆژنامەی "رۆژنامە" رۆژی دوایی راپۆرتێک لەسەر کۆبونەوەکە نوسرا. بەشێوەیەکی گشتی بەشداربوان لە قسەکانیاندا سیستەمی نوێی پەروەردەیان بە باش زانیوە، بەڵام هەندێکیان کە دێنە سەر وردەکاریەکانی ریفۆرمەکان بەئاشکرا دژایەتییەکی توندی ریفۆرمەکان دەکەن و رەخنەی بێبنەما دەگرن، لە هەمان کاتدا بە ئاشکرا دەریدەخەن کە لە زۆر لایەنی گەشی سیستەمەکە تێنەگەیشتون و زانیاری پەروەردەییان کەمە دەربارەی پرۆسەی فێرکاری.

یەکێک لە رەخنەکان ئەوەیە کە گوایە گوێ لە بەڕێوەبەر و مامۆستاکان نەگیراوە. ئەم رەخنەیە زۆر بێمانەیە چونکە لە کۆنگرەی پەروەردەدا زیاتر لە 500 پەروەردەکاری کوردستان بەشدار بوو لەگەڵ پسپۆڕانی پەروەردەیی لە وڵاتەکانی هۆڵەندا، نەرویج، دانیمارک، سوید و ئەڵمانیا. لە سێ رۆژدا لەسەر دە تەوەر سیمینار و گفتوگۆی چڕ کرا دەربارەی پێویستی کاری نوێخوازی لە سیستەمە کۆنەکەدا. پێش کۆنگرە هەموو ساڵی 2006 سەدان شارەزای پەروەردەیی لە کوردستان و دەرەوە کاریان دەکرد بۆ ئامادەکردنی بابەتەکانی کۆنگرە. لەگەڵ ئەوەشدا دەوترێت کە کەس پرسی پێنەکراوە!!



بە بۆچوونی من یا ئەوەیە رەخنەگرەکان ئاگایان لەوە نیە کارەکان چۆن کراون یا مەبەست لێرەدا تەنیا دژایەتیکردنی ریفۆرمەکانە. یەکێک لە رەخنەگرەکان بەشدارێکی چالاکی کۆنگرەی پەروەردە بوو لە بەهاری 2007 دا. زۆر سەرسام بوم کە خوێندمەوە ئەو مامۆستایە پاش ساڵێک لە کۆنگرە رەخنە لە سیستەمە نوێیەکە دەگرێت کە خۆی کاری تێداکردووە. مامۆستا دەڵێت "ئەگەر سیستەمی دوو مامۆستایی لە پۆلێکدا جێبەجێبکرێت پێویستە لە هەموو شار و شارۆچکە و گوندەکاندا پەیڕەو بکرێت، ناکرێت لە شوێنێک هەبێت و لە شوێنیک نەبێت". ئەم قسەیەی مامۆستا زۆر هەڵەیە. سیستەمی دوو مامۆستایی تەنیا لەو قوتابخانانەدا پەیڕەو دەکرێت کە مامۆستایان زۆرە. هەرکاتێک مامۆستا وانەی زۆی نەبوو دەتوانێت بچێتە پۆلەوە و یارمەتی مامۆستاکانی هاوڕێی و قوتابیەکان بدات بە تایبەتی کە ژمارەی قوتابیەکان زۆر زۆرە لە پۆلەکاندا. ناکرێت سیستەمی دوو مامۆستایی لە قوتابخانەیەکدا جێبەجێبکرێت کە مامۆستای کەم بێت. ئەم راستیە دەبوایە مامۆستا بیزانیایە بە تایبەتی لە چەندین وتاردا لە "کوردستانی نوێ، هاوڵاتی و رۆژنامە"دا زانیاریم لەسەر نوسیوە.

لە رۆژنامەی "داگێنس نویهێتەر" ی سویدی رۆژی 3-5-2008 وتارێکی تێدایە بە وردی باس لە گرنگی سیستەمی دوو مامۆستایی دەکات و تیشک دەخاتە سەر سودەکانی. باس لەوە دەکرێت کە قوتابی یارمەتی زیاتر وەردەگرێت و مامۆستاکان یارمەتی یەکتر دەدەن. بە هیچ شێوەیەک باس لەوە ناکرێت کە دەبێت سیستەمەکە لە هەموو شوێنێک جێبەجێبکرێت.

کۆنگرەی پەروەردە بە بەشداری نوێنەری هەموو شار و قەزاکانی کوردستان بوو. من لە سەردانی ئەمساڵمدا بۆ کوردستان دە سیمینارم کرد لە شارە جیاوازەکانی کوردستان لە دهۆکەوە تا کەلار. لە هەموو شارێک کۆمەڵێک کارمەندی پەروەردەییم بینی کە بەشداری کۆنگرەیان کردبوو. هەربۆیە سەیرە بەلامەوە کە دەڵێن رای کارمەندانی پەروەردە وەرنەگیراوە.

لە سوید نزیکەی هەر دە ساڵ جارێک ریفۆرمی گەورە لە بواری پەروەردەدا دەکرێت و سیستەمی قوتابخانەکان دەگۆڕدرێت. ئێستا ریفۆرمێکی گەورەی قوتابخانە ئامادەییەکان بەرێوەیە. حکومەتی سویدی مانگی سێی ساڵی 2007 داوای لە یەک پسپۆڕی پەروەردەیی کرد، خاتوو ئەنیتا فۆرم، کە لە ماوەی ساڵێکدا پێشنیاری چاکسازی پێشکەش بە حکومەت و پەرلەمانی سوید بکات.

لە مانگی سێی 2008 دا خاتوو ئەنیتا کارەکەی تەواو کرد و لە بەهاری ساڵی 2009 دا حکومەت و پەرلەمانی سوید بڕیاری لەسەر دەدەن. لە کۆبونەوەیەکدا بۆ بەرێوەبەرانی پەروەردەی ناوچە جیاوازەکانی سوید خاتوو ئەنیتا بە وردی باسی ریفۆرمەکانی بۆ کردین. یەک کەس نەبوو بڵێت پرس بە ئێمە نەکراوە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە نە کۆنگرە گیراو نە 500 کەس کۆکرایەوە. یەک کەس یا یەک وتارم نەخوێندەوە کە رەخنە لە حکومەتی سویدی یا وەزارەتی پەروەردە بگرێت بەوەی کە هەموو کاری ریفۆرمەکەیان دا بە یەک کەس. ئەمە لەبەر ئەوەیە کە سوید 200 ساڵە وڵاتێکی دیموکراتییە و تاکەکانی کۆمەڵ لەوە گەیشتون کە دیموکراتی مانای پرس بە هەموان نییە. دەزانن کە نان بۆ نانەوایە و گۆشت بۆ قەسابە.



سیستەمی دیموکراتی لە وڵاتەکانی ئەوروپای رۆژهەڵاتی بەرەی سۆڤیەتی کۆن بۆ نمونە ئێستلاند، لێتلاند، لیتاون، کرۆواتیا، سلۆڤێنیا، سلۆڤاکیا، بولغاریا و رۆمانیا بە هەمان شێوەی کوردستان بەم هەڵانەدا رۆیشتون کە لە سیستەمی دیموکراتی کال و کرچدا بونی هەیە. هەر بەناوی دیموکراتیەتەوە دژایەتی هەموو ریفۆرمێک دەکرا. بەلام لەبەر ئەوەی لە ناو ئەوروپا بون، زوو خۆیان لەو پاشاگەردانیە رزگار کرد بە تایبەتی وڵاتەکانی باکوری ئەوروپا کە بەچەند ساڵێک هەنگاوی گەورەیان نا بەرەو دیموکراتیەت. لە کوردستان تا ئێستاش بەرێوەبەری قوتابخانە هەیە کە دوژمنی هەموو ریفۆرمێکە لە بواری پەروەردەدا. بۆی هەبێت هەر سیستەمە کۆنەکە وەک خۆی بمێنێتەوە و دەسکاری نەکرێت یا وا دەزانێت لە هەموو ریفۆرمێکدا دەبێت پرسی پێبکرێت، ئەگەر نا، ئەوە هێڵی سوری دیموکراتی بەزاوە.

سیستەمی نوێی پەروەردە پێویستی بەو هەموو ئامادەکاریە نەبوو چونکە سیستەمە کۆنەکە زۆر دواکەوتوو بوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام دەنگ بەرزدەکرێتەوە کە ئامادەکاری بۆ ریفۆرمەکان و جێبەجێکردنیان نەکراوە. زۆربەی ئەوانەی رەخنەدەگرن لە مانای قوڵی ریفۆرمەکان تێنەگەیشتون، ئەگەر نا، بۆ تا ئێستاش دەوترێت ئەم سیستەمە تازەیە پێویستی بە قوتابخانەی گەورە و هۆڵی گەورە هەیە! بۆ باس لەوە دەکرێت کە دەبوایە سیستەمەکە لە چەند قوتابخانەیەک تاقیبکرایەتەوە!

لە سوید ریفۆرمەکانی سیستەمی پەروەردە لە ساڵەکانی 1969، 1980 و 1994 کران. لە ساڵی 2000 دا هەندێک گۆرانکاری تر کرا. وا ئێستاش 2007&2008 ریفۆرمێکی تر دەکرێت. هیچکام لەم

ریفۆرمانە کۆنگرەی بۆ نەگیراوە. بە نیوەی ئەوەی کوردستان ئامادەکاری بۆ نەکراوە. بە دەیەکی ئەوەی کوردستان دژایەتی نەکراوە. لەبەر ئەوەی لە سوید کەس نابێت بە بەرێوەبەری قوتابخانە لە رێگەی حیزبەوە، کەس نابێت بە پسپۆر بە نامەی حیزب. واستە نیە، گەندەڵی نیە. هەموو کەس بەتوانا و لێوەشاوەیی خۆی، بە رەنج و زیرەکی خۆی پۆستەکانی بواری پەروەردە وەردەگرێت. لەو کاتەشدا هەر کەسەو لە بواری خۆیدا قسە دەکات. بەرپرسیانی شارێک یا سەرۆکی شارەوانی شارێک بۆیان نیە کۆبونەوە بە پەروەردەکاران بکەن، وەک پسپۆڕی بواری پەروەردە قسە بکەن و لیژنەی نارەزایی پەروەردەیی دروستبکەن. ئاخر ئەوانە کاری ئەوان نین. پێشمەرگەی دێرین لەسەر سەر و لەسەر چاوان بەڵام بواری پەروەردە پێویستی بە پێشمەرگەی دێرین نیە بەڵکو پێویستی بە پسپۆڕی پەروەردەیی هەیە کە بە لایەنی کەمەوە دەیان ساڵ ئەزمونی کار و خوێندنی لە بواری زانستی پەروەردە و پێداگۆگیدا هەبێت. لە وڵاتیکی پێشکەوتوی دیموکراتیدا هەرگیز سەرپێچی وا رونادات. سیستەمی دامودەزگایی کارگێری کۆمەڵگا رێگرە لەبەردەم کاری وادا.

لە کوردستان زۆر بە ئاسانی هەموو تروسکەیەکی نوێخوازی لە سیستەمی پەروەردەدا، لەبەر هەر هۆیەک بێت، دەدرێتە بەر رەخنەی نەزانی بۆ توانا ساردکردنەوەی ریفۆرمخوازان. ئەگەر نا، کام لێکۆڵینەوەی زانستی پشتگیری لە رەخنەکان دەکات؟ لەبەرامبەر ئەوەدا ریفۆرمەکانی سیستەمی پەروەردە لە ئەنجامی دەیان ساڵی جیبەجێکردنی سیستەمی فێرکاری دیموکراتی ئەوروپای رۆژئاوادا لە کوردستان لە دایک بون. ئیتر کەی پەلە کراوە لە هانینی ئەم سیستەمە نوێیەدا؟ ئەو رەخنەیە تەنیا بێئاگایی لە دنیای دەرەوە دەردەخات.



کوردستان لەبەر ئەوەی لە لایەک بنەماکانی دیموکراتی تێدا نەچەسپیوە و لەلایەک سنووری بە هیچ وڵاتێکی دیموکراتییەوە نیە، هەموو هەوڵەکانی نوێخوازی زۆر بە توندی، لەبەر دەیان هۆی کلتوری، دینی، حیزبی، تەکەتولی ناو یەک حیزب، نەخوێندەواری و نەزانی، تێکدەشکێنرێن یا هەوڵی تێکشکانیان دەدرێت.

ئەگەر نا، ئەنجومەنی شارێک چ پەیوەندی بە ریفۆرمی بواری پەروەردەوە هەیە؟ بەرپسی پۆلیس  یا سەرۆکی شارەوانی شارێک کە مرۆڤی ئیدارین بۆچی دەستوەردەدەنە کاری وەزارەتێکەوە. ئەم بێسەروبەریە تەنیا لە وڵاتە دواکەتووەکانی رۆژهەلاتدا رودەدات یا لە سۆڤیەتی کۆندا روی دەدا کە حیزب و بەرپرسیارانی حیزبی خۆیان بە پسپۆڕ دەزانی لە هەموو بوارێکدا. هەر ئەوە مابوو لە مۆسکۆ بەرپرسە حیزبیەکان بچنە ژووری عەمەلیاتەوە و عەمەلیاتی دڵ بکەن.

بەشدارێکی کۆبونەوەکە دەڵێت بۆ سیستەمی نوێی پەروەردە پێویستیمان بەهۆڵی گەورە هەیە بۆ خوێندن. لەڕاستیدا سەر لەم رەخنەیە دەرناکەم، سیستەمی نوێ پێویستی بە هۆڵی گەورە چیە؟ نەمانی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ پەیوەندی بە هۆڵی گەورەوە چییە؟ نەمانەوەی قوتابی لە پۆلی یەک تا سێی بنەڕەتی پەیوەندی بە هۆڵی گەورەوە چییە؟ لەڕاستیدا هیچ کام لە ریفۆرمەکان پەیوەندی بە گەورە و بچوکی قوتابخانەکان و هۆڵەکانەوە نیە، بۆ نموونە سیستەمی پۆلی یەک بۆ نۆی بنەڕەتی پەیوەندی بەوەوە نیە کە قوتابخانەکە گەورە بێت یا بچوک، دەکرێت لە قوتابخانەیەکی بنەڕەتیدا تەنیا پۆلی یەک بۆ سێی

هەبێت یان تەنیا یەک تا شەش یا دەکرێت پۆلی حەوت تا نۆت هەبێت.

ڕیفۆرمەکانی سیستەمی نوێی پەروەردە لە بواری تاقیکردنەوەدا لە ڕاستیدا شۆڕشن کە سوودی گەورەی دەبێت بۆ داواڕۆژی نەتەوەکەمان. بۆ نموونە بۆچی داواڕۆژی قوتابیەک تاریک بکەین تەنیا لەبەر ئەوەی لەیەک وانەدا دەرنەچووە؟ ڕێژەی وازهێنان لەخوێندن لە کوردستان زۆر بەرزە ئەمەش مەترسی لەسەر داواڕۆژی نەوەی داهاتومان هەیە. هەر لەو ڕوانگەیەوە یارمەتیدان و ڕێگەخۆشکردن بۆ ئەوەی قوتابیان داخڵی بەکالۆری بکرێن کارێکی زۆر بەجێیە. لە ڕاستیدا هەر بیروبۆچوونی داخڵکردن و داخڵنەکردنی قوتابی لە بناغەدا هەڵەیە. چۆن دەبێت ڕێگە لە قوتابی بگیرێت کە نەچێتە تاقیکردنەوەی بەکالۆریەوە. یا ئایا بوونی تاقیکردنەوەی بەکالۆری نۆی بنەڕەتی شتێکی ڕاستە؟

من بەڕاستی سەرسام بووم بەوەی کە بەرپرسێکی گەورەی شاری سلێمانی دەڵێت "داخڵکردنی خوێندکاری پۆلی سێی ناوەندی لە تاقیکردنەوەی بەکالۆری  بە بێ تاقیکردنەوە خوێندکار لە خوێندن ساردەکاتەوە."

ئەگەر خوێندکارێک داخڵی بەکالۆری نەکرێت دەبێت لە ماڵەوە دانیشێت و وانەکانی نەخوێنێت. ئەگەر داخڵکرا دەبێت وانەکانی بخوێنێت و هەلێکی بۆ دەڕەخسێت کە پلەی باش بەدەستبهێنێت. باشە دەرنەچوون و دانیشتن لە ماڵەوە باشە یا داخڵبون و وانەخوێندن و هەلی دەرچون؟؟ لە وڵاتێکی وەک سوید مانەوە لە هیچ پۆلێکدا نیە. کەسیش بەوە سەرسام نیە. وڵاتەکەش یەکێکە لە وڵاتە پێشکەوتوەکانی دنیا.



گرفت لە کوردستان ئەوەیە کە مرۆڤ هەریەک شانسی دەدرێتێ، گەر بەهەر هۆیەک ئەو چانسەی لەدەستدا ئیتر چانسی تر وەرناگرێت. بۆ نموونە ئەگەر خوێندکارێک لە تاقیکردنەوەی بەکالۆری نمرەی بەرزی نەهێنا ئیتر ناتوانێت بچێتە کۆلیژێکی باش. دەرگاکان دادەخرێن و چانسی تر وەرناگرێت. ئەمە کارێکی زۆر خراپە. بەپێچەوانەوە ئەو بڕیارەی کەدراوە بۆ داخڵکردنی بەکالۆری قوتابیانی بنەڕەتی، بڕیارێکی ڕاستە چونکە چانسێکی تر دەدات بە قوتابیان. هەلێکیان بۆ دەڕەخسێنێت کە لەسەر خوێندن بەردەوام بن.

بەرپرسەکە دەڵێت "بڕواناکەم ئامادەکاری کرابێت بۆ جێبەجێکردنی سیستەمە نوێیەکە". بە بۆچوونی من پارێزگاری سلێمانی بەهەڵەدا چووە. هەندێک لەڕیفۆرمەکان پێویستی بەئامادەکاری نیە، دەبوایە زۆر زووتر ئەو ڕیفۆرمانە بکرانایە و جێبەجێبکرانایە. دەبوایە لە ساڵی 1991 وە دەست بەو کارە بکرایە. ڕیفۆرمەکان درەنگ کەوتن. تەنانەت کۆنگرەی پەروەردە درەنگ کەوت. دەرچوون و دەرنەچوون لە پۆلەکانی یەک تا سێی بنەڕەتی پێویستی بەکام ئامادەکاری هەیە؟ لابردنی تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەشی بنەڕەتی ئامادەکاری بۆ چیە؟ ئایا ئەمە ترس نیە لە ڕیفۆرم؟ لە گۆڕانکاریەکان؟ لە ساڵی 1991 وە تا ساڵی 2007 حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پەروەردەمان هەبوو بەڵام یەک ڕیفۆرم نەکرا کە کاریگەری هەبێت لە سەر داواڕۆژی پرۆسەی فێرکاری لە کوردستاندا. ئێستا پاش ئەوەی ئەو هەموو ئامادەکاریە کرا بۆ گۆڕینی سیستەمەکە و حکومەتی هەرێم و پەرلەمان ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی پەروەردەیان پەسەند کردوە، تازە لە شاری سلێمانی لیژنە

دروستدەکرێت بۆ کۆکردنەوەی ڕەخنە و پێشنیارەکان! ئەم کارە گەڕانەوەی ڕەوڕەوەی مێژووە بۆ دواوە و هەوڵێکە بۆ تێکدانی ڕیفۆرمەکان.

سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا زۆر دواکەوتو بوو، ئێستا بەو ڕیفۆرمانە بەرەوپێشەوە چووە و ئەنجامە پۆزەتیڤەکانی لە ماوەی چەند ساڵێکدا دەردەکەون. ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوەیە کە لە لایەک پشتگیری لە ڕیفۆرمەکان بکرێت و لەلایەک داوای ڕیفۆرمی تر بکرێت بۆ ئەوەی سیستەمی فێرکاری کوردستان ببێتە سیستەمێکی دیموکراتی مرۆڤدۆست کە تیایدا منداڵەکانمان بەخۆشیەوە بەرەوڕووی خوێندن بچن، نەک پشتی تێبکەن و وازبهێنن.

من تێناگەم، چۆن تا ئێستاش لە کوردستاندا کەسانێک هەن کە بڕوایان وایە پەلە لە ڕیفۆرمەکانی سیستەمی پەروەردە دا کراوە، ئایا ئەو بەڕێزانە نازانن کە ڕێژەی دەرچوون لە ساڵی خوێندنی 2004 – 2005 دا لەدەوری یەکەمی تاقیکردنەوەی شەشی ئامادەییدا لە شارەکانی کوردستاندا، بەگشتی نزیکەی 10% بوو؟ واتە هەر لە 10 قوتابی 1 قوتابی دەرچوو بوو. باشە دوای ئەو ئەنجامە خراپە چاوەڕیی چیبکرایە؟ بۆ ئەم ترسە گەورەیە لە ڕیفۆرم؟ من باوەڕم وایە پەلە نەکراوە لەم کارەدا، بەڵکو دەبوایە پەلەی تیابکرایە و هەر زوو کە دەسەڵات کەوتە دەست کوردەوە یەکەم بوار کەبەر ڕیفۆرم بکەوتایە سیستەمی پەروەردە بوایە ئەو کارە نەکرا تا ساڵی 2007 ، کەچی هێشاش دەوترێت پەلەکراوە! ئەم خەمساردییە تا کەی؟

بەکورتی و بەکوردی من باوەڕم وایە دژایەتی کردنی ڕیفۆرمەکان و سیستەمی نوێی پەروەردە دژایەتی کردنی بەرژەوەندی بەرزی



نەتەوەییمانە. هەڵوێست وەرگرتن لە پێناوی سەرکەوتنی ڕیفۆرمەکان پشتگیریکردنە لە دابینکردنی پاشەڕۆژێکی ڕووناک بۆ نەتەوەکەمان لە ژێر ئاڵای شەکاوەی کوردستاندا. مێژوو ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێت چونکە نوێخوازی هەموو کات سەرکەوتوبووە. پێنج ساڵی تر کەس نابینیت لە کوردستاندا ڕەخنە لەم ریفۆرمانەی ئێستا بگرێت. بە پێچەوانەوە ئازایەتی بڕیارەکان جێگەی ڕێزی هەموو لەیەک دەبێت.

منداڵانی کوردستان شایانی سیستەمێکی پەروەردەی دیموکراتی پێشکەوتون کە تیایدا وەک مرۆڤی خاوەن دەنگ و سەربەست ڕێزیان لێبگیرێت. سەرکەوتنی سیستەمەکە پێویستی بەهێز و توانای هەموو لایەکە لە پێناوی بەرژەوەندی بەرزی نەتەوایەتیماندا.

بۆ کۆنگرەی پەروەردە ئێمە لە وڵاتانی سوید، دانیمارک، نەرویج، هۆلەندە و ئەڵەمانیاوە بانگهێشتکرابووین. کە یەکەم ڕۆژ چووینە هۆڵی کۆبونەوەکە زۆر سەرسام بووم کاتێک بینیم زیاتر لە 500 کەس کارمەند و پسپۆڕی پەروەردەیی بەشداربوون. ژمارەکە زۆر زۆر بوو بەلامەوە.

لەدەیان کۆنفراس و کۆڕی پەروەردەییدا لە سوید، ئەمەریکا، نامیبیا، سلۆڤێنیا، دانمارک، بەلجیکا و ئوسترالیا بەشدارییم کردوە بەڵام لە هیچ کام لەو وڵاتانەدا نەمدیوە ئەوەندە خەڵک بۆ ریفۆرمکردنی سیستەمی پەروەردەیان کۆبکرێتەوە. مەبەستم لەم نموونەیە ئەوەیە کە بۆ ڕیفۆرمەکان لە کوردستان ژمارەیەکی زۆر بەشدار بوون و ڕایان هەبووە. بەڵام ئەگەر مرۆڤ داوای ئەوە بکات کە پرس بەدوا مامۆستا و دوا بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی

کوردستان بکرێت، ئەوە دیموکراتیەت نیە، ئەوە یۆتۆپیایە و تێنەگەیشتنە لە پرۆسەی دیموکراتی.

سوید مێژووی 200 ساڵی دیموکراتی هەیە بەڵام بۆ ریفۆرمی سیستەمی پەروەردە لە قۆناغی ئامادەییدا تەنیا یەک کەسی دەستنیشان کردووە. ئەم کارە تێگەیشتنە لە میکانیزمی کارکردنی دیموکراتی.

لە کوردستان هەڵئاوسانی کۆنگرە و کۆنفراسمان هەیە. لە کات و ناکاتد کۆنفراس دەگرین لە سەر پرسیاری گەورەو بچوک، بۆ نموونە ئەم کۆبونەوەیەی پارێزگای سلێمانی هیچ پێویستیەکی گرنگ نەبووە بۆ بەستنی، بە پێچەوانەوە، پشت ساردکردنەوەیە لە ریفۆرمەکان. لە ڕاستیدا ئەو ڕیفۆرمانە ئەمڕۆ تروسکەیەکی ڕووناکین بۆ بە مۆدێرکردنی سیستەمی فێرکاری کوردستان.

ئەرکی هەموو لایەک ئەوەیە دەستپێشخەری بکەن بۆ ریفۆرکردنی سیستەمەکە چونکە سیستەمی فێرکاری لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر کەلێنی تێدایە و پێویستی بەبەردەوامی کارکردنی نوێخوازی هەیە. پچڕان لە ڕیفۆرمەکان لەم کاتەدا زیانێکی گەورەیە لە پرۆسەکە، بە پێچەوانەشەوە، بەردەوامی ڕیفۆرمەکان و گۆڕانکاری نوێ ئەرکێکی نیشتمانیە، کوردستانکەمان دەباتە ئاستی ولاتانی پێشکەوتوو.

ئەو ڕیفۆرمانەی کە لە بواری تاقیکردنەوە و ئەزمونەکاندا کراون، ڕیفۆرمی چارەنوسسازن و سیستەمی فێرکاری لە سیستەمێکی ڕەقی ئەزموونپەرستەوە دەکاتە سیستەمێکی نەرمی خۆشەویست لای قوتابیان و خوێندکاران. بە بۆچوونی من دەبێت نەک هەر



داخڵکردنی بەکالۆری نەمێنێت بەڵکو دەبێت تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە بناغەوە نەمێنێت لە هیچ قۆناغێکی خوێندندا. لە سوید نەک تاقیکردنەوەی بەکالۆری، بەڵکو مانەوە و نەمانەوەش نەماوە و ئەنجامی سیستەمەکەش وڵاتێکی پێشکەوتوی مرۆڤدۆستە. کوردستان هیچی لە سوید کەمتر نیە ئەگەر ویست و تواناکانمان بەیەکەوە بخەینە گەڕ بۆ نوێخوازی سیستەمەکەمان.

ئێستاش سیستەمی نوێی پەروەردە تا ئەندازەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە، هەنگاوی باشتر لەبەردەم کارمەندانی پەروەردەدایە بۆ بەردەوامیدان بە ڕیفۆرم و نوێخوازی، هەر بۆیە کۆبونەوەیەک لەو شێوەیەی شاری سلێمانی کە هەڵمەت و نوێخوازییە جێگەی نیگەرانی و هەستکردنە بە گەڕانەوە بۆ دواوە. بەرژەوەندی باڵای میللی داوای هەڵوێستمان لێدەکات لەلایەک بەرامبەر کەموکوڕییەکانی سیستەمە کۆنەکەی پەروەردە و لەلایەک پشتگیریکردن لە هەموو هەلێکی ڕیفۆرم و نوێخوازی.

# سیستەمی پەروەردە لە بەردەم ریفۆرم و نوێخوازی یا وەستان و بێدەنگیدا

**سەرەتا**

سیستەمی پەروەردەی کوردستان کاتێک سەرکەوتوو دەبێت کە لە تاکەوە دەست پێبکات، کە تاکی قوتابی ببێتە مەبەستی گۆڕانکاریەکان. کە قوتابی و خوێندکار ناوەند بن.

هەر کاتێک قوتابی و خوێندکارەکانی کوردستان حەزیانکرد بچن بۆ قوتابخانە و خۆشەویستیان بۆ مامۆستاکانیان هەبوو، ئەو کاتە ئێمە لە گۆڕانکاریەکاندا سەرکەوتوو دەبین.

ئەو ڕیفۆرمانەی ئەمڕۆ کراون تەنیا بۆ ئەوەیە کە ئەتمۆسفێری قوتابخانە خۆشبکرێت، کە سەیری تاکی قوتابی بکرێت، دەسەڵاتی هەبێت لە قوتابخانەدا، گوێی لێبگیرێت. ڕیفۆرمەکان بۆ ئەوەیە کە سیستەمەکە نەرم بکاتەوە و مامۆستا ناوەند نەبێت بەڵکو ڕێپیشاندەر و یارمەتیدەری قوتابی بێت. لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی مامۆستا تاکی قوتابی ببینێت، دەبێت ژیانی ئاسوودە بێت، مووچەی باشی هەبێت.

ئەمڕۆ ئابووری کوردستان زۆر باشە. بودجەی ساڵێک بۆ سێ شارەکەی 6.4 ملیارد دۆلارە. زۆر گرنگە لەم کاتەدا مووچەی مامۆستا بەلای کەمەوە لە 30% زیادبکرێت. ئەم کارە و لەگەڵ بەهەند وەرگرتنی بەها بنەماییەکان و بە ناوەندیکردنی قوتابی، سیستەمەکە بەرەو سیستەمێکی دیموکراتی مرۆڤدۆست دەبات.



**بەهابنەماییەکان و نەخوێندەواری**

بەهابنەماییەکان لە سەربەستی تاکەکەس و ڕێزگرتنی بەرامبەر تەنیا قوتابی و خوێندکار ناگرێتەوە، بەڵکو مامۆستا و بەڕێوەبەر و کارمەندانی تری پەروەردەش دەگرێتەوە لە پێناوی ئەوەی ژمارەی نەخوێندەوار کەمبێتەوە.

نەخوێندەوار زۆرن کە دەزانن بخوێننەوە بەڵام مێشکی بیرکردنەوەیان ناتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان باسێکی تایبەتی و هێرشکردنە سەر شەخسێکی تایبەت. ئەم بەڵایە جۆرێکە لە گەندەڵی و نەخوێندەواری، تا ئەو بەهایە جێگیر نەبێت لە مێشکی پەروەردەکاراندا، سیستەمی فێرکاری نابێتە سیستەمێکی مرۆڤدۆست، بەڵکو هەر هەمان یاساکانی سەر شەقامەکان، لە سیستەمی ڕق و تۆڵەسەندنەوە، سیستەمی دۆڕاو و براوە سەروەر دەبن.

ئاستی نەخوێندەواری و ژمارەی نەخوێندەوار لە کوردستاندا زۆر بەرزن. ئەم دیاردەیە وایکردووە کە ئاستی دێبات و گفتوگۆ زۆر نزمبن. سنوورێک نەماوە لە نێوان گفتوگۆکردن دەربارەی بیروبۆچوونێک لە وتارێکدا و هێرشکردنی شەخسی بۆ سەر نوسەرەکەی. ئەم دیاردەیە بەداخەوە تەنیا لەو وڵاتانەدا هەیە کە هەژارن لە مێژووی دیموکراتیدا. ئاسانە پەلاماری نوسەرێک بدرێت، بەڵام گرانە گفتوگۆ بکەیت لە سەر بیروبۆچوونەکانی.

ئەم ڕاستیە دژوارە هاوکێشەکەی قورس کردووە. بەڵام ئاسانیشە هۆکارەکەی بزانرێت، کە بریتیە لە نەبونی یا لاوازی بناغەیەکی فیکری و زانستی پێشکەتو لەگەڵ پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی دواکەوتوو. پەیوەندیەکانی کۆمەڵگا نابێت بریتی بێت لە

دەسەڵاتی گروپێکی بچوک لە کۆمەڵدا بەسەر زۆربەدا، دەسەڵاتی پیاو لە خێزاندا بەسەر ژن و منداڵدا یا دەسەڵاتی مامۆستا لە قوتابخانەدا بەسەر قوتابیدا. ئەم دیاردانە تەنیا دیکتاتۆریەت لە کۆمەڵدا، لە خێزاندا و لە قوتابخانەدا دروستدەکات. دەبنە هۆی کوشتنی بێدەسەڵاتان، خۆکوشتنی ئافرەت و پەروەردەیەکی ناتەندروست لە کۆمەڵ، لە خێزان و قوتابخانەدا، کە ڕێز بۆ توانای فکری و خەیاڵی مرۆڤ دانانێت.

لە کۆمەڵگایەکی وادا، بەها بنەماییەکان هیچ بەهایەکیان نابێت. سەربەستی تاکەکەس بوونی نابێت، یەکسانی ژن و پیاو وەک مەترسی سەیر دەکرێت، بەرزی نرخی مرۆڤ ڕێزی بۆ دانانرێت. ئازاردانی بێدەسەڵاتانی کۆمەڵگە، ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دەبێت. ئەم دیاردانە بەردی بناغەی کۆمەڵگەیەکی گەندەڵە کە بەهابنەماییەکان بریتی دەبن لە سەرکوتکردن. لە کۆمەڵگەیەکی وەهادا هەموو جۆرە گۆڕانکاریەک بە چاوی گومانەوە سەیر دەکرێت. هەموو نوێخوازیەک وەک دیاردەیەکی ترسناک دەبینرێت، هەموو ڕیفۆرمێک دژایەتی دەکرێت. هەر جارەی لە ژێر ناوێکدا. جارێک لە بەرئەوەی زۆر زوو بوو، کاتی ریفۆرم نەهاتبوو، جارێک لەبەر ئەوەی ئامادەکاری بۆ نەکرابوو، جارێک لەبەرئەوەی وەک نموونە لە هیچ شوێنێک تاقینەکرابۆوە. ئەم بۆچونانە ترسن لە گۆڕران، ئەگەر نا، لایەنە گەشەکانی سیستەمی فێرکاریە کۆنەکە کامانەن تا ئاوا بترسین لە لابردنی؟ یا پێوستمان بە کاتی زیاتر هەبێت بۆ لابردنی؟

بەبۆچوونی من، لە ئیمڕۆی کوردستاندا، کە تروسکەی وەرچەرخانێکی گەورە دیارە، گرنگە نەوەی نوێمان گۆشبکەین بە بیری لێبوردن و تەبایی لەسەر ئاستی تاکەکەس، پێویستە



مێشکی منداڵەکانمان بە یەکسانی و بەرزی نرخی ژیان پەروەردە بکەین، بەوەی کە نرخی مرۆڤەکان بەرابەرن بەبێ جیاوازی ڕەگەز و نەتەوە و باری کۆمەڵایەتی. لەهەمانکاتدا دەبێت ڕێگا کراوە بێت بۆ بوونی جیاوازی لە بۆچووندا لە نێوان کوردستانیاندا. هەموو گۆڕانکاریەکان لە منداڵەکانمانەوە دەستپێدەکەن، لە دایکوباوک و قوتابخانەوە. گرفت لەبەردەم ئەم کارەدا گەورەساڵانن کە بەرهەمی سەردەمێکن کە نەوەی شەڕە.

تۆڵەسەندنەوە و ڕق وا بە ئاسانی لە مێشکی نەوەی شەڕدا نایەتە دەرەوە لە کاتێکدا کە بەرامبەری سیاسەتی لەناوبردن بەکارهێنراوە. کاریگەریەکانی ئەنفال و کیمیاوی کابوسن لە مێشکی گەورەساڵانی کوردستاندا. کۆمەڵێ لایەنی جیاوازی هەیە کە نابێت لە بیربکرێن. ڕق و تۆڵە سەندنەوە، نزمڕاگرتنی نرخی ژیانیان دروستکردوە. بەرامبەر ئەو کارەساتانە بۆ بەرگری لەخۆ ساڵانێکی زۆر چەک بەکارهاتووە. ئەمەش وایکردوە کە جیاوازی دروستبکات لە نێوان بوون و نەبوونی بیری لێبوردن لەنێوان دوو کەسدا کە یەکێکیان پانزە ساڵ چەکی پێبوە و بەشداری شەڕی کردوە و ئەویتر ئەو ئەزموونەی نیە. چارەسەری ئەم گرفتانە دەبێت لە قوتابخانەوە بێت، کە تیایدا منداڵەکانمان ناوەند بن و گۆشبکرێن بە بەهابنەماییە بەرزەکانی مرۆڤایەتی. ئەم بەهایانە لە سیستەمی نوێی پەروەردەی کوردستاندا هەن بەڵام کاریان پێنەکراوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کادرمان کەمە کە لەناو ناخیدا بەهاکان چەسپیوبن، مامۆستا کەمە کە باوەڕی وا بێت کە دەبێت قوتابی لە قوتابخانەدا ناوەند و خاوەندەسەڵات بێت.

مامۆستامان کەمە کە باوەڕی وابێت دەبێت ژمارەی تاقیکردنەوەکان کەمبکرێنەوە، کە باوەڕیان وابێت کە

تاقیکردنەوەی بەکالۆری سێی ناوەندی و شەشی ئامادەیی دەبێت لاببرێن. تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ نەمێنێت. ئەگەر ئەو کارانە کرا، قوتابی قوتابخانەکەی خۆی خۆشدەوێت، لە تاقیکردنەوە ناترسێت، واز لە خوێندن ناهێنێت و بەوەش ژمارەی نەخوێندەوارمان کەمدەبێتەوە و ژمارەی خوێندوارمان کە خاوەنی رۆشنبیری گشتی بن زۆر دەبێت، خوێندوارێک کە هەر تەنیا ئەوە نەبێت بزانێت بخوێنێتەوە و بنوسێت بەڵکو مێشکێکی کراوەی هەبێت و توانای وەرگرتنی ڕەخنەی هەبێت یا وەڵامی رەخنە بداتەوە بەبێ ئەوەی بیەوێت تۆڵە بکاتەوە و بکەوێتە بەرگری لە خۆی و هێرشی شەخسی بۆ سەر بەرامبەرەکەی.

نیلسۆن ماندێلا، دەسەڵاتی هەبوو کە تۆڵە لە سپی پێستەکان بکاتەوە و دەریای خوێن لە ئەفەریقای باشوور دروستبکات، بەڵام سیاسەتی لێبوردنی هەڵبژارد و کەوتە ڕیفۆرمکردنی سیستەمی پەروەردەی وڵاتەکەی. لە بەرامبەردا یاسر عەرەفات هەموو پارە و پوولی وڵاتەکەی بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی خۆی، چاندن و بەرزڕاگرتنی عەقڵیەتی شەڕ، تۆڵە و ڕق بەکارهێنا. ئەنجامەکەی دروستبوونی حەماس، پەرتەوازەبوونی گەلەکەی، نەخوێندەواری و هەژاری تاکەکانی کۆمەڵگاکەیەتی.

### ریفۆرمەکان

کوردستان لەبەردەم هەڵبژاردنی لەلایەک نوێخوازی سیستەمی فێرکاری و لەلایەک دژایەتی نوێخوازیدایە. هەموو کات بەفیڕۆدانێک زیانێکی گەورەیە لە دوارۆژی نەوەی نوێمان، هەر بۆیە دەبێت بە مێشکێکی فراوان و توانایەکی بەهێزەوە نەک هەر پەسەندی ڕیفۆرمەکانی سیستەمی پەروەردە بکەین بەڵکو دەبێت داوای ڕیفۆرمی تازەش بکەین. لەوانە:



1. **هەموو قوتابخانەیەکی کوردستان لەساڵی خوێندنی 2008 / 2009 دا بەرنامەی کاری ساڵانەی هەبێت**، کە بە ئاشکرا ئامانجەکانی خوێندنی ئەو ساڵەی تیا نوسرابێت و چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجەکانی تێدا بێت. بەڕێوەبەری قوتابخانە بەرپرسیار بێت لە دانانی بەرنامەکە.
2. **تاقیکردنەوە و ئەزمونەکان ناوەندی نەبن**، بەڵکو هەموو قوتابخانەیەک خۆیان بڕیار بدەن کە چەند تاقیکردنەوەیان هەبێت. مامۆستاکان خۆیان بڕیاربدەن کە لە ساڵەکەدا دوو تاقیکردنەوەیان هەبێت یا چوار . هەروەها خۆیان بڕیار بدەن کەی تاقیکردنەوەکان بکەن. ژمارەی تاقیکردنەوەکان کەمبکرێنەوە و تاقیکردنەوەی سەری ساڵ نەمێنێت.
3. **شێوەی وانەوتنەوە هەر مۆنۆلۆگ نەبێت**، مامۆستا قسەبکات و قوتابی گوێگر بێت، بەڵکو دیالۆگ بێت کە مامۆستا و قوتابی وەک یەک بەشداربن لە چالاکیەکانی ناو پۆلدا. مامۆستا ڕێبەر و ڕێپیشاندەر و قوتابیش بەشدار و ئیشکەر، چالاک و گوێلێگیراو بێت. شێوەکانی کاری بە گروپ، کاری پڕۆژەیی، لێکۆڵینەوە، نوسین و داڕشتنی ئازاد و داهێنان ببنە پرینسیپی کارکردن و بەڕێوەبردنی وانەکان.
4. **دامەزراندنی بەڕێوەبەری قوتابخانە لەسەر بنەمای حیزبی نەبێت**، بەڵکو لەسەر پێوانەی توانا، لێهاتوویی و دڵسۆزی بێت بۆ قوتابی و ئەرکی قوتابخانە. هەموو کەس دەتوانێت حیزبی بێت و بەڕێوەبەر بێت، بەڵام دەبێت پرۆسەی بوون بە بەڕێوەبەرێتیەکە وەک کار و پیشە پەیوەندی بە حیزبایەتیەوە نەبێت. ئەم بنەمایە گرنگە پەیڕەو بکرێت. پێچەوانەکەی، زوڵمێکە لە لایەک

بەرامبەر ئەو بەڕێوەبەرانە دەکرێت کە بەتوانا و لێهاتوون لەهەمانکاتیشدا حیزبین. هەموو خەڵک وادەزانێت هەر لەبەر حیزبایەتی کراون بە بەڕێوەبەر لەکاتێکدا خۆیان بەتوانا و لێهاتوون. لە لایەکی ترەوە هەزاران مامۆستای دڵسۆز و لێهاتوو هەن کە مافێکی سروشتی خۆیانە بەرز ببنەوە و بکرێن بە بەڕێوەبەر، بەڵام لەبەرئەوەی حیزبی نین ئەو مافەیان دەخورێت. ئەمە جۆرێکی قورسی چەوسانەوەیە کە لە لایەک خەڵکی بێتوانا دەخاتە سەر کورسی دەسەڵات لە لایەک خەڵکی بەتوانا تووشی ڕق و دڵتەنگی دەکات. تەنیا ڕێگاچارە بۆ ئەم دیاردە خراپە بوونی سیستەمی سێکولار و عەلمانییە کە تیایدا هەموو دەنگ و ڕەنگەکان دەبیسرێن و دەبینرێن، هەموو تواناکان دەخرێنە گەڕ، هەموو بۆچوونە جیاوازەکان ڕێگەیان پێدەدرێت، ئەنجامەکەشی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی بێگەندەڵیە کە سەرکوتکردنی فیزیکی و دەروونی تیا نیە.

لەم بوارەدا ڕەخنەگرتن کارێکی باشە و بەهیچ شێوەیەک تانە و تەشەنە هاویشتن نیە، ئەوە ئەرکی هەموو دڵسۆزێکی کوردستانیە کە لەلایەک پشتگیری حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بکات، لە لایەکیش بێدەنگ نەبێت لە دیاردە خراپەکان. ئاخر چۆن دەکرێت مرۆڤ بێدەنگ بێت لەوەی کە سیستەمی پەروەردەمان پێویستی بەدەیان ڕیفۆرمی تر هەیە بۆ ئەوەی سیستەمێکی فێرکاری دیموکراتیمان هەبێت کە شیاوی منداڵەکانی خاکە پیرۆزەکەمان بێت. چاوەڕێکردن و وەستان، زیانێکی گەورەیە لە منداڵەکانمان و پاشەڕۆژی کوردستان. وتنی کەموکوڕیەکان دڵسۆزییە بۆ کورد و کوردستان.



خۆشبەختانە ئەمڕۆ زۆر مامۆستا هاتونەتە پێشەوە و هەریەکە لای خۆیەوە بەکار و وتارنوسین دەیانەوێت دیاردە دزێوەکان نەهێڵن.

5. **ئازادکردنی کتێبی وانەکان،** ڕیفۆرمێکی گرنگە کە دەبێت بکرێت بۆ ئەوەی منداڵەکانمان ئازاد بیربکەنەوە. ناکرێت تەنیا یەک کتێبی وانەی کوردی هەبێت بۆ پۆلێکی دیاریکراو لە هەموو کوردستاندا. مامۆستاکانمان دەبێت دەسەڵاتی ئەوەیان هەبێت کە چەندین سەرچاوەی جیاواز بەکاربهێنن بۆ وانەوتنەوە. دەبێت مامۆستاکانی کوردستان ئازاد بن لەبەکارهێنانی کتێبی تر بێجگە لەو کتێبە تایبەتیانەی کە دانراوە. بۆ نمونە مامۆستای زمانی ئینگلیزی پۆلی یانزەی ئامادەیی دەبێت بۆی هەبێت هەر کاتێک خۆی ڕۆمانێک یا چیرۆکێکی باشی ئینگلیزی دەستکەوت بتوانێت کتێبەکە بهێنێتە ناو پۆلەوە و بەکاری بهێنێت لەوانەکەیدا. یا داوا بکات کە قوتابخانە چەند ژمارەیەک بکڕێت بۆ ئەوەی قوتابیەکان قەرزی بکەن و بیخوێننەوە. هاندانی قوتابی و خوێندکار بۆ خوێندنەوە زۆر گرنگە، چونکە خوێندنەوەی زۆر مورالی بەرز و بەهای مرۆڤایەتی لای خوێنەر دروستدەکات. خوێندەواری توانای هەستە دڕندەییەکانی ناخی مرۆڤ دەستەمۆ دەکات و ژیانێکی نەرم و لەسەرخۆ لە جێگەی ژیانێکی ڕەق و هەڵەشە دادەنێت. مرۆڤی خوێندەوار ڕق، تۆڵە و هێرشکردنە سەر سەربەخۆیی تاکەکەسیان لەدڵدا نیە. بیست ساڵ لەمەوبەر ئیسرائیل دەیویست دەوڵەتێکی فەلەستینی لەتەنیشت دەوڵەتەکەی خۆیانەوە دروستبکەن و دەیانویست ئاشتی بەرامبەر زەوی بکڕن، بەڵام سیاسەتی چەوتی فەلەستینیەکان کە بریتی بوو

لەبەردهاویشتن، تۆڵەسەندنەوە و ڕق، ئەو فرسەتەی لەدەستدان و لە ماوەی ئەم 20 ساڵەی دواییدا نەک هەر دەوڵەتیان دەستنەکەوت بەڵکو زەوی زیاتریان دۆڕاند و حەماسیشیان لێقوتبۆوە. هۆی ئەم سیاسەتە چەوتە زۆری ئاستی نەخوێندەواریی و کەمی مرۆڤی خویندەوارە تیایاندا، ئەگەر نا، کام سوودەیان لەبەرد هاویشتنەکانیان دەستکەوتووە؟

بۆ ئەوەی نەخوێندەواری لە کوردستاندا بنبڕبکرێت، دەبێت خوێندن و قوتابخانە لای قوتابی خۆشەویست بکرێن، ئەو کارەش کاتێک دەکرێ کە:

- قوتابخانە سەرکوتکردنی تیا نەبێت
- مامۆستا هاوڕێی قوتابی بێت
- سەرەتای دەسپێکردنی ساڵی خوێندن و کۆتایی ساڵ فشاری دەروونی لەسەر قوتابی دانەنێن
- ژمارەی ئەزموونەکان کەمبکرێنەوە
- ئەزموونی کۆتایی ساڵ نەمێنێت
- مامۆستا مووچەی بەرز بێت
- بەڕێوەبەری قوتابخانە خاوەنی بودجە و دەسەڵات بێت و بەتوانا و لێهاتوویی خۆی بووبێتە بەڕێوەبەر.
- پەیوەندی بەهێز لە نێوان قوتابخانە و بازاڕی کاردا هەبێت.
- لەبەرکردنی شیعر و ئایەت و دەرخکردن نەمێنێت
- شێوەکانی وانەوتنەوە جۆری جیاواز و سەرنجڕاکێشی هەبێت



ئەم کارانە و بوونی سیاسەتێکی پەروەردەیی دیموکراتی پشتبەست بە بەهابنەماییەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان کە تیایدا مافی تاکەکەس تیا پارێزراو بێت، دەبنە هۆی خۆشەویستکردنی خوێندن و قوتابخانە لای قوتابی و کەمکردنەوەی وازهێنان لە خوێندن.

6. **دروستکردنی کۆمەڵەی جیاواز لە قوتابخانەکاندا.** بوونی ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵەی جیاواز، دەلیلی بوونی هێزی دیموکراتیەتە لە کۆمەڵدا. قوتابخانە جێگایەکە سەدان منداڵ و گەنج کۆدەکاتەوە و باشترین جێگایە بۆ ئەوەی کۆمەڵەی دیموکراتی جیاواز جیاوازی تیا دروستبکرێت. لەوانە کۆمەڵەی ژینگە، کۆمەڵەی وەرزشی وەک بالە،باسکە وتۆپی پێ، یا دەیان کۆمەڵەی جیاوازی تر کە قوتابیەکان خۆیان بڕیاری لەسەربدەن، وەک کۆمەڵەی کتێب خویندنەوە، کۆمەڵەی شیعر نوسین، داڕشتن نوسین، یا کۆمەڵەی خەیاڵ و فەنتازییا کە زۆر گرنگە بۆ گەشەکردنی مێشک و بیرکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی لایەنە ڕۆحیەکانی قوتابی.
بۆ دروستکردنی کۆمەڵەی جیاواز گرنگە کە قوتابخانە یارمەتی قوتابیەکان بدات لە سەرەتای دروستکردنی کۆمەڵەکەدا، بەڵام بەبێ هیچ دەستوەردانێک لە ناوەڕۆکی کارەکانی کۆمەڵەکە.

7. **دامەزراندنی ڕێنیشاندەری خوێندن و کارکردن، لەگەڵ کاراکردنی کارەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی.** بەداخەوە تا ئێستاش لەهیچ قوتابخانەیەکی کوردستاندا کەسێک دانەمەزراوەکە کارەکەی تەنیا ڕێنیشاندەری قوتابی بێت

دەربارەی بەردەوامبونیان لە خوێندن و هەڵبژاردنی کاری پاشەڕۆژیان. بەتایبەتی کارێکی لەو شێوەیە زۆر گرنگە بۆ خوێندنگە ئامادەییەکان بۆ ئەوەی زانیاری بدەن بە خوێنکارەکان کە دەیانەوێ ببن بەچی و کام خوێندن هەڵبژێرن.
لەلایەکی ترەوە ژمارەیەک توێژەری کۆمەڵایەتیمان هەیە کە سوود لە تواناکانیان بەباشی وەرنەگیراوە و ئەرکەکانیان دیارینەکراوە. هەروەها ژمارەیان زۆر زۆر کەمە لەگەڵ ئەوەی کە کێشە کۆمەڵایەتیەکانی گەنج و لاوانی کوردستان لەبننەهاتوون.

8. **دابینکردنی بودجەی تایبەتی بۆ هەموو قوتابخانەیەک کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبێت بە ژمارەی قوتابییەکانەوە.** ئەم کارە کە دەیان جار لە وتارەکانمدا باسمکردوە. تا ئێستا هیچی بۆ نەکراوە. تا ئەم ڕیفۆرمەش نەکرێت، بەڕێوەبەری قوتابخانە سەربەستی و دەسەڵاتێکی سنوورداری دەبێت و ناتوانێت هیچ کارێکی گرنگ بکات بۆ گەشەپێدانی قوتابخانەکەی. زۆر کار هەیە بە بودجە دەکرێت، ئەگەر بەڕێوەبەر بودجەیەکی نەبێت، ناتوانێت تەنانەت ئاوی خواردنەوەش بۆ قوتابیەکانی دابین بکات. کوردستان بودجەیەکی باشی هەیە و گرنگە بەشی شێری بۆ پەروەردە دابینبکرێت، بۆ ئەوەی ئاستی نەخوێندەواری کەمبکرێتەوە و خوێندن لای قوتابی شیرین بکرێت.
بە درێژایی مێژوو ململانێ هەبووە لە نێوان ئەوانەی دەیانەوێ پارێزگاری لە سیستەمێکی کۆن بکەن و ئەوانەی ئەیانەوێ ڕیفۆرم لە سیستەمە کۆنەکەدا بکەن. ئێستاش سیستەمی فێرکاری لەو هاوکێشەیە دوور نیە. زۆر ئاساییە



کە کەسانێک هەبن، لەبەر هەر هۆیەک بێت، بیانەوێت پارێزگاری لە سیستەمە کۆنەکە بکەن و بەچاوی گومانەوە سەیری هەموو ڕیفۆرمێک بکەن، یا هەوڵبدەن شک و گومان و دڵەڕاوکێ دروستبکەن بەرامبەر مەبەستی ڕیفۆرمخوازان. ئەم کارە ئاساییە بەڵام گرنگە هەموو کات نوێخوازەکان بەرژەوەندی بەرزی پرۆسەی فێرکاری لەبەرچاویان بێت و ئەنجامە باشەکانی بۆ نەوەی نوێمان ببێتە هەوێنی هەوڵەکانیان و لەو کارە سارد نەبنەوە و ئازایانە لە ڕەخنە بێدەنگ نەبن. بێدەنگی لە لایەنە خراپەکانی سیستەمی فێرکاری ئێستامان، زیانێکی گەورەیە کە منداڵەکانمان لە دوارۆژدا دەیدەنەوە.

9. **ئامانجی خوێندن دەبێت پراکتیک، تێگەیشتن وفێربوون بێت نەک تیۆری و دەرخکردن.** قوتابیەکانمان کە ئامادەیی و هەندێ جاریش تەنانەت زانکۆش تەواو دەکەن، هێشتا لە لایەنی تێگەیشتن و پراکتیکەوە هیچی وا نازانن، بەڵام لە ڕووی تیۆرییەوە لەوانەیە لە ماتماتیکدا زۆر زیرەک بن.
ئەزمونی تایبەتی خۆم کاتێک کە ساڵی 1982 گەیشتمە سوید زانکۆم لە کوردستان تەواو کردبوو، لە سوید دەستم کردەوە بەخوێندن، لە پۆلەکەمدا لە ڕووی تێۆرییەوە بۆ نموونە لە وانەی ماتماتیکدا وەکو قوتابیە سویدیەکان بووم، هیچ کێشەیەکم نەبوو، بەڵام کە دەهاتە سەر پراکتیک و بەکارهێنانی ماتماتیک بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک من پەکم دەکەوت و قوتابیە سویدیەکان زۆر لە من باشتر بوون، هۆکەی ئەوەبوو من قۆناغەکانی سەرەتایی، ئامادەیی و زانکۆم لە کوردستان تەواو

کردبوو، پەروەردەی سیستەمێکی فێرکاری دەرخ و لەبەرکردن بووم، لە ڕووی چارەسەرکردنی کێشەوە هیچ فێرنەکرابووم. بەداخەوە هێشتا هەمان کێشە لە کوردستان هەیە. ئەرکی هەموو کارمەندێکی پەروەردەییە، لەسەرو هەموو لایەکەوە ئەرکی حوکمەت و پەرلەمانی کوردستانە کە ئەم کێشە گەورەیە چارەسەر بکەن. ئەم کارەش دەکرێت، بە گۆڕانی دیدی فەلسەفیمان بۆ سیستەمەکە و دەرگا والاکردن بۆ چاکسازی و ڕیفۆرم.

**10.نوسین و خوێندنەوە**

لە قوتابخانەکانی کوردستاندا بایەخی زۆر نادرێت بە خوێندنەوەی قوتابیان، بایەخ نادرێت بە بەهێزکردنی توانای قوتابیان لە بواری نوسیندا، تەنانەت بابەتی داڕشتنیش، پێشکات داڕشتنەکان نوسراونەوەتەوە، قوتابیان بۆ تاقیکردنەوەکان لەبەریدەکەن. هیچ بوارێک تەرخاننەکرێت بۆ بەهێزکردنی بیرکردنەوە و شیتەڵکردنەوەی کێشەکان و دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان. توانای بێسنووری لایەنی خەیاڵ و ئەندێشەی گەنج بەهێز ناکرێت.

لە کوردستان ئەدەبی منداڵمان هەیە، چیرۆکمان بۆ منداڵان هەیە هەروەها ئەدەب و چیرۆکی گەورەساڵان هەیە، بەڵام لەو نێوانەدا زۆر بەداخەوە ئەدەب و چیرۆکی مێرمنداڵمان نیە یا دەگمەنە، بۆ تەمەنەکانی سیانزە هەتا نۆزدە ساڵی. تا ئێستا من نەمبیستووە ئەدیبێکمان هەبێت کە ئەدەبەکەی لە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان تەنیا بۆ ئەو تەمەنە بێت. ئەم لایەنەی کتێبخانەی



ئەدەبی کوردی زۆر هەژارە. مێرمنداڵان لەو تەمەنە حەساس و چارەنوسسازەی دروستبوونی کەسایەتیاندا بێبەشن لە بوارە گرنگە. ئەرکی قوتابخانەیە کە ئەم لایەنە پڕبکاتەوە بەوەی کە لە قوتابخانەکاندا کتێبخانە هەبێت لە هەمانکاتدا گرنگی بدرێت بەوەی کە قوتابیەکان فێری تەکنیکی نوسین و شیتەڵکردنەوەی ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکان ببن.

**11.گیروگرفتی نەبونی بینای قوتابخانە و دوو دەوامی.**

قوتابی کوردستان ڕۆژی تەنیا 3 تا 4 کاتژمێر لە قوتابخانەیە، قوتابیەک لە سوید نزیکەی 7 تا 8 کاتژمێر لە قوتابخانەیە، واتە دوو هێندەی کاتی قوتابیەکی کوردستان. ئەم کێشەیە وایکردووە کە منداڵێک لە کوردستان نیوەی منداڵێکی سویدی زانست و زانیاری وەردەگرێت. هۆی ئەم کێشەیە نەبونی بینای قوتابخانەیە. لە کوردستان پێویستمان بە 1600 تا 2000 بینای قوتابخانەیە. ڕاستە ئەمە بودجەیەکی زۆری دەوێت، بەڵام ئەگەر پارەی کوردستانیان لەم بوارە گرنگەدا بەکارنەهێنرێت، کامانەن ئەو بوارانەی کە لە سیستەمی فێرکاری گرنگترن و کاریگەرترن بۆ بیناکردنی سیستەمێکی دیموکراتی و مرۆڤدۆست لە کوردستاندا؟ کار گەیشتۆتە ئەوەی باسی هەر ڕیفۆرمێک دەکرێت، بە بەهانەی دوو دەوامی و زۆری ژمارەی قوتابیان لە پۆلێکدا، بەرپەرچی ڕیفۆرمەکان دەدرێتەوە ئەمە لە کاتێکدا هەندێک لە ڕیفۆرمەکان بۆیە کراون لەبەر ئەوەی ژمارەی قوتابیان زۆرن لە پۆلەکاندا، نموونەی ئەو ڕیفۆرمانە کاری بە گروپ و هەبوونی دوو مامۆستایە لە پۆلێکدا.

لە ڕاستیدا کاریگەری نوێخوازی لە سیستەمی فێرکاری گرنگترە لە کاریگەری دەرهێنانی نەوت. مرۆڤی خوێندەوار و خاوەن بەهای بەرزی مرۆڤایەتی دەتوانێت بەشدار بێت لەبنیاتنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو دیموکراتدا و گەرەنت دەبێت بۆ نوێخوازی. بەڵام مەرج نیە کە مرۆڤی خاوەن نەوت کۆمەڵگای یەکسان وپێشکەوتو دروستبکات. سوید و سعودیە نموونەی ئەو دوو لایەنە دژ بە یەکەن.

**12. زیادکردنی بەشەکانی خوێندنی ئامادەیی**

بەشەکانی زانستی و وێژەیی لە ئامادەیی گشتین و لە ژێریاندا هیچ دابەشکردنێکی تر نەکراوە. بۆ نموونە قوتابیەک بیەوێت ببێت بە دکتۆر یا ئەندازیار دەبێت هەر هەمان بەشی گشتی زانستی بخوێنێت، ئەمەش وایکردوە کە کاتێکی زۆری قوتابی بڕوات بە خوێندنی زۆر وانەوە کە پێویستی پێی نیە. ئەندازیارێک پێویستی بەوەنیە بایولۆجی و زیندەوەرزانی و ڕووەکزانی بخوێنێ و بەو شێوەیەش تایبەتمەندی وندەبێت لە بواری خوێندندا.

بەشی بەڵێندەری لە ئامادەیی بەشێکی زۆر گرنگە کە بکرێتەوە، هیچ نەبێت لە چەند قوتابخانەیەکدا بە تایبەتی ئێستا کە کوردستان لەبەردەم گەشەیەکی زۆردایە.

ئەرکی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانە کە کاربکەن بۆ ئەوەی خوێندنی قوتابیانمان تایبەتمەندی بپارێزێت و قوتابخانە لای قوتابی شیرین بکات. ئەرکی حکومەتە کە بەرنامەی تایبەت دابڕێژێت بۆ کەمکردنەوە



و لەڕاستیدا بۆ بنبڕکردنی وازهێنان لە خوێندن. ئەم کارەش بەزۆری ژمارەی تاقیکردنەوە و ئەزموونەکان ناکرێت، بەکۆنترۆڵکردن و سەرکوتکردن ناکرێت، بە پاریزگاریکردنی ئەو سیستەمەی ئێستا ناکرێت، بەدژایەتیکردنی ریفۆرم ناکرێت. تەنیا ڕێگا، ڕێگای نوێخوازی و پێشکەوتنە، ڕێگای چاکسازی و ڕیفۆرمە. ئەو کارانەش بەتەرخانکردنی بودجەی زۆرە هەر لە دروستکردنی بینای قوتابخانەوە تا باشکردنی ئاستی ژیانی مامۆستا و کارمەندانی پەروەردەیە. بە هەوڵدان بۆ کراوەیی و شەفافیەتی خوێندن، بە پشتگیریکردنی ئەو پسپۆڕانەی کە مەبەستیانە دڵسۆزانە کار بۆ ئەو گۆڕانانە بکەن. بێدەنگی و وەستان سیستەمی فێرکاری لەو تەنگژەیەی کە تیایدایە ڕزگار ناکات. ئەو ڕیفۆرمانەی کە کراون باشن بەڵام هێشتا هەر کەمن و ڕێگایەکی زۆر دوور لەبەردەممماندایە. کۆمەڵێک مامۆستای بەتوانا و دڵسۆز لە ناوەوەی کوردستان لە ڕێگای وتارەکانیانەوە لەڕۆژنامەکانی کوردستاندا هەوڵی زۆر سەرکەوتوانە دەدەن بۆ بەهێزکردنی مافەکانی قوتابی و ڕەخنەگرتن لە سیستەمی فێرکاریمان. هەندێک لە مامۆستاکان ڕاشکاوانە دژی زۆری ژمارەی ئەزمونەکانن، دژی داڕشتن لەبەرکردنن، دژی شێوەی وانە وتنەوەی کلاسیکین. ئەم هەولانە جێگەی خۆیانن گرتووە و بواری پەروەردە چۆتە بواری کاری حکومەت و پەرلەمانەوە. ئێستا ئیتر ئاشکرایە کە ناکرێت بەردەوام بین لەسەر سیستەمە کۆنەکە، ناکرێت مامۆستا بە مووچەیەکی کەمەوە داوای کارێکی زۆری پڕ دڵسۆزی لێبکرێت. لە کاتێکا کە بودجەی

کوردستان کەمنیە، بەڵکو لە بودجەی دەیان وڵاتی ئاسیا و ئەفەریقا زۆرترە.

**13.گرنگیدان بە باری تەندروستی قوتابیان**
دامەزراندنی پەرسدار و دکتۆر لە قوتابخانەکانی کوردستاندا کەسەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بن کارێکی پێویستە لە ئەمڕۆی کوردستاندا. بۆ نموونە دەکرێت لە شارێکی وەک سلێمانیدا، نەخۆشخانەیەکی بچوک هەبێت کە تەنیا بۆ قوتابیان بێت. پەرسدار و دکتۆر و کارمەندان هەمویان سەر بە وەزارەتی پەروەردە یا بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەکە بن، قوتابیان و خوێندکاران هەرکات هەستیانکرد کە پێویستیان بە چارەسەری تەندروستی یا ئامۆژگاری تەندروستی هەیە بتوانن بەبێ بەرامبەر و بەبێ پارە سەردانی نەخۆشخانەکە بکەن تا چارەسەریان بکرێت. ئەگەر نەکرا یەک نەخۆشخانەی تایبەتی بۆ قوتابیان هەبێت، دەکرێت بەشێکی تایبەت لە نەخۆشخانەیەکی گەورەدا بۆ قوتابیان تەرخانبکرێت.
لە ڕاستیدا باشترین چارەسەر ئەوەیە هەر قوتابخانەیەک یا لە چەند قوتابخانەیەک پەرسدارێک دابمەزرێنرێت کە ژوورێکی هەبێت لەناو قوتابخانە کەدا و قوتابیان کەی بیانەوێت بچن و بەتایبەتی ئامۆژگاری تەندروستی یا ئامۆژگاری دەربارەی لەشیان و گۆڕانکاریەکانی لەشیان بەپێی تەمەن و ڕەگەزی نێرومێ وەرگرن.
بۆ نموونە لە سوید لە یەکێک لە قوتابخانەکانمدا، ئامادەیی ئۆڤا لە تێبی 1300 خوێندکاری ئامدەییم هەیە، لە ناو قوتابخانەکەدا بەشێکی تایبەتیمان هەیە کە لە



سێ ژوور پێکهاتووە و دوو پەرسدار بەبەردەوام کاری تێدا دەکەن. هەروەها هەفتانە چەند کاتژمێرێک، دکتۆرێکیش دێت و یارمەتی و فەحسی قوتابیەکان دەکات. من دەزانم ئەم کارە لەم ڕۆژەدا زەحمەتە بۆ کوردستان بەڵام خۆ دەکرێت لە شار، قەزا و ناحیەکاندا بەشێکی بچوک، یا ژوورێک هەبێت، کە پەرسدارێکی تێدا بێت، تەنیا یارمەتی قوتابیان بدات و ئامۆژگاریان بکات بەبێ پارە. ئەم ڕیفۆرمە کەمێک بودجەی دەوێت، بەڵام بێگومان سوودەکەی زۆر گەورە دەبێت بۆ قوتابیان و لە دەیان دڵەڕاوکێ ڕزگاریان دەکات، بەتایبەتی قوتابیە کچەکان.

**14.دانانی وانەیەکی تایبەت یا بەشێک لە وانەیەک کە دەربارەی بەهابنەماییەکانی مرۆڤایەتی و دیموکراتیەت بێت،** دەربارەی یەکسانی ژن و پیاو، سەربەستی تاکەکەس، بەرزڕاگرتنی نرخی ژیان، زانیاری دەربارەی ژیان بە گشتی و مافەکان منداڵان و ژنان و مرۆڤ بە گشتی. ئەم لایەنە زۆر گرنگە کە توێژەرە کۆمەڵایەتیەکان زۆر چالاک بن تیایدا و ئیدارەی قوتابخانە، پێویستیەکانیان بۆ دابین بکات. گرنگی ئەم لایەنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باری دەروونی منداڵ، گەنج و لاوانمان باش نیە بە تایبەتی کە هەستدەکەیت گوێیان لێناگیرێت و سەرکوتدەکرێن. بێهۆ نیە کە ژمارەیەکی زۆر لە گەنجەکانمان پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن یا واز هێنان لە قوتابخانە.

**15.کۆبونەوەی قوتابخانە و شورای پۆل:** کۆبونەوەی قوتابخانە هەر ساڵەی چوار جار لە قوتابخانەکاندا سازدەکرێن. بەشداربوانی کۆبەنەوەکە بریتین لە

بەڕێوەبەری قوتابخانە، چەند مامۆستایەک، چەند قوتابییەک و ئەگەر پێویست بکات کارموندانی تری قوتابخانەکە. لە کۆبەنەوەکەدا باس لەو خاڵە گرنگانە دەکرێت کە کاریگەری هەیە لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکە، بۆ نمونە ژمارەی پۆلەکان، بودجەی قوتابخانە، ژمارەی تاقیکردنەوەکان، بەهابنەماییەکان... هتد. شورای پۆلیش بریتیە لە کۆبونەوەی پۆلەکان و هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان بۆ شورای قوتابخانە. شوراکان سەربەخۆن و پەیوەندییان بە سیاسەتەوە نیە.

16. **سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆڕی:** ئەنجامی بەڕێوەبردنی کارەکانی سەرپەرشتیارەکان یا بۆ کۆنترۆڵکردن و لێپرسینەوەیە یا بۆ ستایشکردن و دەستخۆشی لێکردنە لەبری ئەوەی بۆ کۆڕانکاری و بەرەوپێشەوەچونبێت. شیوەی ئەنجامدانی کارەکانیش کە یەک سەرپەرشتیار و لەیەک رۆژدا سەردانی یەک وانە دەکات، شێوەیەکی کۆنە و تەنانەت هەڵەشە چونکە ئەنجامەکانی سەرپێیی دەبن و گشتگیری ون دەبێت. لەبری ئەو شیوەیە دەکرێت بە گەروپ سەردانی قوتابخانەیەک بکەن و چەند رۆژێک بمێننەوە و سەیری چەندین وانە بکەن و بێجگە لە مامۆستایان چاویان بە قوتابیان و دایکوباوکیشیان بکەوێت.



## کۆتایی

کەمی یا ونبونی گفتوگۆ، دێباتی بنیاتدەر، لێکۆڵینەوەی بابەتیانە، وتاری پەروەردەیی هەروەها نەبونی راوێژکاری پەروەردەیی لەسەر ئاستێکی بەرز کە چالاک کاربکات و خاوەنی بەرهەم و لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی بێت لە سەر چاکسازی لە سیستەمی فێرکاریدا گرفتێکی گەورەیە لە کوردستان. هەر بۆیە گرنگە کە پسپۆڕان و خاوەن تواناکان بە بێوەستان تواناکانی خۆیان بخەنە گەر و بە بێگوێدانە رەخنە و گیروگرفتەکان وتاربنوسن و پێشنیاری ریفۆرم بکەن بۆ ئەوەی منداڵەکانی کوردستان ببنە خاوەنی سیستەمێکی فێرکاری دیموکراتی کە شایەنیان بێت.

لە سەر زۆربەی ئەو ریفۆرمانەی لەم وتارەدا ناوم هێناون وتاری تایبەتم نوسیوە. بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ریفۆرمەکان دەکرێت سەیری ئەو وتارانە بکرێت کە هەریەکەیان ناونیشانی تایبەتی خۆی هەیە وەک وتارەکانی (ئەزمون و تاقیکردنەوەکان، کۆبونەوەی قوتابخانە، بەهابنەماییەکان، شورای قوتابخانە، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆڕی، راوێژکاری کۆمەڵایەتی، سیستەمی قوتابخانەکان، وازهێنان لە خوێندن، بەرنامەی کار...هتد.)

زۆر مەبەستمە کە هەموو دڵسۆزانی پەروەردە لە کوردستان و دەرەوەی وڵات بە هەند سەیری چاکسازی لە بواری فێرکاریدا بکەن و هەریەکە بە پێی توانای خۆی کاربکات بۆ ئەوەی ئەو ریفۆرمانەی کە پێویستن و هەندێکیان لەم وتارەدا باسیان لێکراوە، لە ماوەی چەند ساڵێکدا جێبەجێبکرێن بۆ ئەوەی کوردستانیش ببێتە وڵاتێک کە خاوەنی سیستەمێکی فێرکاری دیموکراتی و پێشکەوتوو بێت.

# دروستکردنی کۆمەڵەی سەربەخۆ لە ناو قوتابخانەکاندا

## پێشەکی

لە کوردستاندا زانیاری دەربارەی چۆنیەتی دروستکردن و کاری کۆمەڵە زۆر کەمە، بە تایبەتی لە ناو قوتابخانەکاندا. نەبوونی ئەو زانیاریانە کاری کردۆتە سەر ژمارەی کۆمەڵە دیموکراتیەکان و دەکرێت بە پەنجەی دەست بژمێردرێن. سەرەتا سەختە و ئەو ژمارە کەمەی کە هەن سەربەخۆیی تەواوی خۆیان بپارێزن لە پێناوی بەهێزکردنی پرۆسەی دیموکراتی زیاترکردنی باوەڕ و متمانەی خەڵک بە کۆمەڵەکان.

هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کە سیستەمی دیموکراسی تێیاندا سیستەمێکی چەسپاوە و خاوەن مێژوویەکی درێژە، ژمارەی کۆمەڵە بێلایەنە دیموکراتیەکان زۆرە و تەنانەت لە هەندێ وڵاتدا کۆمەڵەکان بوونەتە بەردی بناغەی سیستەمە دیموکراتیەکە. لە وڵاتی سویدا ژمارەی کۆمەڵەکان زۆرن و لە بەرچاون. کاریگەریەکی تەواویان لە ڕێڕەوی بەرەوپێشەوەچوونی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەدا هەیە.

هەموو سیستەمیکی دیموکراسی لە سەر بنەمای هاوتایی نرخی مرۆڤەکان، یەکسانیی ژن و پیاو و بەرزڕاگرتی ژیانی مرۆڤ دادەمەزرێت. ناوەڕۆکی سیستەمەکە بریتیە لە بەشداری کردن لە بڕیارداندا لەژێر بەرپرسیاریدا.



### چۆنیەتی ساز کردنی کۆمەڵەی دیموکراتی

ئەندامانی کۆمەڵەی دیموکرات و دڵخواز لە دەوری ئامانجێک یا چەند ئامانجێکی هاوبەش کۆدەبنەوە و کاری بۆ دەکەن. ئەو کەسانەی کە ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە، لەوانەیە قوتابی یەک قوتابخانە بن، خەڵکی یەک وڵات یا یەک ناوچە بن، وەک کۆمەڵەی هونەری ناو قوتابخانەکان یە کۆمەڵەی ئەو پەنابەرانەی کە لە وڵاتێکی تازەدا دەژین. لەوانەیە داخوازیەکی هاوبەشیان هەبێت و کاری بۆ بکەن، وەک کۆمەڵەی دایک و باوکان، یا ئارەزوویەکی تایبەتیان هەبێت وەک کۆمەڵەی وەرزشی تۆپیپێ، بالە و باسکە.

قوتابیەکانی کوردستان ئەزمونیان نیە لە دروستکردنی کۆمەڵەی سەربەخۆدا لەبەر ئەوەی کۆردستان وڵاتێکی داگیرکراو بووە و هیچ مافێکی دیموکراتی پارێزراو نەبووە. ئێستا کە کورد خاوەنی حوکمەت و پەرلەمانی خۆیەتی، زۆر گرنگە کە دەرگا ئاوەڵابکرێت بۆ قوتابیان و کوردستانیان بۆ ئەوەی بە سەربەستی کۆمەڵە دروستبکەن.

گەورەیی و بچووکی کۆمەڵەیەک، مەرج نییە بۆ دروستکردنی کۆمەڵەکە. کۆمەڵەی وا هەیە تەنیا پێنج ئەندامی هەیە، لە کاتێکدا کۆمەڵەی تر هەیە کە ژمارەی ئەندامەکامی لە سەدان هەزار تێدەپەڕێت، هەمان یاساش بە سەر بەهێزی و لاوازی باری کۆمەڵەکەدا جێبەجێ دەکرێت.

سەرەتای کارەکان بەوە دەستپێدەکات کە کۆمەڵێک قوتابی یا هاووڵاتی بڕیار دەدەن کە کۆمەڵەیەک دروست بکەن. یەکەم کۆبوونەوە بۆ باسکردنی ئامانجە هاوبەشەکان و چۆنیەتی

نووسینەوەی پێشنیازە بۆ پەیڕەوپڕۆگرامی کۆمەڵەکە. پاشان پەیوەندی دەکرێت بەو کەسانەوە کە لە وانەیە هەمان ئامانج و ویستیان هەبێت. ئامادەبن کار بۆ ئەو ئامانجانە بکەن.

چەندین کۆبوونەوە بۆ نووسینەوەی پێشنیاز و ڕەشنووسی پەیڕەوپڕۆگرام، پێشنیازی ناوی ئەندامانی دەستەی ڕێبەر، چاودێری ئابووری و ناوی ئەندامانی دەستەی ئامادەکردنی هەڵبژاردن، دەکرێت. پێشنیازی بەرنامەی کار و ئابووری لە لایەن دەستەی دامەزرێنەورەوە بۆ کۆنفرانسی دروستکردن و دامەزرێنەری کۆمەڵەکە ئامادە دەکرێت.

لە کۆنفرانسی دامەزرێنەری کۆمەڵەکەدا، پاش گۆڕانکاری لە پێشنیازەکاندا کە دەبێت بە شێوەیەکی دیموکراتی ئەنجام بدرێت، بڕیار لە سەر پەیڕەو پڕۆگرام و هەڵبژاردنی دەستەی ڕێبەر دەدرێت.

پاشان کۆمەڵەکە، بە شێوەیەکی فەرمی لای دامودەزگا پەیوەندیدارەکان ناونووس دەکرێت. ناونووسکردنەکە کارەکانی کۆمەڵەکە ئاسان دەکات و شەفافیەت دەخاتە ناو کارەکانی کۆمەڵەکەوە. مەرج نییە پرۆتۆکۆڵی کۆبوونەوەکان پێشانی کەسانی دەرەوەی کۆمەڵەکە یا دەسەڵاتداران بدرێن، چونکە بە دۆکومێنتی گشتی ناژمێردرێن. بەڵام تا کارەکانی کۆمەڵە کراوە بێت و دۆکومێنتەکان گشتی بن، بڕوا و متمانەی کۆمەڵەکە لای خەڵکی زیاتر دەبێت.



**پەیڕەو پڕۆگرام**

پەیڕەوپڕۆگرام بۆ کۆمەڵەیەک، وەک دەستوورە بۆ وڵاتێک. پڕۆگرامەکە دەبێتە یاسای کۆمەڵەکە و کارەکانی بە پێی ئەو یاسایانە دەکرێت. پەیڕەوپڕۆگرامەکە چەند خاڵێک لە خۆی دەگرێت و گۆڕانکاری پێویست، تەنیا لە کۆبوونەوەی ساڵانەدا دەکرێت.

ئەو خاڵانەی کە گرنگە لە پەیڕەوپڕۆگرامدا هەبن، ئەمانەی خوارەوەن:

- ناوی کۆمەڵەکە
- مەڵبەندی کۆمەڵەکە
- ئامانجی یا ئامانجەکانی کۆمەڵەکە
- مەرجەکانی شێوەی کارکردن
- مەرجەکانی ئەندامێتی و ئەندامێتی لێسەندنەوە
- ئابوونەی ئەندامێتی
- یاساکانی شێوەی هەڵبژاردن و ژمارەی ئەندامەکانی دەستەی ڕێبەر و هەڵبژاردنی چاودێری دارایی.
- شێوەی کاری دەستەی ڕێبەر
- یاساکانی کۆبوونەوەی ساڵانە و کۆبوونەوەی نائاسایی
- یاساکانی گۆڕانکاری لە پەیڕەوپڕۆگرامدا
- یاساکانی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەکە

هەر کەسێک پەیڕەوپڕۆگرامی کۆمەڵەکە پەسەند بکات، بۆی هەیە ببێتە ئەندام.

## دەستەی ڕێبەر

دەستەی ڕێبەر بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی بەرنامەی کاری کۆمەڵەکە و کارە ئیدارییەکانی لە ئەستۆیە. پێویست ناکات دەستەی ڕێبەر هەموو کارەکان بکات، بەڵام دەبێت ئاگاداری تەواوی کارەکان و باری ئابووری کۆمەڵەکە بێت.

ژمارەی ئەندامانی سەرەکی و یەدەکی دەستەی ڕێبەر لە پەیڕەوپڕۆگرامەکەدا دەستنیشان دەکرێت. ئەندامێکی یەدەک تەنیا لەو کاتەدا کە ئەندامێکی سەرەکی دەستەی ڕێبەر لەوێ نەبێت، بۆی هەیە دەنگ بدات. ئەندامانی یەدەک لە کۆبوونەوەکانی دەستەی ڕێبەردا ئامادە دەبن و بەشداری کۆنونەوەکان دەکەن.

## یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی ڕێبەر

لە یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی ڕێبەردا، کە دوای کۆبوونەوەی ساڵانە دەکرێت، چەند بڕیارێکی تێدا دەدرێت، لەوانە:

- هەڵبژاردنی ئەو بەرپرسیارانەی کە مافیان دەدرێتێ بە ناوی کۆمەڵەکەوە پارە دەربهێنن، پەیمان ببەستن و بە ناوی کۆمەڵەکەوە قسەبکەن.
- کات و ژمارەی کۆبوونەوەکان... هتد
- بەرپرسیارێتی کارەکان لە نێوان ئەندامانی دەستەی ڕێبەر، لەوانە سەرۆک، سکرتێر و بەرپرسیاری دارایی، دابەش دەکرێت. نموونەی کارەکان کە دەستەی ڕێبەر بەرپرسیارە لێی بریتین لە:
  - پۆستی کۆمەڵەکە، نامەناردن و نامە وەرگرتن.



  - ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەی دەستەی ڕێبەر (شوێن، خاڵەکانی کۆبوونەوەکە و ئاگادارکردنەوەی ئەندامان لە کات و شوێنی کۆبوونەوەکان).
  - دروستکردنی لیژنەی جیاوازی کارکردن.
  - زانیاری ناردن بۆ ئەندامان
  - نووسینەوەی پرۆتۆکۆڵەکانی کۆبوونەوەکانی دەستەی ڕێبەر.
  - ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەی ئەندامان.
  - ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەی ساڵانە.
  - پیاچونەوە و نووسینەوە و باسکردنی بەرنامەی کار.

## بەرپرسیاری دارایی بەرپرسیارە لە

- دانان و دەرهێنانی پارە لە حسابی بانکی (کۆنتۆ) ی کۆمەڵەکە.
- وەرگرتنی ئابوونەی ئەندامێتی.
- ڕێکخستنی لیستەی ناوی ئەندامان.
- نووسینی ڕاپۆرتی دارایی
- ئامادەکردنی پێشنیازی بودجەی کۆمەڵەکە.
- هاوکاریکردن لەگەڵ چاودێری دارایی.

**چاودێری دارایی** چاودێری هەموو کارەکانی دەستەی ڕێبەر دەکات. نوێنەری ئەندامانە لە چاودێریکردنی دارایی و کارەکاندا. چاودێریی ئەوە دەکات کە ئایا دەستەی ڕێبەر بە پێی پەیڕەوپرۆگرام کاردەکات؟ بەرپرسی دارایی کارە ئابوورییەکان بە پێی بڕیارەکان دەبات بەڕێوە؟ لە کۆبوونەوەی ساڵانەدا ڕاپۆرتی چاودێری پێشکەش دەکات و دەبێتە بنەمایەک بۆ ئازادکردنی لە دەستەی ڕێبەر لە بەرپرسیارێتی.

کاری **دەستەی ئامادەکردنی هەڵبژاردن**، پێشنیازکردنی ئەندامە بۆ دەستەی ڕێبەر و دەستەکانی تر لە کۆمەڵەکەدا. لە کۆبوونەوەی ساڵانەدا دەستەی ئامادەکردنی هەڵبژاردن، پێشنیازی دەستەی ڕێبەر و چاودێری دارایی دەکات.

**بەرنامەی کۆبوونەوەی دەستەی ڕێبەر**

هەموو کۆبوونەوەیەکی دەستەی ڕێبەر بەرنامەیەکی کاری بۆ دادەنرێت، کە چەند خاڵێک لە خۆی دەگرێت، لەوانە:

- کردنەوەی کۆبوونەوەکە
- هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆبوونەوەکە
- هەڵبژاردنی سکرتێری کۆبوونەوەکە
- پەسەندکردنی بەرنامەی کۆبوونەوەکە یا گۆڕانکاری تێیدا.
- پێداچونەوەی پرۆتۆکۆڵی کۆبوونەوەی پێشوو.
- ڕاپۆرتەکان
  - ڕاپۆرتی دارایی
  - ڕاپۆرتی کارەکان
- خاڵی دیکە



- کۆبوونەوەی داهاتوو
- داخستنی کۆبوونەوەکە

**بەرنامەی کۆبوونەوەی ساڵانە**

بەرنامەی کارەکانی کۆبوونەوەی ساڵانە جیاوازە لە کۆبوونەوەکانی دەستەی ڕێبەر.

کۆبوونەوەی ساڵانە ئەم خاڵانە لە خۆ دەگرێت:

- کردنەوەی کۆبوونەوەکە
- پەسەندکردنی بەرنامەی کۆبوونەوەکە
- هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆبوونەوەکە
- هەڵبژاردنی سکرتێری کۆبوونەوەکە
- هەڵبژاردنی بژارکاری پرۆتۆکۆڵ ( واتە کەسێک کە بەسەر پرۆتۆکۆڵەکەدا بچێتەوە) و دەنگەکان بژمێرێت.
- ئەندامانی دەستەی ڕێبەر باسی کارو چالاکیەکانی کۆمەڵەکە لەو ساڵەدا دەکەن.
- بەرپرسیاری دارایی ڕاپۆرتی دارایی پێشکەش دەکات.
- چاودێری دارایی ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش دەکات.
- ئازاد کردنی دەستەی ڕێبەر لە بەرپرسایەتی.
- گفتوگۆ لە سەر ئەو پێشنیازانە دەکرێت کە پێشکەش بە کۆبوونەوەی ساڵانە کراون.
- بودجەی ساڵی داهاتوو دەخرێتە بەر باس.
- بەرنامەی کاری ساڵی داهاتوو باس دەکرێت.
- هەڵبژاردنی دەستەی ڕێبەری نوێ (لێرەدا دەکرێت دەستەی نوێ لە دواییدا خۆیان سەرۆک، سکرتێر، بەرپرسی دارایی ... هتد هەڵبژێرن، یا یەکسەر لە کۆبوونەوەی ساڵانەدا، لە نێو دەستەی ڕێبەری نوێدا،

سەرۆک، سکرتێر و بەرپرسی دارایی ... هتد هەڵبژێردرێت).

- هەڵبژاردنی چاودێری دارایی
- هەڵبژاردنی دەستەی ئامادەکردنی هەڵبژاردن.
- خاڵی دیکە
- داخستنی کۆبوونەوەکە

**کۆتایی**

کارکردن لە کۆمەڵەکاندا بۆ مەبەستی پتەوکردن و چەسپاندنی دیموکراتییە لە کۆمەڵگادا. هەر کۆمەڵگایەک، بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ کاری سەربەستی و سەربەخۆیی کۆمەڵە دیموکراتیەکان نەڕەخسێنێت، دوور لە دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی، کۆمەڵگایەکی نادیموکراتە.

مرۆڤ دەبێت بۆی هەبێت کۆمەڵەی سەربەخۆ دروست بکات بە بێ ئەوەی توشی لێپرسینەوە و سەرکوت کردن بێت. دەبێت دەسەڵاتی سیاسی کارئاسانیەکی تەواو بکات بۆ ئەوەی هەر کۆمەڵە مرۆڤێک، زۆر بە سەربەستی و بێ گیروگرفت کۆمەڵەی خۆیان دروست بکەن بۆ کارکردن لەو بوارەی کە بە لایانەوە گرنگ و پێویستە. بەم کارە پرۆسەی دیموکراتی دەچێتە پێشەوە و سیستەمی فێرکاری و دیموکراتی بەهێز دەبێت و کوردستانەکەشمان گەشاوە و کۆمەڵگاکەشمان شەفاف و مەدەنی و کراوە دەبێت.



## پێویستی ریفۆرم لە سیستەمی خوێندنی پەیمانگا و زانکۆکاندا

ئەو ڕیفۆرمانەی کە لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەییدا کراون، گەرەکیانە بەهەمان شێوە ڕیفۆرم لە قۆناغەکانی خوێندنی پەیمانگا و زانکۆکاندا بکرێن. ناکرێت ساڵ لە دوای ساڵ قوتابیان و خوێندکاران ناچاربکەین کە هەموویان وەک یەک هەمان وانە بخوێنن بە بێگوێدانە حەز و ئارەزوویان کە دەیانەوێت کام خوێندن تەواوبکەن و لە دواڕۆژدا ببن بە چی.

بەشەکانی خوێندنی ئامادەیی لە ئەمڕۆدا زۆر بەرتەسکن و گشتین. هەموو لادانێک لەو بەشانە مافی خوێندنی پەیمانگا و زانکۆ لە خوێندکاران دەسەنێتەوە. بۆ نموونە ناکرێت قوتابیەک واز لە وانەی بایۆلۆجی بهێنێت و زیاتر وانەی بیرکاری بخوێنێت لەبەرئەوەی دەیەوێت ببێت بە ئەندازیاری بەشی کارەبا یا میکانیک. ئەم نەتوانینە وایکردووە کە تێکەڵوپێکەڵیەک هەبێت لە خوێندنەکاندا و هیچ خوێندکارێک لە هیچ بوارێکدا قووڵ نەبێتەوە و نەبێت بە لێزان، پسپۆڕ یا شارەزا لە بوارەکەی خۆیدا. لەهەمانکاتدا ناچاردەکرێت کە هەوڵەکانی بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی لەبواری وانەی بیرکاری و بایۆلۆجی و کوردی و ئاییندا وەک یەکبن و نەتوانێت هێز و توانای خۆی لەو بوارەدا کە حەز و ئارەزووی خۆی، کە خەیاڵ و فەنتازیای خۆی، کە پاشەڕۆژی خۆی پێویستی پێیەتی، بەکاربهێنێت. ڕیفۆرم لەم بوارەدا گرنگە ئەگەر بمانەوێت تواناکان چڕبکەینەوە و کوردستانیش لە ئایندەدا ببێتە خاوەن پسپۆڕی بە توانای خۆی لە بوارەکانی زانستی سەردەمدا.

ڕێگر لەبەردەم ڕیفۆرمێکی وادا زۆرە، گرنگترینیان، نەبوونی ریفۆرم و نوێخوازیە لە سیستەمی خوێندنی پەیمانگا وزانکۆکاندا. ئەو سیستەمەی کە لە وەرگرتنی قوتابیاندا بۆ خوێندن لە زانکۆکاندا بەکاردەهێنرێت، سیستەمێکی کۆنە و هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە کە دەرگا ئاوەڵا بکات بۆ بەهێزکردنی ڕیفۆرمەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی.

ماوەی دوو ساڵە وەزارەتی پەروەردە سەرقاڵی ریفۆرمە لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەییدا، ڕیفۆرمەکان گشتگیر نین و هەنگاوی تر ماوە بەڵام بناغەیەکی زۆر پتەون بۆ بیناکردنی سیستەمێکی فێرکاری دیموکراتی کە تیایدا بەهابنەماییەکان سەروەربن و دیدێکی مرۆڤدۆستانە باڵادەستبن. لەم کاتەدا و بۆ پشتگیری و سەرکەوتوویی سیستەمەکە، هەروەها بۆ سەرتاسەری و بەردەوامی ئەو دیدە مرۆڤدۆستەی قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی زۆر گرنگە کە وەزارەتی خوێندنی باڵا بکەوێتە خۆی و دەستبکات بە گۆڕانکاری و نوێخوازی کە لە ڕاستیدا دەبوایە ئەو پرۆسەیە زۆر پێش ئێستا بکرایە. بۆ نموونە قبوڵ مەرکەزی سیستەمێکی وەرگرتنە کە لە هیچ وڵاتێکی ڕۆژئاوایی و دیوکراتیدا پەیڕەوناکرێت، تەنانەت وڵاتەکانی سەر بە بەرەی ڕۆژهەڵاتی و سۆڤیەتی کۆنیش وازیان لێهێناوە تەنیا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیا و ئەفەریقادا بەکاردەهێنرێت. هۆکارەکانی مانەوەی ئەو سیستەمە کۆنەش دوانن، یەکێکیان ئاسانی سیستەمی قبوڵ مەرکەزیە کە پێویست بە بەکارهێنانی مێشک ناکات بۆ پەیڕەوکردنی. دووەم هۆکار بەردەوامی کۆنترۆڵ و بڕیاردانی ناوەندییە کە سەرتاپای سیستەمەکەی گرتۆتەوە و هیچ ڕێزێک بۆ ناناوەندیی و دەسەڵاتی زانکۆکان دانانێت. سەرۆکی



زانکۆیەک بۆ بڕیاردان دەبێت قسە لەگەڵ سەرەوەی خۆی بکات، ڕاگری کۆلیژێک لە کاتی بڕیارداندا سەیری سەرەوەی خۆی دەکات. ئەم ناوەندێتیە سیستەمەکەی کردۆتە سیستەمێکی وەستاو و تواناکانی دەستپێشخەری و داهێنانی کوشتووە.

بودجەی زانکۆکان بەپێی سیستەمێکی ڕۆژئاوایی شەفاف و کراوە تەرخان ناکرێت، کە بریتیە لە ژمارەی قوتابیان، کرێی بینا و موچەی مامۆستایان و کارمەندان، لەگەڵ کتێب و پێویستیەکان تر. نەبەستنەوەی بودجە بە ژمارەی قوتابیانەوە، سەربەستی لە زانکۆکان سەندۆتەوە. زانکۆکان هەندێک پارە وەردەگرن کە من نازانم لە سەر چ بناغەیەک، دوای ئەوە ماوە بە ماوە پارەی تریان دەدەنێ هەروەک خێریان پێبکرێت. دانان و لابردنی مامۆستا ناوەندییە، سەرۆکی زانکۆ و ڕاگرانی کۆلیژەکان زۆر سەربەست نین کە بتوانن خۆیان بڕیاربدەن بەبێ ئەوەی پرس بە سەرەوەی خۆیان بکەن. نەبوونی سەربەستی ئابووری لە سیستەمی خوێندنی باڵادا سیستەمەکەی تووشی شەلەل کردووە و دەسەڵاتی چڕ کردۆتەوە لە دەزگایەکی بچوکی ناوەندیدا.

هەر لەبەر ئەو هۆیەی سەرەوە زانکۆکان ڕێگەیان پێنادرێت کە خۆیان دەستنیشانی ئەوە بکەن کە چەند قوتابی وەربگرن، لە کام بەشانە وەریانبگرن، کام بەشە نوێیانە بکەنەوە، کام بەشە کۆنانە دابخەن، کام قوتابیانە وەربگرن، چۆن وەریانبگرن. هەر لەم بوارەدا، ڕێگا نادرێت کە کێبڕکێ لە نێوان زانکۆکاندا هەبێت و بازاڕی ئازاد وا لە خوێندکارەکان بکات کە کام زانکۆیە هەڵبژێرن. ونبوونی کێبڕکێ لە نێوان زانکۆکاندا لە ئاستی زانکۆکانی هێناوەتە خوارەوە و چەندایەتی جێگای چۆنایەتی گرتۆتەوە. هەوڵدەدرێت لە ژێر ناوی یەکسانی و عەدالەتدا ئاستی

زانکۆکان هەموویان وەک یەکبن، کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە و عەدالەت مانای لەباربردنی کێبڕکێ نیە، بەڵکو کێبڕکێ عەدالەت بەهێزدەکات. کێ خۆی زیاتر هیلاک بکات و تواناکان بخاتە گەڕ بۆ پێشکەوتنی زانکۆکەی ئەوە مافی خۆیەتی کە بودجەی زیاتر هەبێت بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆرتر قوتابی ڕووی تێدەکەن.

بوونی هێڵێکی سەرتاسەری لە نێوان لەلایەک قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی و لەلایەک قۆناغی ئامادەیی و خوێندنی باڵا، پەیمانگا و زانکۆکان، پێویستیەکی گرنگە و ناکرێت تەنیا ڕیفۆرم لە قۆناغی بنەڕەتیدا بکرێت بەبێ ڕیفۆرم لە قۆناغی ئامادەییدا. هەروەها ناکرێت تەنیا ڕیفۆرم لە قۆناغی ئامادەییدا بکرێت بەبێ ڕیفۆرم لە سیستەمی خوێندنی ناو پەیمانگا و زانۆکاندا.

گرنگترین چاکسازی لە سیستەمی خوێندنی پەیمانگا و زانکۆکاندا بریتین لە:

- سەربەستیدانی زیاتر لە پەیمانگا و زانکۆکاندا لە بواری کارگێڕیدا و بەهێزکردنی ناناوەندێتی لە بڕیارداندا.
- بەستنەوەی بودجەی پەیمانگا و زانکۆکان بەژمارەی قوتابیەوە.
- نەمانی سیستەمی قبوڵ مەرکەزی و کرانەوە بەڕووی خوێندنی ئامدەییدا بۆ وەرگرتنی قوتابیان بەپێی سیستەمێک کە قوتابی و خوێندکار وەک تاک سەیربکرێن و هەموویان ناچار نەکرێن کە هەمان وانە بخوێنن بێگوێدانە ئارەزووکانیان.
- دوورخستنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە خوێندنی پەیمانگا، زانکۆ و باڵا و دانانی کەسانی لێهاتوو، پسپۆڕ و شارەزا لە



جێگای بڕیاردا بە بێگوێدانە بوونی یا نەبوونی ئینتمای حیزبی.

- دانان و دامەزراندنی ڕێپیشاندەری خوێندن و کار لە پەیمانگا و زانکۆکاندا بۆ یارمەتیدانی خوێندکاران بۆ هەڵبژاردنی بەشەکانی خوێندن و دەستنیشانکردنی کاری ئایندەیان. لەم بوارەدا کوردستان زۆر هەژارە و زەرەرمەندی یەکەمیش قوتابیان و خوێندکارانن بەتایبەتی لە قۆناغەکانی ئامادەیی و زانکۆدا.
- پەیمانگا و زانکۆکان خۆیان دەسنیشانی وانە شایستە یا وانە تایبەتیەکان بکەن کە پێویستە قوتابیان خوێندبیتیان بۆ ئەوەی وەربگیرێن لە بەشە جیاوازەکاندا. وانە گشتیەکان کە دەبیت هەموو خوێندکارێک بیخوێنێت دەکرێت وەزارەتی پەروەردە دیاری بکات. بۆ ئەنجامدانی ئەم چاکسازیە گرنگە کە بە زووترین کات لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا دروستبکرێت بۆ دەستنیشانکردنی میکانیزم و وردەکاری کارەکە.

زۆر ڕیفۆرمی گرنگی تریش کە دەبێت وەزارەتی خوێندنی باڵا بیانکات، لەلایەک بۆ سەرخستن و پشتگیری چاکسازیەکانی قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی، لەلایەک بۆ نوێخوازی و ڕیفۆرم لە بواری خوێندنی پەیمانگاکان، زانکۆکان و خوێندنی باڵا تر وەک ماستەر و دکتۆرا.

لە ڕاستیدا ناکرێت بواری ئامادەیی بەشی تازەی تێدابکرێتەوە و مافی هەڵبژاردنی وانە و بەشەکان بدەیت بە خوێندکاران لەکاتێکدا خوێندنی باڵا بەخەمساردی و سستی

بمێنێتەوە و تەنیا کاری ئەوە بێت کە فەرمانبەر بەرهەم بهێنێت لەکاتێکدا ئابووری کوردستان بەدەست هەڵئاوساوی مووچەی زۆری فەرمانبەرانەوە دەناڵێنێت.

لە کوردستان بەشێوەیەکی فراوان بازاڕی ئازادمان نیە، هەر بۆیە ئابووریەکی لاوازمان هەیە کە پشت نابەستێت بەهێزی بەرهەمهێنان و تەکنیکی نوێ، بەڵکو هەموو کاڵا و خزمەتگوزاریەک لە دەرەوەی کوردستانەوە، بەو پارەی نەوتەی کە لە حکومەتی فیدراڵەوە دێت، دەهێنرێت. ئەم شێوەیەی بەڕێوەبردنی ئابووری وڵاتێک، مێشکی مرۆڤەکان سست دەکات و توانای دەستپێشخەریان لێدەسێنێتەوە.

بۆ هەڵگێڕانەوەی ئەو بارودۆخە نالەبارە دەبێت کۆمەڵێک فاکتەری گرنگ بخرێتەگەڕ و لە زۆر لایەنەوە هەوڵبدرێت چاکسازی تێدابکرێت. ڕۆڵی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا چارەنوسسازن بۆ دوارۆژی خاکەکەمان.

لە ئەمڕۆدا گرنگە کە وەزارەتی خوێندنی باڵا لیژنەیەک دروستبکات بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا پێشنیاز بکەن بۆ بە ریفۆرمکردنی سیستەمی خوێندن هەر لە فێرکاریەوە تا کارگوازری و سستی و کاتکوشتن کە زەرەرێکی زۆردەدات لە لایەک لە سیستەمی ئابووری کوردستان و لەلایەک دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئەو ڕیفۆرمە گرنگانەی کە لە قۆناغی بنەڕەتی وئامادەییدا کراون.

لە ڕاستیدا گرنگە کە ئەو دیوارە بەرزەی ئەمڕۆ هەیە لە نێوان قۆناغی ئامادەیی وقۆناغی خوێندنی باڵا دا بڕوخێنرێت



و لە جێگایدا سیستەمێکی کارگوازاری ئاسان و جوڵاو دابنرێت کە بەرژەوەندی خوێندکار بکاتە ناوەند. ئەم کارەش دەکرێت، بە شێوەیەک کە سیستەمی فێرکاری قۆناغەکان لەیەک نزیک بکرێنەوە، بۆ نموونە سیستەمی تاقیکردنەوە و ئەزموونەکان بکرێن بە سیستەمی وانەیی واتە کۆرسات کە ئەمڕۆ لە زانکۆکاندا هەیە، بەمەش کەمێک لە ناوەندێتی سیستەمی ئەزمومەکان کەمدەکرێنەوە و تاقیکردنەوەی سەری ساڵیش نامێنێت، کە ئەوەش ڕیفۆرمێکی گرنگە کە دەبێت بکرێت پاش ئەوەی بەسەرکەوتوویی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ لابراو کەمێک لە پیرۆزی تاقیکردنەوەکان کەمکرانەوە.

# خوێندن بۆ هەمووان

سیاسەتی پەروەردەیی وڵاتێک دەستنیشانی هێڵە گشتیەکانی ڕێڕەوی پرۆسەی فێرکاری وڵاتەکە دەکات. لە خوار ئەو سیاسەتەوە سنووری ناوەندێتی دەسەڵات نامێنێت و جێبەجێکردنی سیاسەتەکە دەدرێتە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانەوە تا بچوکترین یەکەی مەڵبەندی خوێندن لە کۆمەڵگادا.

لە ئەمڕۆی کوردستاندا، ئەو ریفۆرمانەی کە لە سیستەمەکەدا کراون بۆ ئەوەیە کە دەسەڵاتی یەکە کارگوزاریەکان زیادبکرێت و قوتابی و خوێندکار بکرێن بە ناوەند. خوێندن بۆ هەمووان بێت و فرەلایەنەیە بێت، واتە لە پێناوی هەموو قوتابی و خوێندکارێک بێت نەک تەنیا ئەوانەی پێیان دەوترێت زیرەک و بەتوانان واتە ئێلیتن، دانسقەن یا هەڵبژاردەن، هۆکاری ئەم بۆچوونەش ئەوەیە کە:

1- ژمارەی نەخوێندەوارمان زۆر زۆرە و گرنگە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین بەوەی گرفتە گرنگەکانی بەردەم خوێندن لابەرین بۆ ئەوەی وازلێهێنانی خوێندن بنبڕبکەین. چونکە نەخوێندەواری دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لەوانە: توندوتیژی بەرامبەر منداڵ و ئافرەت، ڕق و تۆڵە سەندنەوە، گەندەڵی، تەسککردنەوەی دنیای بیرکردنەوە، ونبونی داهێنان، لاوازی بەرهەمهێنان ... هتد. ئەمڕۆ لە کوردستان هەموو ئەو گیروگرفتانەمان هەیە کە نەخوێندەواری توشی کۆمەڵگای کوردستانی کردوە. ئەو کێشانە بە شێوەیەکی قوڵتریش لە وڵاتە عەرەبیەکاندا



هەن لەبەرئەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری لەو وڵاتانەدا نزیک بۆتەوە لە 50%.

2- نزمی ئاستی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەهۆی لە لەیەک نزمی ئاستی ڕۆشنبیری گشتییەوە و لەلایەک ونبونی بەهابنەماییەکان، بەتایبەتی سەربەستی تاکەکەس لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا.

بەهۆی هۆکارە کلتوری، ئاینی و ناوچەییەکانەوە لەبارودۆخێکی وادا ئاستی دێبات و گفتوگۆ دەربارەی سیستەمی فێرکاری لاواز بووە. نزمی ئاستی ڕۆشنبیری گشتی وایکردووە کە هەموو ریفۆرمێک بەچاوی گومانەوە سەیر دەکرێت. بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری گشتی، خاکی کوردستان پێویستی بە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و بنبڕکردنی نەخوێندەواری هەیە. ئەو کارەش دەکرێت کاتێک کە ریفۆرم و ئاسانکاری بکرێت لە پرۆسەی فێرکاریدا و کێشە و گرفتەکانی بەردەم قوتابی و خوێندکار لابرێت بۆ ئەوەی واز لە خوێندن نەهێنن. کەمکردنەوە یا بنبڕکردنی نەخوێندەواری گرفتێک نیە کە چارەسەرنەکرێت. دوو هەنگاو هەیە کە زۆر گرنگە لەم بوارەدا بنرێت:

1 بەهێزکردن و گەورەکردنی ڕۆڵی قوتابی لە ناوەندەکانی خوێندندا. بەوەی کە هەموو پرۆسەکە لە خزمەتی قوتابیدا بێت و ناوەند بن، بەو واتایەی کە پرسیان پێبکرێت، کارئاسانیان بۆ بکرێت. کێشەکانیان چارەسەربکرێت و کۆسپەکان وەک زۆری تاقیکردنەوە و بوونی سەرکوتکردنی فیزیاوی و دەروونی لابرێت.ترس، لێدان و سوکایەتی لە قوتابخانەدا نەمێنن.

2 دابینکردنی بودجەیەکی زۆر بۆ پرۆسەی خوێندن. من حەزدەکەم دوو نموونەی وڵاتی سوید بهێنمەوە کە چەند پارە تەرخاندەکەن بۆ خوێندن: نموونەی یەکەم کۆمیونی (شارەوانی، شارۆچکەی) تێبی: بودجەی ئەم شارۆچکەیە نزیکەی دوو ملیارد و نیو کرۆنە، نزیکەی ملیاردو نیوێک کرۆن تەرخاندەکرێت بۆ خوێندنی قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی، واتە زۆر زیاتر لە 50% ی بودجەی شارۆچکەکە بۆ پرۆسەی فێرکاریە.
نموونەی دووەم کۆمیونی ئوپلانس ڤێسبی یە، کە بچوکترە لە تێبی، بودجەی شارۆچکەکە ملیارد و نیوێک کرۆنە، لەوە نیوەی بودجەکە تەرخاندەکرێت بۆ خوێندن. (یەک دۆلار شەش کرۆنە). وڵاتێک کە ئەو هەموو پارەیە بۆ خوێندن تەرخان بکات، بێگومان پێشدەکەوێت.

ئەو سیاسەتەی پرۆسەی فێرکاری دەبات بەڕێوە لە وڵاتی سوید، سیاسەتی پشتگیری هەموانە بۆ ئەوەی لە لایەک خوێندواربن، لەلایەک خاوەن تاکەکان سەربەستی تاکەکەسی و ڕۆشنبیری گشتیان هەبێت. بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتەش بەوە کراوە کە قوتابی ناوەند و ڕێزلێگیراوە، لە لایەکی ترەوە بەبێوەستان ڕیفۆرم و نوێخوازی لە سیستەمی فێرکاری وڵاتەکەدا دەکرێت. لە سوید نزیکەی هەر دەساڵ جارێک پلانی قوتابخانەکان دەگۆڕدرێت یان دەدرێتە بەر شاڵاوی چاکسازی و نوێخوازی .من لە ساڵی 1982 ەوە لە نزیکەوە هەم وەک خوێندکار



هەم وەک مامۆستا و بەڕێوەبەر لە سیستەمەکدا بووم، بە بەردەوامی گۆڕانکاری و نوێخوازیم بینیوە، هەموو کاری ڕیفۆرمەکانیش بەرەو یەک ئاڕاستە دەڕۆن، ئەویش ئەوەیە کە قوتابخانە پرۆسەی خوێندنی بۆ هەموان بێت و لای هەموان گرنگ و خۆشەویست بێت. ڕیفۆرمەکان بە درێژایی ئەم هەموو ساڵانە بۆ ئەوە بوون کە دەسەڵاتی قوتابی زیاد بکەن، کە قوتابی سەربەخۆیی تاکەکەسی پارێزراو بێت، سەربەست بێت لە بیرکردنەوە، ئازاد بێت لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا، ئەنجامەکەشی بەرهەمهێنانی مرۆڤی سەربەست و ئازادە، مرۆڤی خاوەن دەنگ و ڕەنگی ئازاد. خاوەن بیرکردنەوە و داهێنان. سیستەمەکە ڕێگرەکانی بەردەمی قوتابیان لادەبات. هەموو کەس وەک یەک سەیر دەکات، جیاوازی ناکات بەوەی کە ڕێز لە قوتابیان بگرێت بەوەی ئاستی زانستی و زانیارییان چۆنە و چەندە. شتێک نیە ناوی قوتابی تەمەڵ بێت. کەس تەمەڵ نیە لە ناو سیستەمەکەدا، ئامانجیش ئەوەیە کە هەل بڕەخسێنرێت بۆ هەموان کە بەردەوام بن لەسەر خوێندن. ئەگەر دابڕانیش هەبێت سیستەمەکە دەیان کارئاسانی تێدایە بۆ گەڕانەوەی قوتابی بۆ ناو ناوەندەکانی خوێندن.

دوا ڕیفۆرم لە سیستەمی فێرکاری سویددا بۆ قۆناغی ئامادەیی کە ئێستا بەڕێوەیە و هێشتا حکومەت و پەرلەمانی سویدی بڕیاری لەسەر نەداوە (مانگی سێی ساڵی 2009 دەنگی لەسەر دەدرێت)، ڕیفۆرمێکی گشتگیریە کە یەک

پسپۆڕی پەروەردەیی بە ناوی خاتوو ئەنیتا فۆرم، پێشنیاری کردوە لەسەر داوای حکومەتی سویدی.

خاتوو ئەنیتا دەڵێت ئەو خاڵانەی کە بناغەی کارەکەی من بوون و ویستومە لە کاتی پێشنیازکردنی ڕیفۆرمەکەدا بیانکەم، گرنگترینیان بریتین لە:
**بەهێزکردنی مافی قوتابیە بۆ خوێندنێکی باش:** واتە هۆی سەرەکی ڕیفۆرمەکە بەهێزکردنی مافەکانی قوتابی و خوێندکارە. ئەمە لە کاتێکدایە کە مافەکانی قوتابی لە وڵاتی سویدا زۆر زۆرن و قوتابی ناوەندە، بەڵام هێشتاش پسپۆڕانی پەروەردەیی وڵاتی سوید دەیانەوێت زیاتر قوتابی بکەن بە ناوەندی کارەکان و زیاتر هەموو پرۆسەکە بخرێتە خزمەتی قوتابیانەوە بەوەی مافەکانیان زیاد بکەن، ڕێزیان لێبگرن، گوێیان لێبگرن، ئاسانکارییان بۆ بکەن، سەرکوتیان نەکەن. بە بۆچونی من، وڵات ئاوا دەبرێتە پێشەوە. کە سیستەمەکە ڕێزی لە تاکەکەس گرت، تاکەکەسیش خۆی بە خاوەنی سیستەمەکە دەزانێت و خزمەتی دەکات، پارێزگاری لێدەکات و لە پاشەڕۆژیشدا بە بیریا نایەت فێڵی لێبکات.

قوتابی لە کوردستان بۆ قۆپیە دەکات؟ بۆ فێڵ لە سیستەمەکە دەکات؟ بۆ خوێندکار لە تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی دوانزەدا (پۆلی شەشی ئامادەیی) وانە بۆ دەوری دووەم دەهێڵێتەوە؟ (ئەمساڵی خوێندن 2007-2008 لە 23000 بیستوسێ هەزار قوتابی بەشی زانستی پۆلی دوانزە 15000 پانزە هەزاریان لە وانەکانی کوردی و عەرەبی دا خۆیان هێشتۆتەوە!!!) ئەم فێڵکردنە بۆ؟ ئەم لادانە لە هێڵە گشتیەکە



بۆ؟ ئەم کارە هەڵەی قوتابی خوێندکار نیە بەڵکو سیستەمی فێرکاریە کە ناچاری دەکات فێڵ بکات.

لە قوتابخانەکانی کوردستاندا قوتابی لە مامۆستا دەترسێت، سەرکوتدەکرێت، ڕۆژانە دەشکێندرێنەوە. ئیتر چۆن قوتابی قوتابخانەکەی خۆی خۆشدەوێت؟ مامۆستاکەی خۆی خۆشدەوێت! لە کۆتاییدا چۆن دەتوانین هەستی خۆشەویستی خاک و وڵاتیان لا دروستبکەین کە ئێمە لە تەمەنی منداڵی و لاوێتیدا سەرکوتمان کردبێتن.

**دووەم بناغەی ڕیفۆرمە نوێیەکەی وڵاتی سوید بریتیە لە زیادکردنی پەیوەندی قوتابخانە بە کۆمەڵەوە** (لە قۆناغی ئامادەیی بریتیە لە بەهێزکردنی پەیوەندی خوێندنگا ئامادەییەکان بە خوێندنی باڵا، بازاڕی کار و دایکوباوکی خوێندکارەکان).

ئەم بەهێزکردنی پەیوەندیە لە کاتێکدا ڕیفۆرمی تێدا دەکرێت کە پێشکات پەیوەندییەکە زۆر بەهێزە بەڵام وڵاتی سوید دەیەوێت قوتابخانە و کۆمەڵ پەیوەندیەکانیان بەهێزتر بێت و ئامانجیش ئەوەیە کە سیستەمی فێرکاری لە وڵاتی سویدا زیاتر بێتە بەشێکی بنەڕەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵ، واتە بەهابنەماییەکانی قوتابخانە ئەو بەهایانە بن کە بەردی بناغەی ئاستی بەرزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگا بن.

ئەم ڕیفۆرمە نوێیەی سیستەمی قوتابخانەکانی سوید، بەشی ئامادەیی، تەنیا و تەنیا بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی قوتابیە لە

قوتابخانەکاندا، ڕیفۆرمی پێش ئەمەش هەر بۆ ئەو ئامانجە بوو، ئێستا ئەم ڕیفۆرمەش تەواوکەری ئەوانەی پێشووە.

بەردەوامی ڕیفۆرمەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گۆڕانکاری گەورە لە کۆمەڵگادا ڕوودەدات و گرنگە کە ساڵ لە دوای ساڵ پرۆسەی نوێخوازی بەردەوام بێت و مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵ بەهێزبکرێن و سیستەم کاربکات بۆ ئەوەی تاکەکان ئازاد و سەربەست بن لە بیرکردنەوە و هەڵبژاردنی شێوەی ژیانی خۆیان. سیاسەت و دین هەرگیز نابێت ببنە ئامڕازی سەرکوتکردن و دەبێت لە سەربەستی تاکەکەس کەمنەکەنەوە بەڵکو هەر کەس ئازاد بێت لەوەی سیاسەت بکات یا نا، دینی هەبێت یان نا، ئیماندار بێت یان نا.

لە سوید لە 52% ی کارەکانی ناو بازاڕی کار پێویستی تەنیا بە خوێندنی ئامادەیی هەیە. لە 48% ی کارەکانی ناو بازاڕی کار پێویستی بە خوێندنی بەرزتر هەیە، بۆ نموونە بەکالۆریس لە زانکۆ. هەر لە بەر ئەو هۆیە وڵاتی سوید گرنگیەکی زۆر گەورە بە خوێندن لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی دەدات. بودجەیەکی زۆر گەورە بۆ پرۆسەی فێرکاری لەم قۆناغانەدا تەرخاندەکرێت.

لایەنێکی تری گرنگی ڕیفۆرمەکان بریتیە لە زیاتر پشتیوانکردنی قوتابی بۆ ژیانی گەورە ساڵی. واتە هەموو سیستەمەکە بۆ ئەوەیە کە زیاتر و زیاتر پشتیوانی قوتابیان بکرێت و ئامادەبکرێن بۆ ژیانی گەورەساڵی بۆ ئەوەی خۆیان ببنە خاوەنی بیرکردنەوەی سەربەستی خۆیان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیاندا.



ئەنجامی ڕیفۆرمە بەردەوامەکانی وڵاتی سوید بۆ ئەوەیە کە سیاسەتی پەروەردەیی لە خزمەتی هەمواندا بێت. هەموان هەستبکەن کە گرنگیان پێدراوە نەک تەنیا گروپێک ڕێزلێگیراو بن کە زیرەکن. ئەوانی تریش پشتگوێ و سەرکوتبکرێن. وڵاتێک کە گرنگی بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگاکەی بدات، ئاستی ڕۆشنبیری گشتی تێدا بەرز دەبێت، خۆشەویستی بۆ بەهاکانی وڵات بێسنوور دەبێت.

منداڵ ناتوانێت یەکێکی خۆشبوێت کە لێی بترسێت. ترس کۆت و زنجیری سەربەستی ناو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە. ئەوەی لە منداڵیدا ڕوودەدات کاریگەری بەهێز لەسەر کەسایەتی گەورەساڵ دادەنێت. کە بە زۆر فەرماندرا بە قوتابی، لە بەر مامۆستاکەی هەڵسێت، ئەو کات هەموو هاتنە ژوورەوەیەکی مامۆستاکە بۆ پۆل سنوور دانان و کەمکردنەوەیە لە سەربەستی تاکەکەسی قوتابیەکان. مافی بڕیاردانیان لێدەسەنرێتەوە و دەبێت هەڵسن لەبەر مامۆستاکە. ئەم هەستانە ڕێزدانان نیە بۆ مامۆستاکە، ڕێز لێنەگرتنی سەربەستی تاکەکەسی قوتابیەکەیە.

منداڵ کە بە زۆر شیعر و ئایەتت پێلەبەرکرد، هیچ خۆشەویستیەکی بۆ شیعر و ئایەتەکە نابێت، بەڵکو زیاتر دەبنە ئامڕازێکی سەرکوتکردن و زۆرلێکردنی قوتابیەکە. پێداگۆگی سەرکەوتو ئەو کەسەیە کە بە ئاسانترین شێوە هەستی باوەڕبەخۆبوون لای قوتابیەکە بەهێزدەکات، ئەو هەستەش کاتێک دروستدەبێت کە قوتابیەکە هەستدەکات

شتێکی تازە فێربووە. لە ئەتمۆسفێرێکی مرۆڤدۆستانەدا ڕێزی لێگیراوە و گرنگی پێدراوە.

**یەکێک لە ڕیفۆرمە نوێیەکانی تری سیستەمی فێرکاری سوید ئەوەیە کە هەموو بەشێک لە قۆناغی ئامادەیی، بۆ نموونە بەشی زانستی یا وێژەیی، ئەنجومەنێکی خۆی هەبێت.**
ئەنجومەنەکە پێکدێت لە چەند نوێنەرێک لە خوێندنی باڵا بۆ نموونە لە زانکۆکانەوە هەروەها چەند نوێنەرێک لە بازاڕی کارەوە بۆ نموونە لە کۆمپانیا و شەریکە تایبەتیەکانەوە لە هەمانکاتدا چەند نوێنەرێک لە بواری پەروەردەدا. کاری ئەنجومەنەکە ئامۆژگاریدان و ڕێپیشاندانە، ڕاوێژکاری و گفتوگۆیە لە سەر چۆنیەتی بەرەوپێشەوەبردنی بەشەکە. ئەم هەنگاوە زیاتر قوتابخانە و کۆمەڵ لە یەک نزیک دەکاتەوە و سودێکی زۆری دەبێت بۆ خوێندکارەکان بۆ ئەوەی بتوانن لە پێویستیەکانی خوێندنی باڵا و بازاڕی کار تێبگەن و لەو ڕێگەیەوە ڕێڕەوی ژیانی خۆیان باشتر دەستنیشان بکەن. ئەم نزیکبونەوەیەی قوتابخانە ئامادەییەکان لە بازاڕی کار و خوێندنی باڵا، پرۆسەی ئامادەکردنی خوێندکار بۆ ژیانی گەورەساڵی ئاساندەکات، لەهەمانکاتدا بازاڕی کار دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر پرۆسەی فێرکاری لە پێناوی زیاترکردنی بەرهەمهێنان لە وڵاتدا.

ئێمە لە کوردستان کێشەی نەخوێندەواریمان هەیە، ئەم کێشەیە وەک میکرۆب خوێنی لەشی خاکەکەمانی پیس کردووە و تووشی دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، سایکۆلۆجی و ئابووری کردووە. یەکێک لە گەورەترین کار کە حکومەتی کوردستان لە ڕۆژی ئەمرۆدا بیکات، هەوڵدانی بێوچانە بۆ



بنبڕکردنی نەخوێندەواری تا لەو ڕێگایەوە ئاستی ڕۆشنبیری گشتی بەرزبێتەوە و کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان، لە کوشتنی ژنان، لێدانی منداڵ و گەندەڵی کەمبێتەوە.

بنبڕکردنی نەخوێندەواریش کاتێک دەکرێت کە کارئاسانی بۆ قوتابیان بکرێت و پرۆسەی فێرکاریان لا خۆشەویست بکرێت. دەبێت قوتابخانە لە شوێنی ترس و سەرکوتکردنەوە بکرێت بە شوێنی دڵنیایی و دڵخۆشی قوتابیان. ئەم ڕیفۆرمە تازانەی کە لە سوید دا بەڕێوەیە بۆ زیاتر بەهێزکردنی ڕۆڵی قوتابیە. بە بەراورد لەگەڵ کوردستاندا دەبوایە سوید هیچ پێویستیەکی بە ڕیفۆرمکردنی سیستەمی وڵاتەکەی نەبوایە بەڵام هەر بەردەوامن لەسەر بەهێزکردن و چاکسازی سیستەمەکەیان.

بەداخەوە لە کوردستان لە کاتێکدا سیستەمەکەمان دەیان کەلێن و پێویستی گرنگی هەیە، بەڵام هەر بەرهەڵستی هەیە لە بەرامبەر نوێخوازی و ڕیفۆرمدا، هەندێجار بەو هۆکارەی کە پێویستمان بە کاتی زیاتر هەیە بۆ لێکۆڵینەوە و ئامادەکاری.

لە کاتێکدا ئێمە زۆر باش دەزانین سیستەمی سزادان و تاقیکردنەوە سیستەمێکی دواکەوتووە، ئیتر لێکۆڵینەوەی چی بکەین؟ ئایا نازانین کە قوتابی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا سەرکوت دەکرێت؟ ئایا نازانین کە ئەو سیستەمە کۆنەی تاقیکردنەوە و دەرچوون و دەرنەچونی قوتابیان لە سزادان زیاتر هیچ جۆرە مرۆڤێکی خاوەن توانا و سەربەخۆ دروستناکات؟

سیستەمی پەروەردە و خوێندن دەبێت لە خزمەتی هەموواندا بێت، دەسنیشانکردنی ستراتیژی سیاسەتی پەروەردەیی کوردستان دەبێت لە ئاستێکدا بێت کە مرۆڤی خاوەن توانا و بەهرەی کۆمەڵایەتی دروستبکات کە مورال و ڕەوشتی ناو دەروونی وایلێبکات کە بوێرانە دژی هەموو جۆرە سەرکوتکردنێک بێت.

بنبڕکردنی گەندەڵی لە کوردستاندا پرۆسەیەکی درێژخایەنە و تەنیا بە خەڵکی خوێندەوار و خاوەن ڕۆشنبیری گشتی بەڕێوەدەچێت، نەک کەسانێک کە بەرهەمی سیستەمێکی سەرکوتکەر بن. کارئاسانی بۆ ئەوەی قوتابیان لە خوێندنەکەیان بەردەوام بن لە ڕێگای لابردنی کۆسپەکانی بەردەمیان یەکێکە لەو ئامرازانەی کە دەبێت بەپێی ستراتیژێکی پەوەردەیی درێژخایەن پلانی بۆ دابنرێت.

ئەو هەنگاوانەی کە نراون لەو ڕێگەیەدا زۆر گرنگن بە تایبەتی لابردنی دەرنەچوون لە پۆلەکانی یەک ودوو و سێی بنەڕەتیدا لەگەڵ نەمانی تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ و بەکالۆری شەشی بنەڕەتی. بەردەوامی لەسەر ئەو هەنگاوانە بە تایبەتی لابردنی تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی نۆی بنەڕەتی و شەشی ئامادەیی (پۆلی دوانزە) هەروەها لابردنی تاقیکردنەوەی سەری ساڵی هەموو پۆلەکان، ڕیفۆرمی گرنگن و پێویستە بکرێن.

هەروەها گرنگە کە قوتابی و خوێندکار مافی هەڵبژاردنی هەبێت و بۆی هەبێت لەو وانانەدا قوڵبێتەوە کە پێویستی پێیەتی و ئەو وانانە لاببات کە پێوسیتی پێی نیە. بەشەکانی



ئامادەیی گرنگە زیادبکرێت. لە سوید 17 بەشی ئامادەیی هەیە. هەر بەشەی چەندین لقی جیاوازی لێدەبێتەوە، بۆ نموونە بەشی زانستی، چەند لقێکی هەیە لەوانە لقی ماتماتیک، لقی کۆمپیوتەر، لقی زانستی خوێندنی باڵا...هتد.

**لەم ڕیفۆرمە تازەیەی سوید ژمارەی بەشەکانی ئامادەیی لە 17 بەشەوە دەکرێت بە 19 بەش،** لەوانە پێنج بەشیان تێورین و بۆ ئامادەکردنی قوتابیانە بۆ خوێندن لە پەیمانگا، زانکۆ و خوێندنی باڵا. 14 بەشیان پیشەین و بۆ ئامادەکردنی قوتابیانە بۆ بازاڕی کار.

لە کوردستان بەشەکانی قۆناغی ئامادەیی لە ژمارەی پەنجەکانی یەک دەست تێناپەڕن. هیچ کام لە بەشەکانیش لقیان لێنابێتەوە، واتە خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی لە کوردستان چەند ڕێگایەکی سنوورداری لەبەردەمدایە و مافی هەڵبژاردنی لەبەردەمدا زۆر سنووردار کراوە.

بەڵام لە سوید لە 17 بەشەوە دەیکەن بە 19. هەر بەشەش سێ تا چوار لقی هەیە واتە نزیکەی 60 بەش و لقی جیاواز هەیە. ئەمەش وادەکات کە خوێندکارێک ئەگەر بیەوێت ببێت بە ئەندازیار زیاتر وانەکانی ماتماتیک و فیزیا بخوێنێت نەک بایۆلۆجی و مێژوو و جوگرافیا. مرۆڤ کە مافی هەڵبژاردنت دایە زیاتر هەوڵدەدات بگات بە ئامانجەکانی چونکە هەست دەکات کە گوێ لە دەنگی گیراوە و بواری بۆ ڕەخساوە کە گەشە بکات.

لە کوردستان بواری زۆر بۆ قوتابیان و خوێندکاران ناڕەخسێنین بۆ ئەوەی خۆیان سەربەستانە بڕیاری خۆیان بدەن . کارەساتەکە گەیشتۆتە ئەوەی کە سیستەمەکە ڕێگا لە قوتابیان دەگرێت کە داخڵی تاقیکردنەوەی بەکالۆری ببن و ڕێگەیان لێدەگیرێت کە هەوڵبدەن زیاتر کۆشش بکەن و بەردەوام بن لە قوتابخانە.

داخڵکردنی هەموو قوتابیانی پۆلی نۆی بنەڕەتی بۆ تاقیکردنەوەی بەکالۆری بڕیارێکی باش بوو، ئەنجامەکەی بووە هۆی دەرچوونی پێنج هەزار قوتابی. ئەم کارئاسانیە هەزاران لاوی کوردستانی بەهێزکرد لە بڕوابەخۆبوون و وزەیەکی زۆری داونەتێ بۆ ئەوەی بەردەوام بن لەسەر خوێندنەکەیان. کوردستان پێویستی بەدەیان بڕیاری لەو جۆرەیە بۆ ئەوەی خوێندن شیرین بکات لای قوتابی و ڕێژەی نەخوێندەواری کەمبکاتەوە.

بەشەکانی خوێندنی قۆناغی ئامادەیی لە سوید بە پێی ئەم ریفۆرمە تازەیە بریتین لە:

1. بەشی ئابوری
2. بەشی هونەری و مرۆڤیی
3. بەشی وێژەیی (زانستی کۆمەڵایەتی) و مێدیا
4. بەشی زانستی (زانستی سروشتی)
5. بەشی تەکنیک
6. بەشی تەکنیکی بیناسازی
7. بەشی کشتوکاڵ و ئاژەڵناسی
8. بەشی کارەبا و وزە
9. بەشی تەکنیکی فڕین



10. بەشی ماشێن و گواستنەوە
11. بەشی بازرگانی و کارگوزاری
12. بەشی کاری دەست
13. بەشی گەشتوگوزار و ئوتێل
14. بەشی تەکنیکی پیشەسازی
15. بەشی ڕێبەری
16. بەشی خواردەمەنی و ڕێستوران
17. بەشی تەکنیکی دەریاوانیی
18. بەشی تەکنیکی کەشوهەوا و گەرمی
19. بەشی چاودێری و پەرستیاری

بەشەکانی 1-5 تیۆرین، بەشەکانی 6-19 پیشەیین.

ئەو وانانەی کە دەبێت هەموو قوتابیەک بیخوێنێت بە بێ گوێدانە بەشەکان بریتین لە: ماتماتیک، ئینگلیزی، سویدی، وەرزش و تەندروستی، زانستی ئاینەکان، زانستی کۆمەڵایەتی، زانستی سروشتی، مێژوو.

ژمارەیەکی زۆری وانەش کە قوتابی بە پێی ئارەزو و پێویستی خۆی هەڵیدەبژێرێت.

بێجگە لە بەشەکانی تیۆری و پیشەیی، بەشێکی تریش هەیە کە زۆربەی وانەکانی لە کۆمپانیا و شەریکە و شوینەکانی تری بازاڕی کاردا دەخوێندرێن.

**یەکێک لە ریفۆرمە گرنگەکانی تری ئەم سیستەمە تازەیە لە سوید بریتیە لە بونی ڕێپیشاندەری خوێندن و کار لە قوتابخانەکاندا.** ئەم ریفۆرمە لە یاسای قوتابخانەکانی سویددا

دەنوسرێت لە ژێر ناوی مافی قوتابی لە وەرگرتنی ئامۆژگاری لە لایەن ڕێپیشاندەری خوێندن و کارەوە.

ریفۆرمەکان گشتگیر و هەمەلایەنەن. هەر بۆ زیادکردنی ئاستی زانستی و زانیاری قوتابی نین بەڵکو هەروەها بۆ بەهێزکردنی هەست و بەرزکردنەوەی قوتابین تا ئەو ئاستەی باوەڕی بەخۆی دەبێت و ژیانی لا خۆشەویست دەبێت.

زانست دەتوانێت مرۆڤ یا سەرکوتبکات یا بەختیاری بکات. زانست بەبێ بەهرەی کۆمەڵایەتی دەبێتە ئامرازی سەرکوتکردن. مامۆستایەک ئەگەر قوتابیەکەی لێی ترسا یا دکتۆرێک ئەگەر لوتبەرزبێت بەرامبەر نەخۆشیک، ئەو مامۆستا و دکتۆرە هەرچەندە ئاستی زانستیان بەرزبێت، هەر سەرکوتکەرن لەبەر ئەوەی ئاستی بەهرەی کۆمەڵایەتیان نزمە.

مامۆستا رێبەرە، یا رێبەرێکی باشە یا خۆی پێویستی بە باشبون هەیە. رێبەری باش لە رێگەی پەیوەندی بەرزی مرۆڤایەتیەوە لەگەڵ قوتابیەکانیدا هەڵسوکەوت دەکات. رێبەری خراپ خاوەن پۆستێکە کە پێی دراوە بە بێ ئەوەی بەهرەی کۆمەڵایەتی هەبێت.

قوتابی پێویستی بەوە هەیە کە رێبەرەکەی بەرزی بکاتەوە، بیباتە پێشەوە، ژیان و زانستی لا خۆشەویست بکات. کارئاسانی بۆ بکات بۆ ئەوەی بەردەوامبێت لەسەر خوێندن.

خوێندنێش دەبێت بۆ هەموان بێت هەتا بتوانین لە کوردستاندا نەخوێندەواری بنبربکەین هەروەک لە وڵاتی سویدا کراوە.



گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزە کارێک نیە نەکرێت. بەڵکو ئەگەر ویستمان هەبێت و بەردەوامبین لەسەر چاکسازی لە سیستەمی فێرکاریدا ئەوە دەگەینە ئامانج چونکە کوردستانیان هیچیان کەمتر نیە لە هیچ نەتەوەیەکی تری ئەم سەرزەمینە ئەگەر بواری پێشکەوتنیان بۆ برەخسێنرێت.

# چۆنایەتی سیستەمی فێرکاری

چۆنایەتی سیستەمی فێرکاری پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئاستی مامۆستاکانی ناو سیستەمەکەوە هەیە، هەرگیز ئاستی باشی سیستەمی فێرکاری باشتر نابێت لە ئاستی مامۆستاکان. بە واتایەکی تر بەبێ چاکسازی لە شێوەی وانەوتنەوەی مامۆستایاندا، ئەنجامەکانی سیستەمی فێرکاری باش نابێت.

شێوەی وانەوتنەوەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو مێتودانەوە هەیە کە لە کۆلیژی پەروەردە و پەیمانگاکاندا دەخوێنرێن و فێردەکرێن. ئاستی خوێندنی دیداکتیک لە مەڵبەندەکانی خوێندنی مامۆستایاندا، ئاستی توانای مامۆستایان لە شێوەی وانەوتنەوەدا دیاریدەکات.

پێداگۆگی بەتوانا ئەو مامۆستایانەن کە هونەرمەندن لە شێوەی گەیاندنی زانست و زانیاریدا بۆ قوتابیان. مامۆستای بەهرەدار ئەو پێداگۆگە بە توانایەیە کە بە ئاسانی دەتوانێت ئەتمۆسفێرێکی شیاو و لەبار دروستبکات بۆ ئەوەی قوتابیان و خوێندکاران بە ئاسانترین شێوە زانست و زانیاری وەربگرن. واتە پرۆسەی فێرکاری و گەشەکردن بەندە بەتوانای مامۆستاکانەوە.

مامۆستا ئەگەر کارەکەی خۆی خۆشنەوێت، ناتوانێت کەشوهەوای لەباری فێرکردنیش بۆ قوتابیەکانی بڕەخسێنێت. هەربۆیە گرنگە کە ڕیفۆرمی بنەڕەتی بکرێت لە مەڵبەندەکانی بەرهەمهێنانی مامۆستایاندا. ئەو چاکسازیانەی کە گرنگن بکرێن بریتین لە:



1. پێش وەرگرتنی خوێندکار لە کۆلیژەکانی پەروەردەدا گرنگە چاوپێکەوتنی تایبەتی بکرێت لە گەڵیاندا، لێیان بپرسرێت، بۆچی دەیانەوێت ببنە مامۆستا؟ یەکێک لە بنەماکانی وەرگتنی خوێندکار لە کۆلیژی پەروەردە دا دەبێت دەرچوونی بێت لەو چاوپێکەوتنەدا.
2. تاقیکردنەوەیەکی وەرگرتنی ئەو خوێندکارانەی کە داوای کۆلیژی پەروەردە دەکەن، بکرێت. ئەنجامی تاقیکردنەوەکە بنەمایەکی تری وەرگرتن بێت.
3. ژمارەیەکی کەم خوێندکار لە کۆلیژەکانی پەروەردە وەبگیرێت بۆ ئەوەی ئەو خوێندکارانەی کە ئارەزووی کاری مامۆستاییان نیە یا خۆشەویتیان بۆ پیشەی مامۆستایی نیە لە کۆلیژەکانی پەروەردە وەرنەگیرێن.

لەهەمان کاتدا گرنگە مووچەی مامۆستا بەرزبکرێتەوە بۆ ئەوەی قوتابیە بە تواناکان هەوڵبدەن ببن بە مامۆستا. هاوکاتیش پێویستە ئەو مامۆستایانەی کە ئێستا لە ناو سیستەمەکەدان هوشیاربکرێنەوە بەدەستنیشانکردنی لە لایەک لایەنی هێزوتوانایان لە وانەوتنەوەدا لە لایەک لایەنی لاوازیان.

بەهێزکردنی لایەنە لاوازەکان بە کردنەوەی خولی بەهێزکردنی مامۆستایان و ناردنیان بۆ سەر کورسیەکانی فێربوون، پێویستیەکی هەنوکەییە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ئەنجامی قوتابیەکان و گەیشتنیان بە ئامانجەکانی خوێندنیان.

هەندێ لەو ڕیفۆرمانە پارەی تێدەچێت بەڵام لە ڕاستیدا پارە یەکلاکەرەوەی بەرزکردنی سیستەمەکە نیە، بەڵکو ناوەڕۆکی ڕیفۆرمەکان دەسنیشانی ئاستی پرۆسەی فێرکاری دەکات.

لایەنێکی گرنگی تر کە کاریگەری گرنگی هەیە لەسەر بەرەو پێشەوە بردنی سیستەمی فێرکاری، بریتیە لە ئاستی توانای بەڕێوەبەری قوتابخانە لە ڕێبەرایەتی قوتابخانەکەی و بەرزکردنەوەی ئەنجامی قوتابیان لە قوتابخانەکەدا.

تا ئێستا لە کوردستان خوێندن نیە بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، بەو شێوەیەی کە بۆ مامۆستا هەیە. واتە خوێندنی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە کوردستان بوونی نیە. ئەم کارەش وایکردوە کە بەشێک لە مامۆستاکان ببنە بەڕێوەبەر بەبێ ئەوەی خوێندنی بەڕێوەبەرایەتیان خوێندبێت، بەبێ ئەوەی ئاستی توانایان لە بوارەکانی کارگوزاری، ئابووری، ڕێبەرایەتی و توانای کۆمەڵایەتیدا بەرزکرابێتەوە.

بە بۆچوونی من، گرنگە خوێندنێکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان سازبکرێت، مەرج نیە خوێندنەکە چەند ساڵێک بێت، لەزۆرکاتدا شەش مانگ بەسە بۆ ئەوەی ڕێبەر یا مامۆستا بڕوانامەی بەڕێوەبەرایەتی بەدەستبهێنێت، لەبەرئەوەی پێشکات بڕوانامەی مامۆستایی هەیە.

لایەنێکی گرنگی تر کە تا ئێستا ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، نمرەدانانە بۆ ئەنجامی تاقیکردنەوەکان. بە درێژایی مێژووی نمرەدانان لە کوردستان لە سفرەوە بووە بۆ سەد (0 – 100)،



دەرچوون بریتیە لە هێنانی پەنجا، یا سەروو پەنجا، دەرنەچوونیش ژێر پەنجا. لە زۆر وڵاتانی دنیا هەر بە دە یا پانزە ساڵێک سەیرێکی سیستەمی هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوە دەکرێت. ئاستەکان زۆر جیاوازیان هەیە لەو شێوە کۆنەی کوردستان. بۆ نموونە لە سوید تا دە ساڵ لەمەوبەر سیستەمی نمرە دانان بریتی بوو لە سیستەمی ژمارە، لە یەکەوە بۆ پێنج، واتە ئاستی جیاواز. ژمارە یەک خراپترین بوو، ژمارەی پێنج باشترین.

ئێستا سیستەمەکە گۆڕاوە بۆ سیستەمی پیت یا وشە کە چوار ئاستە: **دەرنەچون، دەرچون، باش دەرچون و زۆرباش دەرچون.** لە پۆلی هەشتی بنەڕەتیەوە نمرە دادەنرێت. دەرچون و دەرنەچون لە وانەیەکدا بونی هەیە، بەڵام مانەوە لە پۆلێکدا. لە هیچ قۆناغێکی خوێندندا بونی نیە، واتە ئەگەر قوتابی و خوێندکار لە چوار وانەشدا دەرنەچوو بێت هەر لە پۆلەکەیدا نامێنێتەوە و دەچێتە ئاستێکی بەرزتر بەڵام یارمەتی زیاتر لەو وانانەی کە تیایدا دەرنەچووە، وەردەگرێت. هەروەها قوتابی دەبێت زیاتر خۆی هیلاک بکات بۆ ئەوەی دەرچێت، واتە بەرپرسیارێتێکی زۆریش لە سەر قوتابی دادەنرێت. لە کوردستان بە پێی بڕیارێکی نوێ هەر قوتابیەک لە وانەیەکیشدا مابێتەوە لە دەوری دوودا هەر دەچێتە پۆلێکی بەرزتر. ئەمە بڕیارێکی زۆر باشە. لەلایەک یارمەتی قوتابی دەدات کە بەردەوام بێت لەسەر خوێندن، لە هاوڕێکانی جیانەکرێتەوە و مۆری تەمەڵی پێوە نەنرێت، لەلایەکی ترەوە بەرپرسیاری دەخاتە سەر قوتابی بەوەی کە دەرفەتێکی تری بۆ بڕەخسێ بۆ ئەوەی خۆی باشبکات لەو وانەیەدا.

ئەگەر قوتابی ساڵ لە دوای ساڵ لەهەمان وانەدا کەوت، ئەرکی قوتابخانە و قوتابیە کە چارەسەرێک بدۆزینەوەی بۆ ئەو کێشەیە. ئەگەر گرفتەکە بەردەوام بێت و قوتابی بەرپرسیارێتی وەرنەگرێت ئەوە زەحمەت دەبێت بۆی لە خوێندنی زانکۆ وەربگیرێت کاتێک کە لە وانەیەکی سەروکیدا دەرنەچوبێت.

واتە بەهیچ شێوەیەک قوتابی ناتوانێت وانەیەک پشتگوێ بخات و بڵێت هەر دەچمە پۆلێکی تر. لەم بوارەدا گرنگە سەیری زانست بکرێت وەک تۆڕێک کە لە هەموو وانەکان پێک هاتبێت و پەیوەندیەکی ئۆرگانی وانەکان تێکەڵ بەیەک بوبن. لەو کاتەدا بۆ نموونە ناکرێت قوتابی وانەی ماتماتیک پشتگوێ بخات چونکە ئەوە کاریگەری دەبێت لەسەر وانەکانی فیزیا، کیمیا، کۆمپیوتەر و وانەی تر.

سیستەمی نمرەدانان ئێستا لە سوید جارێکی تر خراوەتە بەر شەپۆلی ریفۆرم. گفتوگۆکان باس لەوە دەکەن کە ژمارە ئاستەکان کە چوار دانەن زیادبکرێن بۆ شەش ئاست. لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بۆچونەکان بەرەوە ئەوەیە لە حەوت ئاست دابنرێت ئەگەر بە ژمارە بێت لە یەک بۆ حەوت. تەنیا یەک دەرنەچون بێت، هەموو ئاستەکانی تر دەرچون بێت بە شێوەی جیاواز، لە باشەوە بۆ باشتر و زۆرباشتر یا ئەگەر بە پیتەکان بێت دەبێتە A B C D E F G.

بە بۆ چوونی من گرنگە لە کوردستان لیژنەیەک دروستبکرێت بۆ ئەوەی پێداچونەوە و هەڵسەنگاندنێک بۆ سیستەمی نمرە دانان بکەن. لایەنی هێز وبێهێزی ئەو



سیستەمەی ئێستا دەستنیشان بکەن. هەروەها ئەو لیژنەیە سەردانی چەند وڵاتێکی ناو یەکێتی ئەوروپا، بۆ نموونە سوید، بەریتانیا، فەرەنسا و ئیتالیا بکەن بۆ ئەوەی بەوردی سەیری سیستەمی نمرەدانانی ئەو وڵاتانە بکەن، پاشان لە کوردستان ڕاپۆرتێکی هەمە لایەنە و پڕ پێشنیاری چاکسازی پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردە و حکومەتی کوردستان بکەن بۆ بڕیاردان لەسەر گۆڕانکاریەکان لە پێناوی ئەوەی سیستەمی فێرکاری کوردستان پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت و دوانەکەوێت لەدنیای شارستانی و مۆدێرن.

هەڵسەنگاندن و چاودێری لەژێر دەستی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆڕیدا لایەنێکی گرنگی ترە بۆ چونەپێشەوە و بەرهەمهێنانی ئەنجامی باشتر لە قوتابخانەکانی کوردستاندا. سەرپەرشتیاریی هەرگیز نابێت بۆ سزادان و چاوترسان بێت بەڵکو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنە بۆ هەر تاکی قوتابیەک.

سیستەمێکی فێرکاری پێشکەوتو مرۆڤی بەهرەدار و بەتواناکان لە خۆی نزیک دەکاتەوە، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر سیستەمی فێرکاری جێگەی ڕێزی تاکەکانی کۆمەڵ نەبێت، مرۆڤە بەهرەدارەکان نایەنەوێت ببن بەشێک لێی، بەو شێوەیە سیستەمەکە دەچێتە بازنەیەکی داخراوی خراپەوە کە بە بەردەوامی بەرەوخوارەوە دەبێتەوە.

سەرکەوتوویی کاتێک بەدەستدێت کە سیستەمەکە هەموو تاکی قوتابیەک ببینێت و هیچ قوتابیەک هەست نەکات کە ئەو سیستەمە لە بەرژەوەندی ئەو نیە، یا سیستەمەکە دژ

بەوە، لەو بەرزترەو ئەم توانای ئەوەی نیە ببێت بە بەشێک لێی.

بەهۆی گلوبالیزم و بەهێزبونی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، خوێندنی زمان پێگەیەکی گرنگی بەدەستهێناوە. هەر لەو ڕوانگەیەوە خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە کوردستان زۆر پێویستە. بەڵام چەند زمانێکی گرنگی تریش هەن کە دەکرێت ئەو قوتابیانەی حەزدەکەن هەڵیبژێرن، گرنگترین زمان لە دوای ئینگلیزیەوە، زمانی فەرەنسی، ئیسپانی و ئەڵەمانیە.

خوێندنی زمانی ئینگلیزی گرنگە هەموو منداڵێکی کوردستان بیخوێنێت. تا ئەو ڕۆژەی کوردستان لکێنراو بێت بە ئێراقەوە گرنگە زمانی عەرەبی بخوێنرێت بەڵام نەک بەو شێوەیەی کە بەسەر هەموو قوتابیەکدا بسەپێنرێت، بەڵکو دەبێت زمانێک بێت کە قوتابیان بۆیان هەبێت هەڵیبژێرن یا لایبەرن. لەو کاتەدا تەنیا ئەو قوتابیانە دەیخوێنن کە حەزیان لێیەتی یان بە گرنگی دەزانن بۆ کاری دوارۆژیان وەک کاری وەرگێڕان و مامۆستای زمانی عەرەبی.

ساڵانێکی دوور و درێژ سنوورەکانی کوردستان داخرابوون بە ڕووی دنیای دەرەوەدا. ئێستا خۆشبەختانە خاوەنی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی خۆمانین. هاتوچۆ ئاسانتر بووە لە جاران و ژمارەیەکی زۆر کورد کە ماوەیەکی زۆرە لە وڵاتانی دیموکراتی ڕۆژئاوا دەژین، پەیوەندیان بە دەیان زمانی گرنگی جیهانیەوە هەیە. دەکرێت چەند بەشێکی زمانە جیهانیەکان لە پۆلەکانی کۆتایی قوۆناغی بنەڕەتی (پۆلی



حەوت، هەشت و نۆ) هەروەها لە ئامادەیی بکرێتەوە و سوود لە توانای کوردانی دەرەوەی وڵاتیش لەو بوارەدا وەربگیرێت.

خوێندنی زمانی جیهانی دەرگاکانی بەردەم قوتابی دەکەنەوە بۆ پەیوەندی بە دنیای دەرەوە. بازاڕی کار لە بواری کاری وەرگێڕان لە پاشەڕۆژدا زۆر فراوان دەبێت، هەر قوتابیەک لە پاڵ زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزیدا ئەگەر زمانێکی تریش وەک فەرەنسی، ئیسپانی یا ئەڵەمانی بزانێت ئەوە ئەڵتەرناتیڤی هەڵبژاردنی کار و دەرگاکانی پێشکەوتن لەبەردەمیدا کراوەدەبن.

بەهۆی کراوەیی سنوورەکانەوە کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو وانانەی لە ئامادەییدا دەخوێندرێن بە ئاسانی بەراورد بکرێن لەگەڵ خوێندنی وڵاتانی ڕۆژئاوادا بۆ ئەوەی هەر کاتێک خوێندکارە کوردستانیەکان هاتنە دەرەوەی وڵات بەئاسانی و بێکات لەدەستدان بتوانن دەستبکەن بەو خوێندنەی دەیانەوێت. هەروەها ئەو بەراوردکردنە ئاسانە دەبێتە هۆی کارئاسانی بۆ مامۆستایانی بیانی کە بتوانن وانە بڵێنەوە لە کوردستان، بەتایبەتی بە زمانی ئینگلیزی.

سیستەمی فێرکاری لە کوردستاندا، بە تایبەتی لە خوێندنی ئامادەییدا کە دوارۆژی خوێندکارانی پێوەبەستراوە، هیچ جیاوازیەک ناکات لە نێوان گرنگی وانەکاندا، بۆ نموونە کوردی، ئینگلیزی و عەرەبی وەک بیرکاری، فیزیا و کیمیا کاریگەی هەیە لەسەر کۆی ئەنجامی کۆتایی. بە بۆچوونی من، گرنگەکە وانەکان بکرێنە سیستەمی خاڵ یا سیستەمی یەکە واتە هەر وانەیەی بەپێی ماوەی خوێندنەکەی بەخاڵ

هەڵبسەنگێنرێت بەوەش کۆی هەموو خوێندنی ئامادەیی لەهەر سێ ساڵەکەدا بۆ هەموو قوتابیەک هەر هەمان خاڵ بێت. بۆ نموونە بیرکاری پۆلی دە ئەگەر هەموو ساڵەکە بخوێنرێت ئەوە 100 خاڵی هەبێت، ئەگەر نیو ساڵ بێت 50 خاڵی هەبێت.

بۆ وانەکانی تریش بە هەمان شێوە. بۆ نموونە لە سوید هەموو قوتابیەک بە سێ ساڵەکەی خوێندنی ئامادەیی دەبێت 2500 خاڵ بخوێنێت کە هەر ساڵەی دەکاتە 800 تا 900 خاڵ. بەهەرسێ ساڵەکە نزیکەی 25 وانە دەخوێنێت. بۆ نموونە بیرکاری پۆلەکانی دە، یانزە و دوانزە بە سێ وانە دادەنرێن. ئەنجامی هەر 25 وانەکە، واتە هەر 2500 خاڵەکە، دەبێتە ئەنجامی کۆتایی خوێندکارەکە و بەو ئەنجامەش لە زانکۆ و خوێندنی باڵا وەردەگیرێت.

سیستەمی خاڵ کارئاسانی دەکات بۆ بەراوردکردنی دەرئەنجامەکان لەنێوان وڵاتەکاندا. کوردستانیش هیچی کەمتر نیە لە وڵاتانی تر ئەگەر سیستەمی فێرکاری ڕیفۆرمی بنەڕەتی و بنیاتنەری تێدا بکرێت و ئازایانە پشتببەسترێت بەو هێزانەی کە دەیانەوێت کوردستان پێشکەوتو و ئاوەدان بێت.

هەوڵەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا لە سیستەمی فێرکاریدا بۆ ئەوەیە کە:

- بەهرەکانی کۆمەڵایەتی و هاوڵاتیبوون لای خوێندکاران زیادبکرێن.



- تواناکانی دەستپێشخەری و کاری سەربەخۆ لە بازاڕی ئازاد دا لای خوێندکار زیادبکرێن.
- هوشیاری کلتوری لای خوێندکار زیادبکرێت
- تواناکانی پەیوەندی و قسەکردن بە زمانی بیانی لای خوێندکار زیادبکرێن.
- تواناکان لە بواری ماتماتیک، زانستی سروشت وتەکنیک لای خوێندکار زیادبکرێن.
- تواناکان لە بواری کۆمپیوتەر دا لای خوێندکار زیادبکرێت.

سیستەمی فێرکاری لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپادا بۆ ئەوەیە کە قوتابی، زانست گشتگیر و هەمە لایەنە، نەک پچڕپچڕ، وەربگرێت. وانەکان نزیکن لە یەکەوە و دابڕانیان لەیەکتر بە زەرەرمەند بۆ قوتابی و خوێندکار سەیر دەکرێت. لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا هەوڵەکان بۆ ئەوەیە خوێندن، قوتابی و خوێندکار ڕابکێشێت بۆ ناوەندەکانی خوێندن. واتە خوێندن ئەوەندە خۆشبکرێت کە خوێندکار حەزبکات بەرەو ناوەندەکانی خوێندن بڕوات و بیەوێت بەردەوام بێت لەسەر خوێندن. لەم بوارەدا گرنگی دەدرێت بە مامۆستا و خوێندنی مامۆستایان کە ئەمەش وەک سیستەمی فێرکاری بەبەردەوام لەبەردەم شاڵاوی ڕیفۆرمدایە.

گرنگیدان بە مامۆستا لەلایەک لە بواری بەرزکردنەوەی مووچە و لەلایەک بەهێزکردنی توانایان لە خولەکانی خوێندن گرنگن، بەڵام لە هەمانکاتدا گرنگە کە قوتابی مافی ئەوەی بدرێتێ کە مامۆستاکانی هەڵبسەنگێنێت. من دەزانم مامۆستایان دژی ئەوەن کە قوتابیەکان بیر و بۆچونیان لە سەریان هەبێت. بەڵام ئەگەر مەبەست بێت کە قوتابی و

خوێندکار ناوەندبن و خوێندن لە پێناوی قوتابیدا بێت، دەبێت ئەو مافە بدرێت بە قوتابی و خوێندکار کە بتوانن لە کەشوهەوایەکی هێمندا و لە ڕێگای وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک لە فۆرمێکدا، لە کۆتایی ساڵی خوێندندا، بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر مامۆستاکانیان بدەن کە ئایا ئاستی زانستی و زانیاری باش بووە یا پێویستی بە باشبوون هەیە. کە ئایا مرۆڤێکی دیموکراتە یا سەرکوتکەرە. کە ئایا گرنگی بە قوتابی دەدات یا نا. کاری مامۆستایی خۆشدەوێت یا هەر کارمەندێکی مووچە وەرگرە. ئەنجامی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەدرێت بە مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانە بۆ ئەوەی دەستنیشانی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی مامۆستاکە بکرێن و پلان دابنرێت بۆ بەهێزکردنی لایەنە لاوازەکان.

هەر لەم بوارەدا گرنگە بوترێت کە دەبێت موچەی مامۆستا ئازاد بێت و بەپێی تەمەن بەرز نەکرێتەوە بەڵکو بەپێی لێهاتوویی و دڵسۆزی بۆ کارەکەی، مووچەی زیاتری پێبدرێت.

بەرزکردنەوە و باشترکردنی ئەنجامی قوتابیان، بوارێکە کە بەردەوام دەبێت بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستاکان کاری لەسەر بکەن. یەکێک لەو هەنگاوانەی کە دەکرێت بنرێت نوسینەوەی بیروبۆچوونی مامۆستایە دەربارەی ئاستی قوتابی لە وانەکەیدا. بیربۆچوونەکان لە ڕاپۆرتێکدا دەنوسرێن و دەدرێت بە دایکوبوکی قوتابی. ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات قوتابیەکە لە  چ ئاستێکدایە و چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەنجامەکان باشتربن.



ئەم جۆرە پەیوەندیانە، قوتابخانە لە خێزانەکان نزیکدەکاتەوە و بەهابنەماییەکانی قوتابخانە دەباتە ناو خێزانەکانەوە. نوسینەوەی بیروبۆچوونی مامۆستا زۆر گرنگە بە تایبەتی لەو پۆلانەدا کە مانەوە و نەمانەوەی تێدا نیە یا نمرەدانانی تێدا نیە. ئێستا لە کوردستان مانەوە و نەمانەوە لە پۆلەکانی یەک، دوو و سێی بنەڕەتیدا نەماوە، هەر لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کە ساڵی دووجار دیداری گەشە هەبێت و لە کۆتایی ساڵەکە لەبری نمرە وەرگرتن، مامۆستا ڕاپۆرتێکی هەڵسەنگاندنی ئاستی قوتابیەکە بنوسێت. کۆپیەکی بۆ خێزان و کۆپیەکی بۆ قوتابخانە بێت بۆ ئەوەی بەربەردەوامی بزانرێت کە قوتابیەکە لەکام ئاستدایە و چیبکرێت بۆ ئەوەی ئاستی قوتابیەکە بەرزبکرێتەوە.

خۆشبەختانە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەندێ لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان لاپەڕەی تایبەتیان تەرخانکردوە بۆ پەروەردە و خوێندن، لەو بوارەدا کوردستانی نوێ، ڕۆژنامە و هاوڵاتی هەنگاوی باشیان ناوە بەڵام هێشتا زۆرکار لەو بوارەدا ماوە کە بکرێت، بۆ نموونە تەلەفیزیۆنەکان بەرنامەی بەردەوامیان دەربارەی پەروەردە نیە کە بەشێوەیەکی بەردەوام هەموو هەفتەیەک بەرنامەیەکی تێدا بێت.

جارجار و بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ بەرنامە دەربارەی پەروەردە و خوێندن هەیە بەڵام بەشێوەیەکی سسیستماتیکی نیە کە لە ئاستی پرۆسەیەکی وا گرنگ دا بێت. بێجگە لە بڵاوکراوە و تەلەفزیۆنەکان، گرنگە نوسەرەکانمان ڕۆڵی ئەرێنیان هەبێت لە بەزیندوکردن و بەرزکردنەوەی دێباتی کۆمەڵایەتی دەربارەی پرۆسەی فێرکاری. پرۆسەکە وەک

بزوتنەوەیەک سەیربکرێت کە بەردەوام لەبەردەم نوێخوازیدا بێت. شاعیرەکانمان دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت لەبەرپەرچدانەوەی بەزۆرلەبەرکردنی شیعر بە قوتابی.

بۆسەرکەوتنی چاکسازی و نوێخوازی لە سیستەمی فێرکاریدا بەشداری مامۆستاکان و ئامدەبوونیان لە دێبات و گفتوگۆکاندا مەرجی پێویستن. لەهەمانکاتدا ڕۆڵیان گرنگە کاتێک کە دەبینن قوتابیەک ئەنجامەکانی باش نیە و ناگاتە ئامانجەکانی. مامۆستا دەبێت بتوانێت تاکتیکی شێوەی وانەوتنەوەکەی بگۆڕێت کاتێک کە دەبینێت قوتابیەکەی وانەکە تێنەگەیشتوە. دەبێت بتوانێت ستراتیجێکی نوێ دابڕێژێت بۆ ئەوەی پرۆسەی فێربوون لە مێشکی قوتابیەکانیدا بچێتە پێشەوە و ئاستی زانست و زانیاری لای قوتابیەکانی زیادبکات.

باوەڕی مامۆستا بە قوتابیەکانی پاڵپشتێکی گرنگە بۆ ئەوەی قوتابیەکان هەستی باوەڕ بە خۆبونیان تیا بەرزبێتەوە. یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی مامۆستا ئەوەیە کە هاندەری قوتابیەکانی بێت بۆ ئەوەی ببنە مرۆڤی خاوەن بیرکردنەوەی سەربەخۆ.

دروستکردنی پرسیار لە مێشکی قوتابیدا ئەرکێکی گرنگی سیستەمی پەروەردە و خوێندنە. توانای پرسیارکردن لە منداڵدا دەبێت بە زیندوویی بهێڵرێتەوە و پشتگیری لێبکرێت. هیچ جۆرە پرسیارێک نابێت تابو بێت و قوتابی بۆی نەبێت بیکات. بەڵکو کراوەیی و شەفافیەت لەم بوارەدا مرۆڤی دیموکرات دروستدەکات.



مامۆستا دەبێت چاوەڕوانی زۆر و گەورەی لە قوتابیەکانی هەبێت، بەڕێوەبەری قوتابخانە دەبێت بەبەردەوامی چاوەڕێی زیاتر لە مامۆستاکانی بکات. لەم بوارەدا پێویستە (سیستەمی قوتابخانەکان، بنەڕەتی و ئامادەیی) ناسراو بێت لای قوتابیان و مامۆستایان. هەموو مامۆستایەک دەبێت نوسخەیەکی نامیلکەی (سیستەمی قوتابخانەکان) ی هەبێت و شارەزایی وردی تێدا هەبێت بەتایبەتی ئەو بەشەی کە باس لە بەهابنەماییەکانی قوتابخانە دەکات.

کراوەیی لەم بوارەدا مرۆڤی بەتوانا دروستدەکات کە بەتەنگ پرۆسەی فێرکاریەوە بێت. مامۆستای شارەزا توانای ئەوەی هەیە کە قوتابیەکانی بەرزبکاتەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر. توانای ئەوەی هەیە کە وا لە قوتابیەکان بکات کە هەست بە بەختیاری و دڵخۆشی بکەن لە قوتابخانەدا.

# بەڵێ، دەتوانین

باراک ئۆباما، سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمەریکا، لە وتاری سەرکەوتنیدا، ناوەرۆکی قسەکانی: بەڵێ، دەتوانین بوو. ئۆباما پێشکات دەزانێت کە ڕێگەیەکی سەختی گۆڕانکاری گرنگی لەبەردەمدایە. ئەو گۆڕانکاریانە بە بەروارد لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سیستەمی فێرکاری کوردستاندا زۆر گەورە و هەمەلایەنترن، تەنانەت هەندێکیان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان و مردنی هەزاران مرۆڤەوە لە سەرانسەری جیهاندا هەیە. بەڵام لەبەر ئەوەی باوەڕی بەهێزی بە توانای خۆی و سیستەمی وڵاتەکەی هەیە، بێدودڵی دەڵێت بەڵی، دەتوانین.

لە کوردستان کۆمەڵێک ریفۆرم و نوێخوازی گرنگ لە سیستەمی فێرکاریدا کراون، کە سیستەمەکەی بردۆتە پێشەوە. بە بۆچونی من، ئەگەر وەزارەتی پەروەردە و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەری و پێشنیاری ئەو ڕیفۆرمانەیان بۆ پەرلەمانی کوردستان نەکردایە، ئەوە دەبوایە بەرامبەر بەرپرسیارێتی لێپرسینەوەی مێژوویی بوەستانایەتەوە. ڕیفۆرمەکان، پاش زیاتر لە نیوسەدە لە وەستان لە نێو سیستەمێکی کۆن و دواکەوتودا، پێویستی هەنووکەیی بوون. دەبوایە لە ساڵی 1991 وە لە سیستەمی فێرکاری کوردستاندا دەستبکرایە بە ڕیفۆرمکردن، بەڵام بەداخەوە تا ساڵی 2007 هیچ ریفۆرمێک، کە شایانی ناوی گۆڕانکاری و نوێخوازی بێت، نەکرا. بە پێچەوانەوە تا کۆنگرەی پەروەردە، سیستەمی قوتابخانەکانی حکومەتی ئێراقی ساڵی 1971 بەکاردەهێنرا کە سیستەمێکی کۆنەپەرستانەی شۆڤێنی بوو.



ڕیفۆرمەکان بێگرفت نەبوون. زۆرجار ئەوانەی کە دەیانوت: بەڵێ دەتوانین، کەمتر بوون لەوانەی کە دەیانوت، نەخێر ناتوانین، بەهۆی ئەوەی کە کوردستان زۆر دوورە لە ئەوروپای ڕۆژئاواوە و ریفۆرمەکان وەهمی سویدی و ئەوروپای رۆژئاوان و ئێمە دابونەریتی کلتوری خۆمان هەیە. هەندێک نەخێریشیان تێپەڕاندوە، دەیانەوێت سیستەمەکە بەرنەوە دواوە و تەنانەت لە قۆناغەکانی سەرەتایی جارانیشدا تێکەڵاوی کچ و کوڕ لابەرن. لە هەموی سەیر تر دەڵێن لە ڕۆژئاواش خەریکن تێکەڵاوی کچ و کوڕ لادەبەن، کە باسێک لەو بار و شێوەیە بوونی نیە. هەندێک دژایەتی لابردنی تاقیکردنەوەی بەکالۆری دەکەن و دەڵێن لە سویدیش خەریکە تاقیکردنەوەی بەکالۆری بۆ قۆناغەکانی بنەڕەتی دادەنرێت، کە ئەمەش بوونی نیە و لە هەڵە و تێنەگەیشتنەوە، تاقیکردنەوەی بەکالۆری و تاقیکردنەوەی نیشتمانی، کە دوو تاقیکردنەوەی زۆر لە یەکتر جیاوازن، تێکەڵدەکەن.

لە ڕاستیدا ئەو ریفۆرمانەی کە لە کوردستان کراون بریتین لە سودوەرگرتن لە ئەزمونی سەدان ساڵەی گەشەکردنی پرۆسەی چاکسازی و ریفۆرم لە سیستەمی فێرکاری وڵاتە دیموکراتیەکانی ئەوروپای رۆژئاوا کە وڵاتی سوید یەکێکە لێیان. بەڵام ریفۆرمەکان بە شێوەیەکی باش لەگەڵ سیستەمی فێرکاری کوردستاندا گونجێندراون بۆ ئەوەی دەرفەتی گەیاندنیان بەکەناری ئارامی جێبەجێکردن زیاتر بێت. ئەگەر نا، دەبوایە ریفۆرمەکان زۆر گشتگیر و بەرفراوانتر بونایە.

لە کوردستان چونکە مێژوویەکمان لە ریفۆرم و گۆڕانکاری نیە، بە چاوی گومانەوە دەڕوانینە هەموو نوێخوازییەک. لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا لەبەرئەوەی ڕەگی سیستەمی دیموکراتی و کۆمەڵگای دامودەزگا قووڵ و بەربڵاوە، بە بێترس و بەبەردەوامی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا خەریکی ڕیفۆرم و نوێخوازین، بەتایبەتی لە سیستەمی فێرکاری وڵاتەکانیاندا. هەبونی بناغەیەکی پتەوی دیموکراتی، پێویستی بوونی نوێخوازی و خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنیدا، سێ فاکتەری گرنگن کەوایانکردوە تاکەکانی کۆمەڵ لە پرۆسەی نوێخوازی نەترسن، یا هەر گیروگرفتەکان نەبینن، بەڵکو دەرفەت و بوارەکانی پێشکەوتنیش هەستپێبکەن.

ئەگەر ڕیفۆرم لە بواری سیستەمی فێرکاریدا نەکرێت، هیوای دواڕۆژی منداڵان و گەنجانمان بە ئایندە لاواز دەبێت. نەبونی هیوا و بڕوا نەبوون بە دواڕۆژ لەبارترین دۆخ و بوارن بۆ دروستبونی نائارامی، زۆربونی تاوان و تێرۆریزم. نەخوێندەواری دەبێتە هۆی دروستبون و گەورە بونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و دروستبونی ڕێکخراو و گروپ لە دەرەوەی پرۆسەی دیموکراتی و دامودەزگاکانی کۆمەڵدا. ئەم دیاردەیە لە دواڕۆژێکی نزیکدا مەترسیدارە بۆ سەر ئەو بارە ئازادەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە. ڕێژەی نەخوێندەواری لە ساڵی 2000 دا لە کوردستاندا نزیکەی 27% بوو. لەو ساڵەوە تا ساڵی 2007 زیاتر لە 250000 نەخوێندەوار فێری خوێندەواری بون و ڕێژەی نەخوێندەواری هاتۆتە خوارەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ڕێژەی نەخوێندەواری و وازهێنان لە خوێندن ئەوەندە بەرزن کە مەترسین بۆ سەر ئاسایشی نەتەوایەتیمان. هەربۆیە بەردەوامبون



لەسەر چاکسازی پێویستیەکی گرنگ و بەرپرسیاریتیەکی گەروەن لەسەرشانمان.

لە وڵاتی سوید سیستەمی فێرکاری بەبەردەوامی لەبەردەم ڕیفۆرمدایە: لە ئێستادا ئەم ڕیفۆرمانەی خوارەوە لە ژێر لێدوان و لێکۆڵینەوەدان و هەندێکیان بونەتە پێشنیاز و پێشکەش بە حکومەت و پەرلەمانی سوید کراون:

1. **ریفۆرم لە قۆناغی ئامادەییدا:** گۆڕانکاریەکان سەرجەم خوێندنی ئامادەیی دەگرێتەوە، لەوانە زیادکردنی بەشەکانی ئامادەیی لە 17 بەشەوە بۆ 19 بەش، گۆڕانکاری لە بواری نمرەدانانەدا، زیاتر بەهێزکردنی ڕۆڵی قوتابی و خوێندکار و بەناوەندیکردنی لە سیستەمەکەدا، کەمکردنەوەی کاریگەری تاقیکردنەوەکان ... هتد. لەسەر ئەم ریفۆرمانە وتارێکی تایبەتیم بڵاوکردۆتەوە، لەبەر ئەوە لێرەدا ناچمە وردەکاریەکانی ئەو ریفۆرمانەوە.

2. **نوێکردنەوەی یاسای قوتابخانەکان:** یاساکان، بە مەبەستی بەهێزکردنی ڕۆڵی قوتابی و سەنگینکردنی دەرئەنجامەکانی کۆمەڵگەیەکی خوێندەوار، لەبەردەم پێداچونەوە و لێکۆڵینەوەدان. ئەم ریفۆرمە کاریگەری ستراتیجی لەسەر پاشەڕۆژی سیستەمەکە دەبێت.

3. **نوێکردنەوەی پرۆگرامی خوێندنی مامۆستایان:** ڕیفۆرمێکی هەمەلایەنە و گشتگیر دەربارەی خوێندنی مامۆستایان وەک پێشنیاز خراوەتە بەردەم حکومەتی سوید. ئەو قوتابیانەی کە پۆلی دوانزە (شەشی ئامادەیی)

تەواودەکەن و دەیانەوێت ببن بە مامۆستا، بێجگە لە ڕێژەی نمرەی کۆتاییان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت، هەروەها دەبێت تاقیکردنەوەیەک ئەنجامبدەن. پێشنیازە کە ماوەی ساڵێک هیچ قوتابیەک لە خوێندنی مامۆستایی وەرنەگیرێت. خوێندنەکەش سێ بەشە، بەشی مامۆستایی پۆلی 1- 6ی قۆناغی بنەڕەتی کە شەهادەکەی بەکالۆریۆسە، بەشی مامۆستایی پۆلەکانی 7 – 12 کە شەهادەکەی ماستەرە و خوێندنەکەی پێنج ساڵە. بەشی سێیەم کە سنوردارە، تایبەتە بەو مامۆستایانەی خوێندنی بەرزتر و لێکۆڵینەوەیان هەیە، لە ئامادەییدا وانە دەڵێنەوە و دەبنە سەرۆکی بەشەکان و بەرپرس دەبن لە گەشەپێدانی پرۆگرامەکان. هێشتا حکومەتی سوید بڕیاری لەسەر ئەم پێشنیازە نەداوە.

4. **خوێندنی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان**: ئەم ڕیفۆرمە بۆ بەهێزکردنی ئەو خوێندنەیە کە ئێستا هەیە، هەروەها بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەر و بە ناناوەندییکردنی دەسەڵاتە. بەداخەوە تا ئێستاش لە کوردستان هیچ خوێندنێک بۆ بەڕێوەبەران نیە.ئەمەش کەلێنێکی گەورەیە و پێویستی بە بەسەرکردنەوە هەیە.

5. **ڕیفۆرم لە بواری قوتابخانە ئەهلیەکاندا**: (ئەهلیەکان واتە ناحکومی یا سەر بە بازاڕی ئازاد). لە سوید قوتابخانەی ئەهلی زۆرە، بودجەکەیان بە پێی ژمارەی ئەو قوتابیانەیە کە لە قوتابخانەکانیاندا وەریاندەگرن. بەڵام وەرگرتنی قوتابیان لەژێر هەمان یاسای وەرگرتنی قوتابخانەکانی تردایە.



6. **ریفۆرم لە بواری سیستەمی نمرەداناندا**: نمرەدانان ئێستا لە قۆناغی ئامادەیی لە سوید چوار بەشە: دەرنەچوو، دەرچوو، باش دەرچوو، زۆر باش دەرچوو. بڕیارە لە پایزی 2011 وە ببێت بە پیتەکانی A, B, C, D, E, F. نمرەی A باشترینە و نمرەی F خراپترینە.

7. **ریفۆرم لە بواری خوێندنی پێش قۆناغی بنەڕەتیدا**، کە ناودەبرێت بە (پێش قوتابخانە) و بۆ ئەو منداڵانەیە کە تەمەنیان شەش ساڵە.

8. **ریفۆرم لە قۆناغی بنەڕەتیدا**: یەکێک لەو ڕیفۆرمانەی کە بۆ قۆناغی بنەڕەتی پێشنیازکراوە بریتیە لە بەهێزکردن و پەرەپێدانی (دیداری گەشە). کە دیدارێکە لە نێوان قوتابی و دایکوباوکی قوتابی و قوتابخانە دایە. دیداری گەشە باشترین سەرچاوەی زانیاری و پردی پەیوەندی نێوان خێزان و قوتابخانەیە کە بە بەردەوامی لە پەرەسەندندایە.

یەکێک لە پێشنیازە نوێیەکان ئەوەیە کە بۆ هەموو پۆلێک و هەموو وانەیەک هەڵسەنگاندنی قوتابی بە نوسراوی هەبێت. واتە مامۆستا دەربارەی ئاستی زانستی قوتابیەکەی ڕاپۆرتێکی کورت پێشکەشدەکات. ئەم هەڵسەنگاندنە، نمرەدانان و دەرچون و دەرنەچون نیە. بەڵکو زانیاری کۆکردنەوەیە لە سەر ئاستی زانستی قوتابیەکە، هەڵسەنگاندێکی ئۆبیەکتیڤیانەیە دەربارەی لایەنە بەهێز و لاوەزەکانی قوتابیەکە.

لایەنێکی تری ریفۆرمەکان زیادکردنی تاقیکردنەوە نیشتمانیەکانە (هەروەک لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەم پێکردوە، تاقیکردنەوەی نیشتمانی لە سوید زۆر جیاوازە لە تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە کوردستان، بەڵام بەداخەوە هەندێک کەس بە هۆی نەبونی زانیاریانەوە لە سەر سیستەمی فێرکاری سوید ئەم دوو جۆرە تاقیکردناوەیە تێکەڵ دەکەن). تاقیکردنەوە نیشتمانیەکان ژمارەیان زیاد دەکرێت و لە پۆلی نۆدا جگە لە وانەکانی زمانی سویدی، ماتماتیک و زمانی ئینگلیزی بە پێی ئەم پێشنیازە نوێیە وانەکانی فیزیا، کیمیا و بایۆلۆجیش دەگرێتەوە. بەڵام هەر قوتابیەک لە یەکێک لەو وانانەدا (فیزیا، کیمیا یا بایۆلۆجی) تاقیکردنەوەی نیشتمانی دەنوسێت.

لە هەندێک لە وانەکانی پۆلی سێ و پێنجی قۆناغی بنەڕەتیدا، تاقیکردنەوەی نیشتمانی لە زمانی سویدی، ماتماتیک و زمانی ئینگلیزی دادەنرێت. مەبەست لەم تاقیکردنەوانە دەستنیشانکردن و بەراوردکردنی ئاستی زانیاری و زانستی قوتابیانە نەک مانەوە و نەمانەوەیان لە پۆلەکانیاندا. لە پۆلی نۆی بنەڕەتیدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی نیشتمانی وەک ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی ئاسایی وەردەگیرێت، نەک وەک تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە کوردستان کە بۆ مانەوە و نەمانەوە و چارەنوس دیاریکردنە. خۆشبەختانە لە کوردستان تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلەکانی شەش و نۆی بنەڕەتی نەماون و



ئێستاش وردە وردە ئەنجامە ئەرێنیەکانی ئەو گۆڕانکاریە گەورەیە دەردەکەوێت.

بێگومان لە چەند ساڵێکی تردا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی نەخوێندەواری لە کوردستاندا کە ئەمەش سەروەت و سامانێکی زۆر گەورەیە و گرنگترە لە بەرهەمهێنانی نەوت لە کوردستاندا. زۆر گەشبینیشم بەوەی کە لە چەند ساڵێکی داهاتودا تاقیکردنەوەی پۆلی دوانزە (پۆلی شەشی ئامادەیی) نەمێنێت.

9. **ڕیفۆرم لە بواری خوێندنی پراکتیکدا (شاگردیدا):** ئەم ڕیفۆرمە بۆ ئەو قوتابیانەیە کە لە ئاستی تێوریدا لاوازن، بەڵام لە کاری دەست و پیشەییدا بە توانان. نیوەی سێ ساڵی خوێندنی ئامادەییان بە شێوەی پراکتیک یا شاگردی لە بازاڕیکاردا دەبێت. خاوەنکارەکان کۆرسی تایبەتی لە چۆنیەتی سەرپەرشتیاری ئەو قوتابیانەدا دەخوێنن. ئەم جۆرە خوێندنە بۆ وڵاتێکی وەک کوردستان کە تازە خەریکە دەکەوێتە سەرپێی خۆی، زۆر گرنگە. مەرج نیە هەموو کەس لە خوێندنی تێوریدا باشبێت یا هەموو هەوڵەکان بەرەو خوێندنی بەرزی دکتۆری و ئەندازیاری بێت، بەڵکو مرۆڤ توانای جیاوازی هەیە و هەرکەس بەپێی توانای خۆی بەبێ ئەوەی مۆرکی تەمەڵی پێوە بنرێت.

10. **خوێندنی لوتکەیی:** واتە خوێندن بۆ ئەو قوتابیانەی کە لە ئاستی توانای خوێندندا لە لوتکەدان. ئەو قوتابیانە پێویستیان بەوە نیە کە قۆناغی ئامادەیی بە سێ ساڵ

ببڕن، بەڵکو دەتوانن بە ماوەیەکی کەمتر ئەو قۆناغە تەواوبکەن، لەو کاتەی کە قۆناغی ئامادەیی لە پۆلی کۆتاییدا دەخوێنن، چەند وانەیەکی قۆناغی زانکۆش لەو بوارەی کە حەزیان لێبێت دەخوێنن. بەو شێوەیە کاتێک کە دەستدەکەن بە زانکۆ هەندێ وانەیان تەواوکردوە و کاتیان دەبێت زیاتر قووڵببنەوە لەو بوارەی کە خۆیان حەزیان لێیەتی. بەم شێوەیەش ڕێگای توێژینەوە و خوێندنی باڵا بۆیان ئاسانتردەبێت. بۆ خوێندنی ساڵی 2009 / 2010 بیست قوتابخانە ئەو پۆلەیان دەبێت. لە قوتابخانەی ئامادەیی ئۆڤا، کە یەکێکە لە قوتابخانەکانی من، داوامانکردوە یەکێک لەو پۆلانەمان هەبێت. بە بۆچوونی من، کارێکی خراپ نیە کە لە هەندێک لە قوتابخانە ئامادەییەکانی کوردستاندا بواری تایبەتی بۆ قوتابیانی لوتکە بڕەخسێنرێت لە پێناوی بەهێزکردنی ئاستی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە بوارە زانستیەکاندا، بەتایبەتی بواری پیشەسازی نەوت و کانزاکان.

11. **ڕیفۆرم لە بواری خوێندنی تیۆری گەورەساڵاندا:** هەموو گەورەساڵێک، کە خوێندنی هەر قۆناغێکی تەواونەکردبێت، مافی ئەوەی هەیە کە خوێندنی گەورەساڵان بخوێنێت. خوێندنەکە بۆ ئەوەیە کە ئەگەر قوتابیەک لە وانەیەکدا یان چەند وانەیەکدا دەرنەچووبێت یا نمرەی بەرزی نەهێنا بێت دەتوانێت لە خوێندنی گەورەساڵان خوێندنەکەی تەواوبکات و نمرەکەی بەرزبکاتەوە. بەوەش بە ئامانجەکانی خۆی بگات. لە کوردستان بەم خوێندنە دەگوترێت خوێندنی ئێواران و بۆ ئەوەیە کە هەموو وانەکانی پۆلێک بخوێنرێتەوە.



لەڕاستیدا ئەگەر خوێندکار جارێک لە وانەیەکدا دەرچوو بێت ئیتر پێویست ناکات ناچاربکرێت کە جارێکی تر، لەبەرئەوەی لە هەندێک وانەی تردا دەرنەچووە، بیخوێنێتەوە. خوێندنی ئێواران لە کوردستان پێویستی بە ڕیفۆرمی بنەڕەتی هەیە و ناوەکەشی هەڵەیە چونکە تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی پێویست ناکات هەر بە ئێواران بێت. لە سوید بە ڕۆژ و بە ئێوارانیش هەیە.

خوێندنی گەورەساڵان (یا ئێواران) بێجگە لە بەرەوپێشەوە بردنی پرۆسەی فێرکاری لە وڵاتدا، واتایەکی بەرزی مرۆڤایەتیشی هەیە. ئەو واتایە بریتیە لە ڕەخساندنی دەرفەت و شانسێکی تر بۆ ئەو کەسانەی کە لە کاتی خۆیدا نەیان توانیوە خوێندنەکەیان تەواوبکەن یان نەیان توانیوە نمرەی پێویست بهێنن بۆ ئەوەی لەو خوێندنە وەربگیرێن کە دەیانەوێت. بەم خوێندنە نمرەکانیان بەرزدەکەنەوە و داوای ئەو خوێندنە دەکەن کە لەگەڵ حەز، ئارەزوو و خەیاڵیاندا دەگونجێت.

بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی زیاتر لە یەک دەرفەتی لە ژیانیدا بۆ هەڵناکەوێت، بەمەش حەز و ویستێکی زۆر لە مرۆڤەکان هەر بە گەنجێتی دەمرێندرێت و لە ژیانیاندا مرۆڤێکی بێهواو دڵتەنگیان لێدەردەچێت.

12. **خوێندنی زانکۆی پیشەیی:** واتە خوێندن لە بواری زانکۆ و پەیمانگاکاندا بۆ ئەو قوتابیانەی کە بەشە پیشەییەکانیان لە ئامادەیی تەواوکردوە، وەک بەشی

پیشەسازی و کشتوکاڵ. ئەم خوێندنە پیشەییە، واتە ئەکادیمی نیە. ماوەی خوێندنەکە کورتە و لە چەند کۆرسێکی ئاستی بەرزی پیشەیی پێکهاتووە لەگەڵ پراکتیک لە بازاڕی ئازاددا.

13. **خوێندنی پیشەیی بۆ گەورەساڵان:** تا ئێستا خوێندنی گەورەساڵان هەر لە بواری وانە تیۆریەکاندا بووە. ئەم ڕیفۆرمە باس لەوە دەکات کە خوێندنی پیشەیی قۆناغی ئامادەیی وەک پیشەسازی و کشتوکاڵ بۆ گەورەساڵانیش هەبێت. واتە بۆ ئەوانەی کە لەبەر هەر هۆیەک بوو بێت خوێندنی ئامادەییان تەواو نەکردوە و دەیانەوێت لەگەورەساڵیدا خوێندنی ئامادەیی پیشەیی بخوێنن. لە کوردستان ئەم بوارە نەدراوە بە گەورەساڵان. ئەمە لایەنێکی تری سیستەمی فێرکاریمانە کە دەبێت بیری لێبکرێتەوە بەتایبەتی بۆئەوەی جارێکی تر شانسێکی تر بخرێتە بەردەم ئەو کەسانەی کەلەبەر هەر هۆیەک بووبێت نەیانتوانیوە لەکاتی خۆیدا خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ئامادەییدا بخوێنن.

14. **ریفۆرم لە بواری سیستەمی وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆکاندا:** لە سوید هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیستەمی وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا بکرێت. هەوڵەکان بەرەو ئەو ڕێگایەیە کە سیستەمەکە زیاتر بەرەو ناناوەندیی (لامەرکەزی) بەرن تا زانکۆ و پەیمانگاکان، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کێبڕکێ لە پێناوی بەهێزکردنی چۆنایەتی خوێندنەکاندا، یاسای وەرگرتنی خۆیان هەبێت.



لە کوردستان سیستەمی وەرگرتنی ناوەندیی (قبوڵ مەرکەزی)، سیستەمی خوێندنی بەرزی تووشی سستی و ئاستنزمی کردووە، هەروەها بۆتە ڕێگر لەبەردەم ڕیفۆرمەکانی خوێندنی ئامادەیی. ئەمەش بوارێکی گرنگی ترە کە دەبێت بەر ریفۆرم بکەوێت.

15. **ریفۆرم لە بواری سەرپەرشتیاریدا:** دامەزراوەی سەرپەرشتیاری (پەروەردەیی و پسپۆڕی) لە سوید لەبەردەم کۆمەڵێک ڕیفۆرمی گەورەدایە. یەکێک لە ڕیفۆرمەکان لە بواری ڕۆشنکردنەوە و دانانی ستروکتوری ڕێکخراوەیی دەزگای سەرپەرشتیارییە کە لە چوار بەش پێکهاتووە:

a) **بەشی سەرپەرشتیاریکردن:** واتە سەردانی قوتابخانەکان و هەڵسەنگاندێکی قوڵ و هەمەلایەنەی شێوەی وانەوتنەوە و بەرزڕاگرتنی بەهابنەباییەکان.

b) **بەشی وەرگرتنی سکاڵا لە سیستەمی فێرکاری** لە لایەن هاووڵاتیان و دایکوباوکی قوتابیانەوە. بەدواچونی سکاڵاکان و هەڵسەنگاندنیان لە لایەن ئەم بەشەوا سەرپەرشتی دەکرێت.

c) **بەشی پرۆژەی هەڵسەنگاندنی چۆنایەتی سیستەمەکە** کە هەموو قوتابخانەیەک ساڵانە ڕاپۆرتی (هەڵسەنگاندنی چۆنایەتی) خۆی پێشکەش دەکات.

d) **بەشی مۆڵەتپێدانی دامەزراندنی قوتابخانە ئەهلیەکان.**

ئەرکی سەرەکی دەزگای سەرپەرشتیاری بریتیە لە قووڵبونەوە و هەڵسەنگاندنی کارەکانی قوتابخانە و مامۆستالە پێناوی گەشە کردن و بەرەوپێشەوەبردنی سیستەمی فێرکاریدا. یەکێک لە پرۆژە گەورەکانیان بریتیە لە پرۆژەی بەهێزکردنی پەیوەندی قوتابخانە بە ماڵ و کۆمەڵگاوە. لەو ڕووەوە سەیری کاری مامۆستا دەکرێت، سەیری شێوەی ڕاپۆرتنوسین و هەڵسەنگاندن دەکرێت. هەروەها بە وردی سەیری بەرپرسارێتی بەڕێوەبەر دەکرێت.

ئەو ڕیفۆرمانەی کە لە سەرەوە باسمکردن ئەو هەوڵانەن کە ئەمرۆ لە سوید دەدرێن بۆ بەرەوپێشخستنی زیاتری سیستەمی فێرکاری وڵاتەکە. هەموو لایەنەکان لە قوتابیان، خوێندکاران، مامۆستایان و کارمەندانی بواری پەروەردە پێشوازی لەم ڕیفۆرمانە دەکەن و بە پێویستیان دەزانن، هەر یەکە لە بواری خۆیدا. بەڵام مانای ئەوە نیە کە بۆچوونی جیاواز نیە. بە پێچەوانەوە، لەهەموو بوارەکاندا بۆچوونی جیاجیا و تێروانینی تەنانەت دژ بەیەکیش هەیە، بەڵام هەموان لەسەر بوون و بەردەوامی ڕیفۆرمەکان ڕێکن. هەموو لایەک کۆکن لەسەر ئەوەی ئامانجی ڕیفۆرمەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و بەهێزکردنی دیموکراتیە، بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆڵی تاکەکەس و یەکسانی ژن و پیاوە. ئەم بەهایانە قابیلی سازش لەسەرکردنی نین.

چۆنییەتی کارکردن بۆ ئامادەکردن و بڕیاردان لەسەر ڕیفۆرمەکان زۆر جیاوازی هەیە لەو شێوەیەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت. بۆ نموونە جیاوازە لەو شێوەیەی کە لە کوردستان



بەکاردەهێنرێت بۆ گۆڕانکاری و ڕیفۆرم، کە شێوەی گرتنی یا بەستنی کۆنفرانسە. واتە ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندان و هەندێک لە پسپۆران کۆدەکرێنەوە، ماوەی دوو تا سێ ڕۆژ گفتوگۆدەکرێت و دواتریش چەند بڕیارێک دەدەرێت. ئەم شێوەیە، شێوەیەکی کلاسیکی یە و بە وردی پلانی بۆ دادەنرێت و هەندێکجاریش پێشکات هەندێک لە پێشینازەکان بڕیاریان لەسەر دراوە.

لە سوید شێوەی سەرەکی لە ئەنجامدانی ڕیفۆرم بەتایبەتی لە سیستەمی فێرکاریدا بریتیە لە چەند هەنگاوێک:

1. **دەستنیشانکردنی پسپۆڕێک یا دوو تا سێ پسپۆڕ، لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە،** کە ئەزمونێکی دوورودرێژی کارکردنیان لە سیستەمی فێرکاریدا هەیە. ماوەی نزیکەی ساڵێک دەدرێت بەو پسپۆڕە (یان پسپوۆڕەکان) کە ڕاپۆرتێکی دوور و درێژ ئامادە بکات/ بکەن. ئەو پسپۆڕە کارەکەی وەک پرۆژەیەک سەیردەکات و خۆی دەبێتە سەرۆکی پرۆژەکە، گروپێکی کار دروستدەکات لە سکرتێر و چەند کەسێکی شارەزای تر، کە هەریەکەو بەرپرسیاریەتی لایەنێکی پرۆژەکە دەخاتە سەر ئەستۆی خۆی. بە وردی سەیری لایەنە لاوازەکانی سیستەمەکە و دەستنیشانی لایەنە گرنگەکانی چاکسازی و نوێخوازی دەکەن. سایتێکی ئینتەرنێت دەکەنەوە و هەموو کارمەندێکی پەروەردە لە دەرەوەی پرۆژەکە بۆی هەیە بیروبۆچوونی خۆی وەک پێشنیاز بنێرێت بۆیان. لە ماوەی ساڵەکەدارەشنوسی یەکەمی ڕاپۆرتەکەی خۆیان تەواودەکەن.

2. **ناردنی راپۆرت:** ڕاپۆرتەکە دەنێرن بۆ کۆمەڵێک لایەنی زۆری پەیوەندیدار کە ڕەخنە و پێشنیازی خۆیانی لەسەر بدەن. ئەو لایەنانە کاتی واهەیە ژمارەیەن لە پەنجا تێدەپەڕێت، لەوانە بەڕێوەبەرایەتی پەرەردەی کۆمیۆنەکان (شارەوانیەکان)، شورای قوتابیان، هەندێک لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، بەڕێوەبەرایەتی زانکۆ و پەیمانگاکان، سەنیکای بازاڕیکار، سەندیکای مامۆستایان، بازاڕیکار، ژووری بازرگانی ...هتد. ماوەیەک دادەنرێت بۆ کۆکردنەوە و نوسینەوەی پێشنیاز، بۆچوون و ڕەخنەکان. کە ماوەکە تەواو بوو هەموو لایەنەکان وەڵامی خۆیان دەنێرنەوە بۆ سەرۆکی پرۆژەکە.

3. **ئامادەکاری:** لیژنەکە کۆدەبنەوە و بە وردی سەیری ڕەخنە و پێشنیازی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن. هەڵسەنگاندن و بەدواچوونی بیروبۆچوونەکان دەکرێت. لە کۆتاییدا تەنیا ئەو پێشنیازانە وەردەگیرێن کە پرۆژە کە دەولەمەند دەکەن. پاشان پرۆژەکە سەرلەنوێ دادەڕێژدرێتەوە و ڕاپۆرتی دەستەکە دەنێردرێت بۆ وەزارەت.

4. **کاری وەزارەت:** کارمەندانی وەزارەت ڕاپۆرتەکە ئامادە دەکەن و دەیخەنە بەردەم وەزیری پەروەردە. پاش خوێندنەوە ڕاپۆرتەکە ئامادەدەکرێت و دەنێردرێت بۆ پەرلەمان.



5. **کاری پەرلەمان:** پەرلەمان ڕاپۆرتەکە دەخاتە بەرنامەی کاریەوە و پاش گفتوگۆکردن لەسەری، دەنگی لەسەردەدرێت و دەنێردرێتەوە بۆ وەزارەت و ڕاپۆرتەکە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

6. **ماوەی زانیاریدان:** دواتر ماوەی زانیاریدان لەسەر ڕیفۆرمەکان دەستپێدەکات. ڕاپۆرتەکە دەدرێتە ڕادیۆ، تەلەفیزیۆن، ڕۆژنامەکان، میدیاکانی تر بۆ بڵاوبونەوە و گەیاندنی بە کۆمەڵانی خەڵکە.

7. **ماوەی جێبەجێکردن:** پاشان ڕیفۆرمەکان لەلایەن کارمەندانی وەزارەتەوە وەک بڕیار و ڕێنمایی دەنێردرێن بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆمێونەکان و قوتابخانەکان بۆ جێبەجێکردن.

ئەم شێوەیەی کارکردنە زۆر وردتر و گشتگیرترە لە شێوەی گرتنی کۆنفرانس و تەواوکردنی کارەکان لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا کە ڕیفۆرمەکان وەک کارێکی میکانیکی لێدێت وەک ئەوەی پرۆسەیەکی نوێخوازی بێت.

لە کوردستان ڕیفۆرمەکانی سیستەمی فێرکاری بە کۆنفرانس دەستپێکرد، بەڵام لەبەرئەوەی کە کۆنفرانس تەنیا چارەسەری بەشێکی پێویستیە هەنوکەییەکانی کرد و ئێستاش ڕیفۆرمی زۆر پێویست ماون، هەر بۆیە گرنگە کە بەبەردەوام ڕێنمایی نوێ و بڕیاری تازە دەربچێت بۆ ئەوەی ڕیفۆرمەکان بەردەوام بن و ڕەوتەکەش پرۆسەیەکی نوێخوازی بێت وەک لە ئێستگەیەکی گۆڕانکاری تەنیا و تاقانە.

بڵاکردنەوەی زانیاری و شەفافیەت مەرجێکی سەرەکی سەرکەوتنی پرۆسەی ڕیفۆرمە. بە زانیاریدان ڕێگای نێوان مرۆڤەکان کورتدەبێتەوە، دووری لە یەکتر کەمدەبێتەوە. هەمووکات قسەکردن و گفتوگۆ باشترە لە دووری و گومانکردن. دیالۆگ، بەتایبەتی لە پرۆسەی ڕیفۆرمدا، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، بەردی بناغەی توند و تۆڵی و پتەوی ڕیفۆرمەکانە.

نوسینی ڕاپۆرت بە تیۆری کارێکی باشە، بەڵام کارەکان سەرکەوتو نابن ئەگەر پراکتیکی لەگەڵدا نەبێت. پراکتیکیش لە سیستەمی فێرکاریدا مەرجی تێگەیشتن و جێبەجێکردنە.

یەکێک لە بەها هەرە گرنگەکانی نوێخوازی، بەشداریکردن و خۆناسینەوەیە لە پرۆسەکەدا، بەو کارە متمانە دروستدەبێت و گەیشتن بە ئامانجە سەرەکیەکان ئاسانتر دەبێت.
نوێخوازی هەموو کات دوورکەوتنەوەیە لە فەرهەنگی باو. هەنگاونانە بۆ گۆڕانکاری لە دابونەریتدا. هەربۆیە نوێخوازی مانای خۆی لەدەستدەدات ئەگەر دەنگی پارێزەرانی دابونەریت دژی نەوەستێت.

لە فەرهەنگی کۆمەڵدا کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای نوسراو هەیە کە ئاسانە قسەیان لەسەربکرێت. بەڵام زۆر گرانە قسە لەسەر هەندێک یاسا و ڕێسای باو کە نەنوسراونەتەوە، بەڵام کۆدەنگیەکی بێدەنگ هەیە لەسەری، بکرێت.



ریفۆرم لەو بوارەدا بە زەبروزەنگ وەڵام دەدرێتەوە، چونکە زمانی دیالۆگ، زمانی کراوەیی و شەفافیەتە، دژ بە یاسا کۆنە نەنوسراوەکانە. زەبروزەنگ هەموو کات بە قسە و نوسراو دەستپێدەکات، ئەگەر سیستەمی کۆمەڵایەتیش ڕێگە بدات، ئەوە دەبێتە توندوتیژی جەستەیی و لەناوبردن. هەر بۆیە گرنگە کە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی پشتگیری ڕیفۆرم و نوێخوازی بکەن، بۆ ئەوەی گۆڕانکاریەکان ببنە بەردەبازی پەڕینەوەی کۆمەڵگا بۆ کەناری ئاسوودەیی و دڵنیایی مرۆڤەکان. ڕاکردن لە سیستەمی باو تەنیا بۆ دۆزینەوەی ئارامی ناخە کە هەر بە متمانە بە سیستەمێکی نوێ دێتە دی.

مرۆڤ دەبێت هەستبکات کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر ژیانی خۆی هەبێت. ئەگەر مرۆڤ ئەو هەستە لەدەستبدات، ئەوە لەلایەک متمانەی بە سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات نامێنێت، لەلایەک ئاسودەیی ناو دەرونی خۆی لەدەستدەدات. بەوەش متمانەی بەجوانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان نامێنێت. بەردەوامی ئەو بێبڕواییە دەبێتە کەمبونەوەی ڕێز بۆ بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و کەمبونەوەی خۆشەویستی نێوان تاکەکان.

قوتابخانە دەبێت، بۆ ئامادەکردنی قوتابیان و خوێندکاران بۆ ژیانی گەورەساڵی، ڕۆڵێکی گەورەی بدرێتێ. دەبێت بوارێک بۆ مامۆستا و کارمەندانی قوتابخانەکان بڕەخسێت کە بتوانن مەشق بە قوتابیان، لەسەر بەهێزکردنی باوەڕ بەخۆبوون تیایاندا، بکەن، هەروەها فێربکرێن کە هاوسۆزبن بەرامبەر بەرامبەرەکەیان بەشێوەیک کە لێکتێگەیشتن و دیالۆگ ببێتە

بەشێک لە پەیوەندییە کۆمەڵاتیەکانی ڕۆژانەیان. تێگەیشتن لە شێوەی ژیانی بەرامبەر کارئاسانیەکی زۆر دەکات بۆ ئەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بچنە ئاستێکی بەرزتر و کۆمەڵگا بەرەو کراوەیی و شەفافیەت ببرێت.

سیستەمی کڕنوشی ڕێز بۆ بەرامبەر سیستەمێکی بەها بەرز نیە، هەستان لەبەر مامۆستا ڕۆژی پێنج جار بەهێزکردنی ڕۆحی کڕنوشبردنە و لاوازکردنی سەربەستی تاکەکەسە. کڕنوشی ڕێز بۆ مامۆستا تەنیا لە سیستەمی ڕۆژهەڵاتی یا سەرکوتکردندا بوونی هەیە، ئەگینا ڕێزگرتن پەیوەندی بە متمانە و خۆشەویستیەوە هەیە نەک لەبەر هەستان یا کڕنوشبردن.

کۆمەڵگای خوێندەوار، کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و کراوەیە کە مافی تاکەکەسی تیادا پارێزراوە. زانیاری لەسەر مافی تاکەکەس ئەرکی قوتابخانەیە کە قوتابیەکانی پێگۆشبکات. مرۆڤ کە مافەکانی خۆی زانی، زەحمەتە بێدەنگ بێت. هەموو شێوەیەکی بەرەنگاری دەگرێتەبەر، تەنانەت ئەگەر پێویست بکات ژیانیشی ببەخشێت.

لە قوتابخانەکانی کوردستاندا گرنگە ڕۆڵی چاودێرە کۆمەڵایەتیەکان بەهێزبکرێن بۆ ئەوەی قوتابیان ئاشنایەتی پەیدابکەن بە مافەکانیان و هەستبکەن کە گوێ لە حەز و خەیاڵەکانیان دەگیرێت. ئەگەر نا، تەنیایی ناخی منداڵەکانمان تاریک دەکات و لە ژیانی گەورەساڵییاندا یا ڕێگای ڕق و تۆڵە دەگرنەبەر یا دڵیەنگ دەبن بەرامبەر ژیان.



ئێستا خۆشبەختانە لە کوردستان سیستەمی کۆرسات و دابەشکردنی نمرە بەسەر وەرزەکاندا لە بواری تاقیکردنەوە و ئەزموونەکاندا پەیڕەودەکرێت. ئەم ڕیفۆرمە لە کاریگەری گەورەی جارانی تاقیکردنەوەکانی کەمکردۆتەوە و تاقیکردنەوەکان هەیبەتی جارانیان نەماوە. ئەمە هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێشەوە بۆ ئەوەی تاقیکردنەوە نەبێتە ڕێگر لەبەردەم حەز و ئارەزوو و خەیاڵی منداڵەکانماندا.

یەکێک لە گرنگترین ئەرکی کارمەندانی نێو سیستەمی فێرکاری کوردستان ئەوەیە کە لەسەر ڕێگەی ڕیفۆرم و نوێخوازی بەردەوامبن بۆ ئەوەی دواڕۆژی منداڵەکانمان ڕووناک و کوردستانمان ئاوەدان بێت.

# چاوپێکەوتنی رۆژنامەی "رۆژنامە" دەربارەی سیستەمی فێرکاری

**سازدانی: بەرهەم عومەر**

**2008-3-4**

هۆمەر قەرەداغی یەکێکە لەو شارەزایانەی بواری پەروەردە کە بەشێکی زۆری پێشنیازەکانی لەکۆنگرەی پەروەردەییدا پەسەند کران‌و لەچوارچێوەی راسپاردەکانی سیستمی نوێی پەروەردەدا خرانە بواری جێبەجێکردنەوە، هۆمەر قەرەداغی لەوبارەیەوە دەڵێت: «سیستمی پەروەردەمان زۆر خراپە، هاوشێوەی سیستمەکانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و لایەنەکانی تر، بۆیە ئەم هەنگاوەی ئێمە هەڵمانگرتووە هەوڵێکە بۆ ئەوەی لە سیستمێکی رەق‌و زۆر تیۆریی ریفۆرم بکەین‌و بیگۆڕین بۆ سیستمێکی نەرم‌و مرۆڤدۆست‌و دیموکراسی»، بەڵام ئاماژەی بەوەشدا کە کاتێك گۆڕانکارییەکان دەخەینەڕوو مامۆستایان قبوڵی ناکەن‌و رێگریی لە جێبەجێکردنی دەکەن، لە دیدارێکی رۆژنامەدا ناوبراو تیشکی زیاتر دەخاتە سەر هەنگاوەکانی گۆڕینی سیستمی پەروەردەو رێگرییەکانی بەردەمی.

**پ- ئایا لە کوردستاندا سیستمێکی پەروەردەیی نووسراومان هەیە؟**

و- بەڵێ سیستمێکی پەروەردەییمان هەیە، بەڵام زۆر خراپە، ئەو سیستمە هاوشێوەی سیستمەکانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و لایەنەکانی تر، خراپەو ئەم هەنگاوەی ئێمە هەڵمانگرتووە



هەوڵێکە بۆ ئەوەی لە سیستمێکی رەق‌و زۆر تیۆریی ریفۆرم بکەین‌و بیگۆڕین بۆ سیستمێکی نەرم‌و مرۆڤدۆست‌و دیموکراسی، تێیدا دەتوانرێت گۆڕانکاریی بکرێت لە دیدو عەقڵیەت‌و مامەڵەی تاکەکاندا، وەکو کارمەندەکانی بواری پەروەدەو قوتابی‌و دایکان‌و باوکان.. هتد.

بۆ ئەوەش هەنگاوی باش نراوە، ئەگەر سەرنج بدەین لە کوردستاندا لەوەتەی سیستمی پەروەدەیی هەیە بە یەك شێوە پیادەکراوەو گۆڕانی تێدا نەکراوە، بەڵام ئێستا تاقیکردنەوەی بەکەلۆری شەشی سەرەتایی نەماوەو شەش ساڵی ئیلزامی خوێندن درێژکراوەتەوە بۆ نۆ ساڵ‌و تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ نەماوە، پرۆگرامیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام سیستمەکە بەشێکی لێگۆڕاوە کە دوژمنی زۆرەو بە بڕوای من درەنگیش دەستمانکردووە بەو گۆڕانکارییانەو دەبوایە زووتر ئەنجام بدرانایە.

**پ- هۆکاری دواکەوتنی ئەو گۆڕانکارییانە بۆ چی دەگێڕیتەوە؟**

و- ئەم وڵاتە لەژێر وێرانکاریی‌و دەستدرێژیی دوژمناندا بووە، مێژووی کوردستان مێژووی وێرانکارییە لەناو عێراقداو لوتکەی ئەو چەوسانەوەیە لە ئەنفال‌و تەعریب‌و تەبعیس‌و کیمیابارانکردندا رەنگی دایەوە، ئەمانەش لە ناخی هەموو تاکێکی ئێمەدا رەنگی داوەتەوەو زەبروزەنگ جێی خۆیکردووەتەوە لە ناخی هەر یەکێك لە ئێمەدا، لەم کوردستانەدا کچەکانمان خۆیان دەکوژن، لە ناوشاری سلێمانیدا پیاو خێزانەکەی ناچاردەکات خۆی بسووتێنێت‌و دوایش دەڵێن «پەرەمێز تەقی»، زۆر سەختە بتوانرێت رۆحی گۆڕانخوازی لەنێو نەوەی دوای شەڕ جێگەی ببێتەوە.

هەروەها تا ئێستا دەزگا رەسمییەکانی کوردستان کەمتر توانیویانە ببنە دامەزراوەی مەدەنیو کار بۆ گۆڕانە هاوچەرخەکان بکەن، لەبەرئەوە کاتێك گۆڕانکاریی دەخەینە بەردەم مامۆستایان، رێگریی دەکەنو قبوڵی ناکەن.

**پ- کەواتە رێگرییەکان لە ناوەوەنو مامۆستایان خۆیان رێگرن؟**

و- بەڵێ، بە ئاشکرا ئەوەم بینیوە لەمجارەدا کە هاتوومەتەوە بۆ کوردستان، راستەوخۆ دیدی رەشبینانەی مامۆستاو کارمەندە پەروەردەییەکان دەبینم، کە پێیانوایە هیچ شتێکی باش نەکراوەو هەنگاوی جدیی نەنراوە، من چەندین وتار لەسەرم نووسراوە لەبەرئەوەی وتوومە با دوو مامۆستا بچنە یەك پۆلەوە، یان وتوومە با قوتابیەکان لە پۆلەکانیاندا بە گروپ دانیشنو با توێژەری کۆمەڵایەتیمان هەبێتو گوێ لە کێشەکانی قوتابیان بگرێت، بۆ ئەوەی ئاڕاستەی بیرکردنەوەی خراپی قوتابی بگۆڕدرێت، بەتایبەتی لەوکاتانەدا کە هەوڵی خۆکوژی دەدەن.

ئێمە دەبینین توێژەری کۆمەڵایەتی پشتگوێخراوە، ئەگەر سەرنج بدەن لە کۆمەڵگای ئێمەدا 10 هەزار منداڵ، تەنها یەك توێژەری کۆمەڵایەتی بەردەکەوێت، ئەگەر ئەمە کارەسات نییە، چییە؟!

ئێمە فێری ئەوە نەبووین رێز لە گەنجەکانمان بگرینو گوێیان لێبگرین، ئێمە هەموومان ئامۆژگاریکارین، بەڵام من پێشنیازم کردووەو پشتگیریی ئەوەم کردووە توێژەر هەبێت بۆ ئەوەی گوێ لە کێشەکان بگرێتو ئامۆژگاری نەمێنێتو ئاڕاستەکردنی زانستیی جێگەی ئامۆژگاری بگرێتەوە، منداڵێك کاتێك لە ماڵەوە لەلایەن باوکییەوە سەرکوت دەکرێت، کە دێتەوە دەرەوە دیکتاتۆر دەردەچێت، لەمەدا زۆر گرنگە توێژەری کۆمەڵایەتی هەبێت بۆ ئاڕاستەکردنی ویستە ناوەکییەکانی ئەو منداڵە.



لەناو کایەی پەروەدەشدا کەسانی توندوتیژ هەر ماوە، من لە کۆنگرەی پەروەردەدا باسی ئەوەم کردووە کە توندوتیژی نەمێنێت، بەڵام کەسێك کە دکتۆرای هەیە، باوەڕی بەوەیە کە »یەکێك زللەیەك لە کەسێك بدات پێویستە زللەیەکی لێبدرێتەوە.«

من 16 ساڵی خوێندنم لە کوردستاندا بووە، تا مامۆستا پێی نەوتبێتم دانیشن، هیچ کەسێك بۆی نەبووە دانیشێت، دەیان جار لێدانی دارم خواردووە، ئەوە سیستمێکی ستەمکارییانەیە، لە کاتێکدا کوڕێکی بێدەنگیش بووم، بەڵام هەر فەلاقە دەکرام، مامۆستا هەبووە کێشەی لەگەڵ خێزانەکەیدا هەبوو، کاتێك دەگەیشتە قوتابخانە راستەوخۆ دەمانزانی، ئەو رۆژە هەر دەبوو ریزێك فەلاقەی بخواردایە، ئێستاش هەر وایە.

دوای ئەوەی چومە سویدو سیستمی پەروەردەی ئەوێم بینی، کەموکوڕییەکانی ئێرەم بۆ دەرکەوت، بۆیە بەزەییم بە سیستمی پەروەردەکەمدا دێتەوە لە کوردستان .

**پ- هەست ناکەیت وەزارەتی پەروەردە ڕاڕایە لە جێبەجێکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی کۆنگرە پەسەندی کردووە؟**

و- پێموانیە وەزارەتی پەروەردە زۆر ڕاڕابێت، بەڵام ئیش دەکات، وەزارەتی پەروەردە کادیری شارەزای نییە بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی رێکخراو ئەو گۆڕانکارییانە ئەنجامبدات، ئەمەش کێشەی هەموو وەزارەتەکانی ترو کایەکانی ترە، بەڵام دەبێت گەشبین بینو لەپشتی ئەو کەسانەبین کە دەیانەوێت ریفۆرم ئەنجامبدەن، نەبینە کەسانێك کە گۆڕانکاریی ناخوازن، چونکە گۆڕانخوازەکان کەمن .

**پ- بەرکەوتنت چۆن بووە لەگەڵ ئەو کەسانەی لە کوردستاندا لە بواری پەروەدەییدا ئیش دەکەن؟**

و- دووچاری ڕەخنەی زۆر بوومەتەوە، لە سیمینارەکانمدا خەڵکم بینیوە هەڵچووە بەسەرمدا، لە سایتو ڕۆژنامەکاندا لەسەرم نووسراوە، پێم وتراوە لە سوێدەوە هاتووەو دەیەوێت ئێرە بکات بە سوید، «کابرا هاتووە دەیەوێت کوڕو کچ تێکەڵ بکرێت»،
هەمووکات هەروایە کاتێك کاربکەیتو ویستی گۆڕانت هەبێت، بەردەوام دووچاری ڕەخنە دەبیتەوە، خەڵك بۆچوونی خۆی بەرامبەرت دەردەبڕێت، ئەگەر ریفۆرم دوژمانەیەتی نەکرێت، ریفۆرم نییە، واتا تۆ هیچت نەگۆڕیو مەترسیی نەبوویت بۆ هیچ دامودەزگایەك، کەواتە تۆ هیچ ناگۆڕیت، بە بڕوای من ئەگەر ریفۆرم لە بەرژەوەندیی کۆمەڵێك کەس نەدات، ریفۆرم نییە، هیچ ناگۆڕێتو خۆ خەریککردنە بە سیستمە کۆنەکەوە.

**پ- بۆچی لە وەزارەتی پەروەدەدا گوێ لە تۆ دەگیرێت؟ خەڵکێك هەیە پێیانوایە پێشنیازی لەوانەی تۆ بەهێزتریان پێشکەشکردووە، بەڵام گوێیان لێنەگیراوە، ئەمە پەیوەندیی بە چییەوە هەیە؟**

و- ئەم گوێگرتنە پەیوەندیی بە بەرامبەرەکەتەوە هەیە، بەوەی تا چەند مەبەستییەتی گۆڕانکاریی بکرێت، بۆ نموونە ئەگەر لە وەزارەتی پەروەردەدا وەزیرێکمان نەبوایە کە باوەڕی بە گۆڕانکاریی هەبێت، ئەو گۆڕانانە ئەنجام نەدەدراو ئاسانکاریی نەدەکرا، ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمانی کوردستان ئەگەر باوەڕیان بە گۆڕانکاریی نەبوایە، ئەو پێشنیازانەیان قبوڵ نەدەکرد، کەواتە ویستێك هەیە بۆ گۆڕان، لە سەرەوە کێشەی



کەمتری تێدایە، هەرچەندە هەر لە هەمان وەزارەتدا لە وەزیرێکەوە بۆ وەزیرێکی تر دەگۆڕێت.

**پ- هەست ناکەیت بەردەوام ئەو ڕەخنەیەت ئاڕاستە دەکرێت کە تۆ ئەو پێشنیازانەت لە کەشێکی برادەرانەدا پێشکەش کردووە، ئەگەر نا وەرنەدەگیران؟**

و- نەخێر، ئەم کارە کارێکی دەستەجەمعیەو کاری یەكو دووان نییە، من باوەڕم وایە ئەگەر ناوەرۆکی پرۆژەکەم لەگەڵ ئامانجی ریفۆرمخوازی وەزارەتەکەدا یەکی نەگرتایەتەوە، وەرنەدەگیراو بە هیچ شێوەیەك گوێ نەدەگیرا، بەڵام ئەو شتانەش کە کراون زۆر کەمنو لە ئاستی داخوازییەکانی مندا نەبووە، بە کورتییەکەی من زۆر دژی تاقیکردنەوەی بەکەلۆریم، لە 3ی ناوەندییو شەشی سەرەتاییو ئامادەییدا، لەو پرۆژەیەدا 22 خاڵی ریفۆرمم خستووەتە ڕوو، لەوانەیە تا ئێستا 6 دانەی جێبەجێکرابێت، ئەی بۆچی شتەکانی تریان بە قسە نەکردووم! مەبەستم ئەوەیە هەمووشتێکیان بە قسە نەکردووم، لە بەشێکیدا بە قسەمکراوە، لە 2006دا لە کۆنگرەی پەروەردەییدا 17 تەوەرە هەبوو کە کۆنگرە کاری بۆ دەکرد، چەندین خەڵك پێوەی خەریك بوون.
هەندێك پێشنیازی من دەستکاریی کرا، بۆ نموونە بە گوێم نەکرا کە تاقیکردنەوەی بەکەلۆری سێی ناوەندیی لابرێت، پێموایە ئەوە شتێکی خراپەو دەبوایە لابرایەو تاقیکردنەوەی بەکەلۆری نەمێنێت بۆ 6ی ئامادەییو کۆی نمرەکانی سێ ساڵی رابردووی چوارەمو پێنجەمو شەشەمی ئامادەیی پێکەوە هەژمار بکرێت بۆ قوتابییەکە، هەروەها یەك تا شەشی سەرەتایی مانەوەو کەوتن نەمێنێت، بەڵام کرا بە یەك بۆ سێ.. هتد، من پێموایە لەم خاڵەدا

وەزارەت ڕاڕایە لە جێبەجێکردنی ریفۆرمدا، کە لە سەرێکەوە گۆڕانکاریی ئەنجام دەداتو لە سەرێکیشەوە پاشەکشە دەکات لە هەندێك پرەنسیپی گۆڕان.

**پ- پاساو چیە بۆ قبوڵنەکردنی ئەو گۆڕانکارییانە؟**

و- پاساوەکان زۆرن، دەڵێن جاریَ زروف لەبار نییەو خەڵکێکی زۆر دژایەتیمان دەکات لە ئێستادا.

**پ- مامۆستا چۆن پەروەردە بکرێت تاوەکو لە ئاستی گۆڕانکارییەکاندا بێتو پێی قبوڵ بکرێت؟**

و- پێموایە دەبێت سیستمی ئامادەکردنی مامۆستا لە کوردستاندا گۆڕانی بەسەردا بێت، ئەمەش دوو بەشە، ئەو مامۆستایانەی پەروەدەیان دەکەیت دەبێت لە رووی سۆسیۆلۆژیو سایکۆلۆژییەوە باش ئامادەکرابنو شێوازی نوێی وانەوتنەوەیان فێرکرابێتو لەسەر بنەما ئینسانیەکان راهێنرابن، ئەمە لایەنێکەو ئەوانەشی کە ئێستا مامۆستانو لە ناوەندەکەدان، پێویستە ئاستی بژێوییان بەرز بکرێتەوە، کە ئەمەش پارەی دەوێتو دەبیَ مامۆستایان بنێردرێن بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی بزانن سیستمی پەروەدەیی لە جیهاندا چۆنە! رێکخراوەکان بۆچی بتوانن خەڵك بنێرن بۆ دەرەوەی وڵاتو خولی جۆراوجۆر ببینن، بەڵام وەزارەتێك نەتوانێت ئەوە بکات !من بۆ خەمساردیی دەگێڕمەوە، کە سیستمە سیاسییەکەو کۆمەڵایەتییەکە لێی بەرپرسیارە.

مەسەلەی بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریی پارەی دەوێتو بودجەیەکی زۆر باشی دەوێت.



**پ- لە بواری خوێندنی باڵادا بڕیار نەدراوە هیچ گۆڕانکارییەك بکرێت؟**

و- ئەو لایەنە زۆر قوڵە، بەڵام ئەوەی زۆر خراپە لە بواری خوێندنی باڵادا بابەتی قبوڵی مەرکەزییە، لە زۆرێك لە وڵاتان هەموو زانکۆیەك قبوڵی خۆی هەیە، بە کۆمەڵێك پێوەر خوێندکاری خۆیان وەردەگرن.

کۆلیژی پەروەدەی مامۆستایانیش بابەتێکی تری گرنگە، کە باوەڕم وایە ئەو مامۆستایەی وانە بە قۆناغی 1- 3ی بنەڕەتی دەڵێتەوە، دەبێت ئاستی خوێندنی لە ئامادەیی کەمتر نەبێت، چونکە بە راستی تۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵێکدا دەکەیت کە عەقڵیەتێکی سادەی هەیەو هەموو شتێك تێناگات، دەبێت ئەو مامۆستایە چوار ساڵی خوێندبێت لە بواری پەروەدەدا، دەبێت لە رووی دەروونناسیو کۆمەڵناسییەوە زانیاریی باشی پێبێت، ئێمە بە دەورەیەك یان بە دوو ساڵ مامۆستا بەرهەم دەهێنین، کە ئەمەش کارەساتە، لە هیچ قۆناغێکی خوێندندا نابێت لە بەکەلۆریۆس کەمتر وانەبڵێتەوە، هەروەها تا ئێستا لێکۆڵینەوەمان نییە لە بواری پەروەردەدا، هیچ لێکۆڵینەوەیەکم نەبینیوە لەلایەن بەرپرسێکی پەروەدەییەوە ئەنجام درابێت، یان ئەوەتا من بێئاگام کە هیوادارم وابێت، یان هەبووەو هیچ بەکەڵکی ئەوە نەهاتووە بخوێنرێتەوەو لاوازبووە.

**پ- بە رای تۆ بەبیَ قبوڵ مەرکەزی زانکۆکانمان تووشی گرفت نابن، چونکە هەڵاوسان لە کۆلێژێکی دیاریکراودا دروستدەبێتو ئەوانی تر پشتگوێ دەخرێن؟**

و- بەڵێ، ئەگەر ئەو سیستمە بگۆڕین ئەو کێشەیە دروستدەبێت،

هەروەك چۆن لەم ریفۆرمانەی سیستمی پەروەدەدا کێشەی بۆ دروستبووە، لەو باوەڕەدام کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتیو سیاسیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، دەبێت قبوڵیشی بکرێت، بەڵام ناشکرێت لەبەر ڕێگریی سیستمە کۆمەڵایەتییەکە پەنجە نەبەیت بۆ گۆڕانکاریی، دەیان کەس باسی ئەوە دەکەن خراپە کچو کوڕ تێکەڵ بێت، بەڵام ئەمە فەنتازیای خەڵکی تاریکبینەو ئێستاش بە درەنگ دەزانم، دەبوایە زووتر دەستمان بۆ ئەو گۆڕانکارییانە ببردایە، لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیادا دوو ڕەگەزەکە تێکەڵکراونو هیچ کێشەیەکیشان نییە .

من باوەڕم بەوەیە ئێمە هیچمان کەمتر نییە لە تاکی ئەوروپیو خۆرئاوایی، کورد ئەگەر کەشێکی ئارامی بۆ بڕەخسێنیت، دەتوانێت هەمان ئەفراندن ئەنجامبدات، لە عەقڵیەتماندا تاریکییەك هەیە، ئەگەر سەرنج بدەیت سیستمی مۆبایلو ئینتەرنێتو تەکنەلۆژیای هاوچەرخ ڕۆژانە بەکاردەهێنین، بەڵام هێشتا پەروەدەی ئێمە لە ساڵەکانی حەفتاکاندایە، خەڵك لە کۆنگرەی پەروەدەییدا هەڵدەستا پێشنیازی بۆ دەکردم کە دەبێت کوردستان چاو لە سعودیەو ئەردەنو وڵاتانی چواردەور ببڕێت، بەڵام من سعودیە بەو وڵاتە نازانم کە کورد شتی لێوە فێربێت.

**پ- بە تێکەڵکردنی کوڕانو کچان لە ئامادەییو ناوەندییەکاندا، پێشبینی دەکەیت خێزانەکان قبوڵی ئەوە بکەنو ڕێگا بە منداڵەکانیان بدەن بێنەوە بۆ خوێندن؟**

و- بەڵێ، چونکە خۆیانی لەگەڵی دەگونجێنن، هەرچەندە لەوانەیە کابرایەکی ئایینیی یان تەقلیدیی ئەوە نەکات، بەڵام زۆرینەی خەڵك لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا خۆی دەگونجێنێت، کاتێك زۆرینەی خەڵك منداڵەکەی ناردەوە بۆ خوێندنگا ئەویش دەینێرێتەوە، باوەڕم بەوە نییە کە کۆمەڵگا ئامادە بکەیت ئینجا



گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت، یاخود ئاستە کۆمەڵایەتییەکە ڕێکبخەیت ئینجا گۆڕانکاری بکەیت، بەڵکو دەبێت ریفۆرم بکەیت بۆئەوەی واقعی کۆمەڵایەتی بگۆڕیتو دەبێت تەحەدای عەقڵی کۆمەڵەکەی خۆت بکەیت.

**پ- گۆڕانکاریی بە تەحەدا دەکرێت یان بە هۆشیاری؟**

و- تەحەداش جۆرێکە لە هۆشیاری، ئینسان دەبێت کاتو شوێنی شەڕەکانی خۆی هەڵبژێرێت، ئەمەش زۆرجار بە تەحەدا دەکرێت، بۆ نموونە کە دەڵێین نابێت کوڕو کچ تێکەڵ بکرێت، باشە ئەم کۆمەڵگایە بە چەند ساڵی تر دەگاتە ئەو ئاستەی ئەو تێکەڵبوونە قبوڵ بکات! بە واتا هەموو فەردێك قبوڵی ئەوە بکات، کە ئەمەش قەت روونادات.

**پ- پێتوایە پێداویستییەکانی گۆڕان لە کوردستاندا بوونی هەیە، لە کاتێکدا ئێستا وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە 1600 خوێندنگا هەیە؟**

و- گۆڕانکارییەکان ڕاستە کەمێکی کراوە، بەڵام سەرەتاییەو سەرەتاش سەختە، کاتێك هەموومان دەزانین کارەبا نییە، بەڵام لە تێکەڵکردنی کوڕو کچدا بۆچی لەسەر کارەبا بوەستین !
لە کوردستاندا دوو دەوامیو سێ دەوامیمان هەیە، بۆچی لەسەر ئەوە بوەستینو کاری بە گروپکردنی قوتابی لە پۆلەکاندا نەکەین؟ بۆچی دوو مامۆستا نەچێتە پۆلێکەوە! بۆچی شێوازی وانە وتنەوە نەگۆڕین! مرۆڤ ویستی لەسەر بێت هیچ شتێك مەحاڵ نیەو ئێمەش تا ئاستێك سەرکەوتووبووین لەو ریفۆرمەدا.
ئەگەر سەرنج بدەیت کەسایەتی توێژەر لە کوردستاندا فەرامۆشکراوە، لە کاتێکدا شارەزاییەکی باشیان هەیە لەبواری

سایکۆلۆژییو کۆمەڵناسیدا، ئەوان زۆرتر ئامادەن بۆ قبوڵکردنی گۆڕانکارییەکان.

**پ- دەستوەردانی سیستمی سیاسیی لە ناوەندە پەروەردەییەکاندا چۆن دەبینیت، حیزبایەتی چ کاریگەریو رەنگدانەوەیەکی لەسەر پەروەردە هەبووە ؟**

و- ئەوە کارەساتێکی گەورەیە، خەڵکێکی زۆر دامەزراوە بەهۆی حیزبایەتییەوە، ئەمەش گەندەڵییە، گەندەڵییەکەش لە هەموو بەشەکاندایە، واستە لە هەموو بەشەکاندا هەیە، سیستمی پەروەردە کراوە بە سیستمی فەرمانبەر بەرهەمهێنان، واتە ئەم سیستمە تەنها فەرمانبەر بەرهەم دەهێنێتو هێزی کار ناخاتە بازاڕەکانەوە.

کۆمەڵگا بە فەرمانبەر ناچێت بەڕێوە، بەڵکو بە خەڵکی ئازادو بە بیری ئازادەوە دەبرێت بەڕێوە، بە دوو حکومەتییەکە ئەوەندە خەڵکمان تەعین کردووە بودجەیەکی ئێجگار زۆر دەڕوات بۆ فەرمانبەر.

ئەم سیستمە نوێیە هەوڵدەدرێت دوور خرێتەوە لە حیزبو حیزبایەتی، یەکێك لە تەنگژەکانی پەروەردەی ئێمە دەستێوەردانی حیزبو دەستنیشانکردنی پۆستەکانە بە واستەی یەکێك لە حیزبەکان، بۆ نموونە بەڕێوەبەرەکان دەبێت لە هەر شارێك سەر بەو حیزبە بن کە تیایدا باڵادەستن، ئەوانەی سلێمانی یەکێتینو ئەوەی هەولێرو دهۆك پارتی، ئەمەش سیستمەکە تووشی شەلەل دەکات .

**پ-لە پێشەکی یەکێك لە کتێبەکانتدا دەڵێیت مەرج نییە**



**مامۆستا زانست بدات بە قوتابی، بەڵکو مامۆستا کەشی فێربوونو وەرگرتنی زانست بۆ قوتابی فەراهەم دەکات، لەم سیستمە نوێیەدا ئەم بیرکردنەوەیە بە چ مانایەك دێت؟**

و- کاری مامۆستا لە بنەڕەتدا ئەوەیە کەشو هەوایەك دروست بکات کە قوتابی زانست وەربگرێت، لەهیچ شوێنێکی دنیادا ناتوانرێت زانست بگەیەنرێتە کەسێك کە ئەو مێشکی داخستبێت، تەنها ئەوە نەبێت کە کەسەکە کراوەبێتو دەستپێشخەر بێت بۆ وەرگرتنی زانستەکە، بۆ نموونە مامۆستاکە باسی هاوکێشەیەك دەکات بۆ قوتابییەکەی، ئەگەر ئەو قوتابییە کێشەی هەبێت ئەوا لەو هاوکێشەیە تێناگات، ئەو قوتابییە خەیاڵی دەڕوات بۆ شوێنێکی ترو مێشکی دادەخرێتو سوود لە وانەکەی وەرناگرێت، بۆیە دەبێت مامۆستا حساب بارودۆخی خوێندکارەکانی بکاتو کەشو هەوای فێربونیان بۆ بڕەخسێنێت، زانست وەکو سەربەستی وایە، سەربەستی دەسەندرێت نادرێت، زانستنیش هەمان شتە، لە کوێدا دەیسەنیت کە کەشو هەوایەکی زانستی لە بار بۆ وەرگرتنی زانست دروستنەکراوە، دەبینین ئەو گەنجانەی لێرەوە هاتوون بۆ ئەوروپاو کەشو هەوایەکی بۆ دەخەملێت کە خۆی دروست بکاتو زانست وەربگرێت، لە کوردستاندا کاتێك چانسێکت لەدەست دەرچێت ئیتر چانسێکی ترت نادەنەوە، قوربەسەرییەکە لەوێدایە، قوتابییەك لە قۆناغی ئامادەییدا کۆمەڵێك کێشەی هەیە، نمرە ناهێنێتو پەیمانگا وەریدەگرێت بەبێ ویستی خۆی، ئیتر ئایندەی دەسوتێت، خەڵك هەبووە لە کوردستان پەیمانگای تەواوکردبوو، لە سوید ماستەرو دکتۆرای هێنا.

**پ- لە پشتی هەموو پرۆژەیەکی ئایندەوە کۆمەڵێك نەوتراو هەیە، چی تر نەوتراوەو چ ئامانجێك هێشتا رانەگەیەنراوە لەم پرۆسەی گۆڕانەدا؟**

و-جا كه وتم ئيتر هيچ سيحرێكى تيا نامێنێتو بەهاى نامێنێت، هەروەها بە وتنى يەك دنيا دژايەتى لە ئێستاوە بۆخۆت زيت دەكەيتەوە، بۆئەوەى ئەو شتانەى هەيە بەشێوەيەك بوترێت خەڵك گوێى لێبگرێتو كەمتر بريندار بكرێنو دوژمنايەتى بۆ خۆت دروست نەكەيت، كۆمەڵێك نەوتراو هەيە، ئەم ريفۆرمە تا ئێستا 30%ى گۆڕانكارييەكانى كردووەو ئەوەى وتراوە سێ يەكى وتراوەكانە، بۆ نموونە ئەوەى نەوتراوە نەهێشتنى تاقيكردنەوەكانە كە لە ئێستادا شەشى سەرەتايى لابراوە، بەڵام هێشتا لە سێى ناوەنديىو شەشى ئامادەييدا تاقيكردنەوەى بەكەلۆرى ماوە، بەجۆرێك گەنجەكانمان لەكاتى تاقيكردنەوەدا دەنێرين بۆ بەرەكانى جەنگ، مانگێكيان دەدەينێو سەريان سفر دەكەنو هەر ئەوە ماوە خودەيەكى عەسكەرى بكەينە سەريانو بيانێرين بۆ شەرە تفەنگ، خەڵك هەيە شەڕى پێ خۆشترە وەك لە تاقيكردنەوەى بەكەلۆرى.

هەروەها لە ريفۆرمدا هيوام ئەوەيە وانەى ئايين ببێتە وانەيەكى زۆر شارستانيىو نوێ، باوەڕم وايە وانەى ئايين لە يەك تا 5ى سەرتايى لابرێتو لەوێوە زانستى ئايينەكان بەشێوەيەكى سادە بوترێتەوە، دەبێت لە قوتابخانەكاندا تەنها ئايينێك نەخوێندرێت، بەڵكو هەموو ئايينەكان بخوێندرێت، نابێت منداڵەكانمان ئەو ئايينانەى تر نەزانن دەبێت فێربن، لەبەرئەوە سيستمى پەروەردە دەبێت لە ئايين جيابكەينەوە، لە هەمانكاتدا دەبێت رێزى خەڵك بگرين كە كۆمەڵگايەكى ئيسلاميمان هەيە، بەڵام ئاينى تريشمان هەيە



# چاوپێكەوتنى رۆژنامەى "كوردستانى نوێ" دەربارەى ريفۆرمەكانى كۆنگرەى پەروەردە

**2008-3-11**

**سازدانى: لوقمان غەفور**

هۆمەر قەرەداغى(51) ساڵى لەتەمەنى تێپەڕاندووەو لەو تەمەنەش ماوەى (26) ساڵى لەوڵاتى سويد بردۆتە سەرو (19) ساڵيش لەو تەمەنەى لەهەمان وڵات لەبوارى پەروەردەدا بەسەربردووەو ئێستاش بەڕێوەبەرى پەروەردەى (تێبى ( لەستۆكهۆڵم، لەسەردانێكيدا بۆ كوردستانى نوێ دەرفەتى ئەوەمان بۆ رەخسا كە گفتوگۆيەكى لەبوارى گرفت و كێشە پەروەردەييەكاندا لەگەڵدا بكەين.

ئەو رۆژەى قەرەداغى هات ژمارە (4509) ى رۆژنامەكە دەرچووبوو، هەر ئەو رۆژەش دواى سەردانێكى دوو هەفتەيى بەرەو سويد گەڕايەوە. يەكەمينجار سەردانى كوردستانى نوێى كرد، كوردستانى نوێ سەرقاڵى دەركردنى پاشكۆيەكى هەفتانە بوو بەناوى (پەروەردەى نوێ) تايبەت بەكۆنگرە؛ كەچەند مانگێكى پێش كۆنگرە بوو، ئەوكاتەى كەئەو هاتە كوردستانى نوێ هەشت ژمارەى لێدەرچووبوو، لەوكاتەدا باسى ئەوەى بۆكردين كە بەنيازە وەكو ئەندامێكيى كۆنگرە، چەند پێشنيازێك بخاتەبەردەم كۆنگرە تا قبوڵ بكرێت، بەڵام لەسەفەرى ئەمجارەيدا، يانزە سيمينارى رێكخستووە لەزاخۆوە تا كەلار، سەبارەت بەو ريفۆرمانەى كەكراون لەپەروەردەدا لەسايەى كۆنگرەداو دەبێت چى ديكە بكرێت.

هۆمەر قەرەداغی وەك خۆی دەڵێت: سیمینارەکان دوو تەوەرەی لەخۆگرتوون، یەکەمیان ئەو ریفۆرمانەی کەکراون؛ تاچەند ریفۆرمی بنەڕەتی بوون و سەرکەوتووبوون. دووەمیان چۆن بەردەوامی دەدرێت بەم ریفۆرمانە. ئەو رایەکی دیکەی هەبوو بەرامبەر ریفۆرمەکان و پێیوابوو؛ ئەگەر وەستان لەو ریفۆرمانەدا بکرێت و درێژەیان پێنەدرێت، ئەوا دابڕاان دروستدەبێت، وتیشی : لەسیمینارەکاندا زیاتر باوەڕپێکردن بووە بەمامۆستایان تادرێژە بەبڕیارەکانی کۆنگرە بدەن.

بەنیگەرانییەوە باسی لەوەکرد کەقودسییەتێکی خراپ دراوە بەتاقیکردنەوە و تائێستاش وەکو خۆی ماوە، هەرچەندە تاقیکردنەوە تاپۆلی سێیەمی سەرەتایی نەماوە، بەڵام لەپۆلەکانی دیکە درێژەی هەیە، وتی: پێشنیازم ئەوەیە کە تاقیکردنەوەی پۆلی سێیەمی ناوەندیی نەمێنێت، گەورەترین گۆڕان کەنەمانکردووە گۆڕانی بنەڕەتییە لەمەسەلەی تاقیکردنەوەکاندا، وایلێهاتووە کە کەس بۆی نەبێت دەستکارییکات، لەم هەرێمەدا جاران هەموو قوتابی و خوێندکارێک بەلانی کەمەوە لەساڵەکەدا(60) تاقیکردنەوەی ئەنجامدەدا، بەڵام ئێستا بووە بە(50) تاقیکردنەوە ئەگەر(10) وانەی هەبێت، چونکە تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ نەماوە.

لەگەڵ ئەوەشدا قەرەداغی دڵخۆشبوو بەوەی کەبڕیارەکانی کۆنگرە زۆریان سەرکەوتووبوون و بوونەتە بەهای بنچینەیی بەشێک لەسیستەمی قوتابخانەو خوێندنگەکان، بەڵام ئەو ئەمە بەکۆتایی دانانێت و دەیەوێت ئەو توندوتیژییە دەروونییەی کە تائێستا لەخوێندنگەو قوتابخانەکاندا ماون نەمێنێت، بەنموونە باسی لەوەکرد مانای چییە لەسەعات (8)ی بەیانییەوە



بەمنداڵێکی تەمەن (6) ساڵە بڵێین پشووبدە، وریابە، بۆ ئەمە دەڵێت: ئەم سیستمە ئینسانی سەربەخۆ دروستناکات.

بەوەوە نەوەستاو نموونەیەکی دیکەی هێنایەوە کە وتی: مانای چییە ئەگەر منداڵێکی سێیەمی سەرەتایی نەیزانی (5×5) دەکاتە (25)، باساڵێکی دیکە فێربێت خۆ دنیا کاول نابێت.
نیگەرانییەکانی هۆمەر قەرەداغی تەنیا لەسیستەمدا نییە، بەڵکو ئەو باس لەکەسایەتی نێو مامۆستا و بەڕێوەبەرەکانیش دەکات، بۆیە دەڵێت: بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی ئێمە زۆربەیان پلانی کاری ساڵانەیان نییە، مامۆستا لەم هەرێمەی ئێمەدا کەمترین کات لەپیشەکەیدا کاردەکات، (3-4) سەعات کارکردن لەقوتابخانە کاتێکی زۆرکەمە، کەئەمەش کاردەکاتە سەر پرۆسەی ێربوون، چونکە منداڵی کورد (9) مانگ لەقوتابخانەیە نیوەی منداڵێکی ئەوروپی فێردەبێت، لەبەرئەوەی مامۆستاکەی نیوەی مامۆستایەکی ئەوروپی زانیاری دەدات.

ئەو پرسیارەی کە لەم قسانەدا نێوانێکی خستە نێوان قسەکانی ئێمەو هۆمەر قەرەداغی ئەوەبوو، بۆئەمانە لەکۆنگرەی پەروەردەییدا نەکراون، ئەو دەڵێت: لەکۆنگرەدا هەموو شتەکان باسنەکرا، بەڵکو پێداگرتن لەسەر گۆڕان لەو مەسەلانەدا بوون کە گرنگن، دەتوانم بڵێم (25%) گۆڕان لە پەروەردەدا کراوە.

ئەوەمان وەبیرهێنایەوە کەچۆن دەتوانرێت گلەیی لەمامۆستا بکرێت کەدەوام کەمدەکات، لەکاتیکدا ئەو مووچەیەی کەمامۆستایەك وەریدەگرێت لەهەموو مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت کەمترە، بەڵام ئەو بەپێداگرتنەوە باسی لەوەکرد کەچەند ریفۆرمێک هەن دەبێت لەسەرئاستی مامۆستا بکرێت،

لەسەروو هەموو شتێکەوە مووچەی مامۆستا (50%) زیادبکرێت، بۆیە وتی: کەمووچەی مامۆستا زیادکرا زۆر بە ئاسایی دەتوانرێت دەوامی مامۆستا زیادبکرێت.

لەکوردستاندا (73) هەزار مامۆستا هەیە، کەپێوستمان بە(60) هەزار زیاترنییە، بۆ دەبێت ئەوانەی کەخانەنشین دەکرێن مامۆستایان لەجێگە دابنرێتەوە لەجیاتی زیادکردنی مامۆستا، مووچەی ئەوانەی کەهەن مووچەیان بۆ زیادبکرێت باشترە.

لەگەڵ ئەوەی کەهۆمەر قەرەداغی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە کاری مامۆستا زیادبکرێت، بەڵام جەخت لەوەش دەکاتەوە کەپێویستە چۆن سیستمی پەروەردە لەهەرێمی کوردستان و عیراق جیاوازییان هەیە، بەو شێوەیەش سیستەمی مووچەی مامۆستایانی کوردستان و عیراق جیاواز بێت و ئەو بەهانەیە نەهێڵدرێت کە سیستەمی مووچە لەعیراقدا یەك سیستەمە.

دیسان پرسیارێک خۆی هاویشتەوە نێو قسەکانمان، ئەویش ئەوەبوو، بۆچی لەکۆنگرەی پەروەردەیدا جەخت لەسەر باشترکردنی ژیانی مامۆستا نەکرایەوە؟ ئەو لەوەڵامدا وتی: لەکۆنگرەدا باس لەوەکرا چیمان پێدەکرێت، بۆیە جەخت کرایە سەر ئەو کارانەی کە پارەی تێناچێت، ئەگەر نا هەموو دەمانزانی ناگونجێت، مامۆستایەك وانە بە قوتابییەکی بنەڕەتی پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەم بڵێت کە دوو ساڵی لە پەیمانگە خوێندووە، یان چوار ساڵی پەیمانگە، یان خولێکی دوو مانگی بینیوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێت مامۆستای ئەو پۆلانە دەرچووی کۆلێژی بنەڕەتی بن.



قەرەداغی لە دوای گەڕانەوەی کەوتۆتە نێوان دوو رای جیاوازەوە، لەلایەك دڵخۆشە بە گۆڕانەکان، لەلایەکی دیکە خەمساری هەندێک لەقوتابخانە و خوێندنگەی هەندێک ناوچە تەواو نیگەرانی دەکات، ئەوەتا دەڵێت: لەهەندێک ناوچەدا کاری باشکراوە، گۆڕان لەتێکەڵکردنی کچان و کوڕان پۆلی (1-9) جێبەجێکراوە، بەڵام کۆمەڵێک ناوچەی دیکە تەواو خەمساردی پێوەدیارە و ئیشەکان وەك پێویست نەچوون بەڕێوە، ئەوەی بەدیدەکرێت زۆربەی مامۆستاکانمان گۆڕانیان لەخۆیاندا نەکردووە.

پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ئەمە وەك بینا دروستکردن نییە، ناتوانرێت لەماوەی (9) مانگی دوای کۆنگرەدا گۆڕان لەمێشکی هەموو مامۆستاکانی کوردستاندا هەیە بکرێت، بەڵام لەو (11) سیمینارەی کەکردوومە لەماوەی مانەوەم لەو چەند رۆژەدا، (2500-3000) بەڕێوەبەری قوتابخانە و خێندنگەم بینیوە، گۆڕانەکان چۆتە شادەماری زۆریانەوە و باوەڕیان پێیەتی، چونکە لەو بڕوایەدام مامۆستایەك باوەڕی بەگۆڕان و بڕیارەکانی کۆنگرە نەبێت هەرگیز خوێندنگەکەی سەرکەوتوو نابێت.

هاتنەناوەی نەوەی نوێ و گەنج بۆ وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەر و یاریدەدەرانیان لەهەرێمی کوردستاندا، گفتوگۆی نێوان ئێمەو قەرەداغی بوو، نەبوونی گەنج لەنێو بەڕێوەبەر و یاریدەدەرانیدا بەکێشەیەکی گەورەی لەقەڵەم دەداو رەخنەی لەوە هەبوو لەکوردستاندا هەموو شتێک بەتەمەن حیسابی بۆدەکرێت، بەلایەوە سەیربوو کەمامۆستایەك ئەگەر (40) ساڵ خزمەتی هەبێت دەبێت مووچەکەی (5) هێندەی مامۆستایەك بێت کە (6)

سالْ خزمەتی هەبێت، لەکاتێکدا گەنجێک کە(6) ساڵە مامۆستایە سووتابێت بۆ کێشەی پەروەردەیی؛ بۆ زیاتر وەرنەگرێت و پۆستی ئیداری نەدرێتێ.

ویستمان باسی زمانی ستانداری لەگەڵدا بکەین کەوا باسدەکرێت لەکۆنگرەدا بڕیاری لەسەردراوە، بەڵام تائێستا جێبەجێنەکراوە، ئەم ئەوەی بە دوور لەڕاستی زانی و وتی: لە هەر سێ رۆژی کۆنگرە (22-23-5/24) لەهەر (10) تەوەرەکەی کۆنگرەدا بەچاك و بەخراپ باس لەزمانی ستاندارد نەکراوە، بەڵام لەکاتی پشووەکاندا کە دادەنیشتین دەبووە گفتوگۆ لەسەر زاراوەکان و هەریەکە رایەکی جیاوازی هەبوو، ئەویش هیچ پەیوەندی بە سۆران و بادینان و سێمانی و هەولێر و کۆیە و دهۆك و کەلارو خانەقینەوە نەبوو، چونکە هەبوو خەڵکی کۆیە بوو، بەڵام پێی باش بوو کە تاکە زاراوەیەك هەبێت بۆ نووسین و خوێندنەوە. قەرەداغی بەنموونە وڵاتی سویدی هێنایەوە کەچەندەها دیالێکتی تێدایە، بەڵام هەموو سوید یەك زاری ستانداری هەیە بۆ خوێندنەوە و نووسین و تەنانەت راگەیاندنیش.

گفتوگۆی ئێمەو قەرەداغی بەوە کۆتاییهات؛ لەیەکێک لەژوورەکانی کوردستانی نوێ کە ئەو کارانەی پێویستە لەدوای بڕیارەکانی کۆنگرە بکرێن چین، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وتی: زۆر ئەرکی گەورە ماوە بکرێت.

بەدەنگێکی بەرزتر وتی: یەك ملیۆن قوتابی و خوێندکارمان هەیە، کەچی (200) توێژەری کۆمەڵایەتیمان هەیە، هەر (10) هەزار قوتابی و خوێندکارێک یەك توێژەری کۆمەڵایەتی بەردەکەوێت، بۆیە پێموایە نە لەبواری توێژەری کۆمەڵایەتیدا بۆ



خوێندنگە و قوتابخانەکان هیچ کراوە، نە لەبواری سەرپەرشتیاری پەروەردەییدا. قسەکانی بڕی و چووە سەر بابەتێکی دیکە کەئەویش ئەوەبوو، پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە وانەی ئایین دەبێت بکرێت بەزانستیی ئاینەکان، بۆئەوەی خوێندکار و قوتابی کورد شارەزایی لەسەر هەموو ئاینەکان هەبێت.

هۆمەر قەرەداغی-مان هێنایەوە سەر مەسەلەیەکی گرنگ و پێویست و یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرە ئەویش تێکەڵکردنی کوڕان و کچانە لەقوتابخانە و خوێندنگەکاندا، بۆیە بە پێداگرتنەوە وتی: لەپۆلی یەکەمی بنەڕەتی تا نۆیەم تێکەڵە و بڕیاری کۆنگرەیە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت ئەم پرۆسەیە سەرکەوتوو بێت، پێویستە لەقۆناغی نۆیەم بۆ دوانزەهەمیش تێکەڵبکرێت، خوێندنگەکانی قەزای ئامێدی بەنموونە هێنایەوە کە هەموویان تێکەڵکراون.

نزیکەی سەعاتێک کاتمان لەگەڵ هۆمەر قەرەداغی-دا بەسەربرد، گفتوگۆکەمان زیاتریش درێژەی دەکێشا، بەڵام سەعات (12)ی نیوەرۆی رۆژی (3/1) بوو بەرەو وڵاتی سوید دەگەڕایەوە.

# چاوپێکەوتنی بڵاوکراوەی "داهێنان"

## 2008-7-27

دوای رێزی بێپایانمان بۆ مامۆستا هۆمەر قەرەداغی، هیوای خۆشی و کامەرانیتان بۆ دەخوازین. دەستخۆشیمان بۆ ماندووبونەکانتان هەیە لە بواری پەروەردە.
ئەمە پرسیارەکانی ئێمەیە لە رۆژنامەی " داهێنان" بۆ بەرێزتان.

**پ- لە سەرەتادا ئەگەر بکرێ باس لە پرۆسەی پەروەردەو فێکردن بکەیت، گرنگی ئەم پرۆسەیە لە چیدایە؟**
و- گرنگی پرۆسەی فێرکاری لەوەدایە کە ئەنجامی پرۆسەکە بەرهەمهێنانی مرۆڤێک بێت کە پابەند بێت بە بەهابنەماییە بەرزەکانی مرۆڤایەتیەوە. بەهاکان لە خوێنی ئەو مرۆڤەدا بێت، دوور لە دەمارگیری، تۆڵەسەندنەوە و گەندەڵی.
بەهاکان بریتین لە بەرزراگرتنی نرخی ژیان، سەربەستی تاکەکەس، بەرابەری مرۆڤەکان، یەکسانی ژن و پیاو، دیموکراتیەت و یارمەتی ئەو مرۆڤانەی کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە. ئەرکی قوتابخانە و کارمەندانی پەروەردە بریتیە لە بەرهەمهێنانی مرۆڤێک کە هەستێکی گەورە لە بەرپرسیاری و خۆشەویستی خاکەکەی مێشکی داگیرکردبێت و هەوڵ و تێکۆشانی بۆ ئەوە بێت کە رۆڵی لە دابینکردنی ژیانێکی پڕمانا بۆ هەموان هەبێت.

**پ- لە دونیای نوێدا کە گۆڕانکارییەکانی بە خێرایی روودەدەن پێویستە ئامانجەکانی پەروەردە جەخت لەسەر چی بکاتەوە؟**
و- ئامانجەکانی پەروەردە لەم سەردەمەدا وەک لە پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێدا بریتیە لە بەرهەمهێنانی مرۆڤی سەربەست



و سەربەخۆ، مرۆڤی خاوەن بیروبۆچوونی خۆی. مرۆڤی دیموکرات و باوەڕبوو بە مافەکانی منداڵ و ئافرەت.
لە کوردستان کێشەی نەخوێندەواریمان هەیە، کە ئەمەش بەدوای خۆیدا دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی قووڵی بە دوای خۆیدا هێناوە لەوانە، گوێنەگرتن لە منداڵ و ڕیزنەگرتن لە ژن، ئەنجامی ئەم نەهامەتیەش منداڵی لێدراو و ئافرەتی کوژراوی لێدەکەوێتەوە.
هەر بۆیە گرنگە لە پاڵ کارکردن بۆ بەهێزکردنی بەهابنەماییەکان، کاربکرێت بۆ نەهێشتنی نەخوێندواریش.

**پ- ئەگەرچی بەردەوام وەزارەتی پەروەردەی کوردستان جەخت لەسەر نەهێشتنی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن دەکاتەوە، بەڵام ئەم پرۆسەیە تا هەنووکە بەردەوامە بە شێوازی جیاواز، بەرێزتان هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێننەوە؟**
و- هۆکاری بەردەوامی توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندندا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی توندوتیژی لە خێزان و کۆمەڵدا. بوونی توندوتیژیش لە ناو کۆمەڵدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو نەوەیەی کە ئێستا دەسەڵاتی کۆمەڵگا، ئابوری بازاڕ و سیاسەتیان بەدەستەوەیە، نەوەی شەڕێکی سەپێنراون بەهۆی داگیرکردنی کوردستانەوە لە لایەن ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. مرۆڤێکی کورد کە لەسەر لەبەرکردنی جلی کوردی لەسەر شەقامەکانی سلێمانی سوکایەتی پێدەکرا لە ناوەراستی سالآنی حەفتا و هەشتاکاندا، کە دەچووە ماڵەوە بەبێ بیرکردنەوە هەمان توندوتیژی بەرامبەر ژن و منداڵەکانی بەکاردەهێنا. لە ئەفەریقای باشوور لە ئەنجامی سیاسەتی ئەپارتەیدا هەر هەمان کێشە هەبوو، توندوتیژی سەرتاپای کۆمەڵەکەیانی گرتبۆوە. ئێستاش لە کوردستان هەروایە. ئەوانەی تەمەنیان چل- پەنجا ساڵە، بیست –سی ساڵی یەکەمی ژیانیان

لە توندوتیژیدا بەسەربردووە. وەک کاردانەوەیەک ، ئەوانیش توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵ و ژنەکانیان بەکاردەهێنن.

**پ- ئایا دەرکردنی بڕیارێک بۆ نەهێشتنی لێدان بەرامبەر بە قوتابی بەسە بۆ نبڕکردنی ئەو حاڵەتە؟ لە کاتێکدا زۆرێک لە مامۆستایان لێدان بە چارەسەر دەزانن و، ساڵانێکە لەسەری ڕاهاتوون؟**

و- دەرکردنی بڕیاری نەهێشتنی لێدان لە ناوەندەکانی خوێندندا زۆر گرنگ بوو، بەڵام بەس نەبوو. بە بۆچوونی من دەبێت لە دەستووری کوردستان بڕیارێک دەرچێت کە لێدان لە کۆمەڵگادا، بە قوتابخانەشەوە، قەدەغە بێت. واتە دایک لە ماڵدا بۆی نەبێت لە منداڵی بدات، باوک لە سەرشەقامەکان بۆی نەبێت لە منداڵی بدات، پۆلیس لە بەندیخانەکاندا بۆی نەبێت لە بەندەکان بدات.

دەستوری کوردستان بەبێ بەندی قەدەغەکردنی لێدان دەستورێکی مرۆڤدۆست نابێت. لە سوید یاسایەکی وا هەیە. من یاساکەم لە کتێبی یاسای سویدیدا دەرهێناوە و وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی و ناردوومە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەوەی جێگیری بکەن لە دەستوری کوردستاندا.  هیوادارم بە هەند وەریبگرن.

نەمانی سەرکوتکردنی فیزیاوی و دەروونی پرۆسەیەکی درێژخایەنە و ئەرکی هەموو گەورە ساڵێکە کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات و بەشدار بێت لەو پرۆسەیەدا.

**پ- ئەو گۆڕنکارییانەی لە پرۆسەی پەروەردەدا ئەنجام دراوە پشت ئەستورە بە فەلسەفەیەکی پەروەردەیی تۆکمە، یاخود سوود وەرگرتنە لە پەروەردەی وڵاتانی تر؟**

و- ئەو ڕیفۆرمانەی کە لە سیستەمی فێرکاریدا کراون پشتئەستوورن بە فەلسەفەی بەناوەندکردنی قوتابی و



بەهێزکردنی پەیوەندییە دیموکراتیەکان لە ناوەندەکانی خوێندندا. ڕیفۆرمەکان بۆ نەرمکردنەوەی سیستەمەکە و بەهێزکردنی ڕۆڵی قوتابی و خوێندکارە. زۆر وڵاتی پێشکەوتوو هەیە لە جیهاندا کە سیستەمی فێرکاریان سیستەمێکی دیموکراتیە و بەهابنەماییەکان سەروەرن لە بەڕێوەبردنی پرۆسەکەدا. ئەو وڵاتانە بریتین لە وڵاتە دیموکراتیە ڕۆژئاواییەکان کە ئەزمونیان لەو بوارەدا نزیکەی دووسەد ساڵە، بێگومان سوودوەرگرتن لەو وڵاتانە کاریگەری پۆزەتیڤی دەبێت لەسەر پرۆسەی گۆڕانکاری لە سیستەمی فێرکاری کوردستاندا.

**پ- ئەو گۆڕانکارییانەی لە کۆنگرەی پەروەردەیی ئەنجامدرا تا چەند لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی کوردستان دەگونجێت، ئایا دەتوانرێت بە ئاسانی وەربگیرێت؟**

و- ئەو ڕیفۆرمانەی کە لە کۆنگرەی پەروەردە دا پێشنیارکرا بۆ حوکمەت و پەرلەمانی کوردستان تەنیا یەک لە سەر سێی ئەو گۆڕانە پێویستیانەیە کە دەبوو بکرێت. ئەوەی کە کرا هەنگاوێکی باشبوو بەڵام دەبێت هەنگاوی تری بەدواوە بێت.

ئێستا کە کوردستان لە بەردەم سەردەمێکی نوێدا خۆی دەبینێت گرنگبوو ئەو گۆڕانانە ئەنجامبدرێن و هیچ نامۆ نەبون بە ژینگەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان.

**پ- باشتر نەبوو ئەو گۆڕانکارییانە بە چەند قۆناغێکی زەمەنی بووایە، لە کاتێکدا زۆرێک لە مامۆستایان لە ئێستادا بەشێک لەو گۆڕانکارییانەیان پێباش نییە، بۆ نمونە دەڵێن نەمانی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ لە بەرژەوەندی قوتابیدا نییە؟**

و- نەخێر، من باوەڕم وایە کە دەبوایە ئەو گۆڕانکاریانە لە ساڵی 1991 دا بکرایە، ئەو ساڵەی کە دەسەڵات کەوتە دەست کوردەوە و

لە فەلسەفەی دیکتاتۆری فێرکاری بەعس ڕزگار بووین. بەداخەوە گۆڕنکاریەکان دواکەوت و کاتمان زۆر لەدەستچوو. ئێستاش چاوەڕوانکردن و دابەشکردنی پرۆسەکە بەچەند قۆناغێکەوە دەبێتە دواکەوتنێکی زیاتری کوردستان لە دنیای گلوبالیزم و پێشکەوتوو. لەهەر شوێنێکی دنیا ئەگەر گۆڕانکاری کرابێت، دژایەتی کراوە، ئەوە شتێکی ئاساییە چونکە مرۆڤ شارەزای ئەوەیە کە هەیە، نەک ئەو شتە نوێیەی کە لێی نازانێت. بەڵام ئەو لێنەزانیە نابێت بمانترسێنێت و دوامانبخات.
بێگومان نەمانی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ و کەمکردنەوەی کاریگەری تاقیکردنەوەکان و نەمانی تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەش و نۆی بنەڕەتی بەسوودە و لە بەرژەوەندی قوتابیانە، لەبەرئەوەی هەر تاقیکردنەوە نیە کە توانای ئاستی زانستی و زانیاری قوتابی و خوێندکار هەڵدەسەنگێنێت، بەڵکو قسەکردن، گوێلێگرتن، کاری بەگروپ، کاری پرۆژەیی و رۆڵی ئەکتیڤی قوتابیە کە وادەکات قوتابی بیربکاتەوە و وەک مرۆڤێکی سەربەستی خاوەن دەنگ و ڕەنگی خۆی رەفتار بکات.

**پ- رۆڵی ئاین لە پرۆسەی پەروەردە چییە؟ ئایا توانراوە ئەم رەهەندە لە پرۆسەی پەروەردە لە کوردستاندا تەوزیف بکرێت و، رۆڵی ئیجابییانەی خۆی بگێڕێت؟**
و- ئاین، بەشێکی گرنگی سەربەستی تاکەکەسە. هەموو کەس دەبێت ئازاد و سەربەست بێت لەوەی چۆن بیردەکاتەوە و ڕۆحی لەچیەوە نزیکە. بەڵام ئاین نابێت بەشداربێت لە پرۆسەی فێرکاریدا. گرنگە کە وانەی ئاین بگۆڕدرێت بە وانەی زانستی ئایینەکان. لەو وانەیەدا ئاین وەک زانست سەیربکرێت و هەموو ئاینە گەورەکانی مرۆڤایەتی، وەک ئیسلام، کریستیان، جوو، هیندۆیزم، بودیزم و... هتد باسیلێبکرێت و بە شێوەیەکی



ئۆبیەکتیڤانە بخوێنرێت. بۆ ئەوەی قوتابی و خوێندکار والێبکات کە ئازادانە لەو پرسیارە رۆحیانەی کە هەیانە بیربکەنەوە و خۆیان سەربەست بن لە هەڵبژاردنی ڕێڕەوی ژیانیان و دەستنیشانکردنی ئەو پرسیارە گرنگانەی کە دەربارەی مانای ژیان هەیانە.

**پ- زۆرێک لە پاشماوەکانی کلتوری بەعس تا ئێستا لە ناوەندەکانی خوێندن پیادە دەکرێت، وەکو بە حیزبی کردنی ناوەندەکانی خوێندن و شتی تریش.. تا چەندێک ئەم پاشماوانە زیان بە سیستەمەکە دەگەیەنن؟ چیبکرێت بۆ سرینەوەی ئەم پاشماوانە و، چ لایەنێک دەتوانێت بەمە هەستێت؟**
و- بەداخەوە ئەوە ڕاستە کە حیزب دەستوەردەداتە ناو ناوەندەکانی خوێندنەوە، بۆ نموونە هیچ مامۆستایەک نابێت بە بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەگەر حیزبی نەبێت، لە ناوچەکانی پارتی دەبێت بەڕێوەبەرەکان پارتی بن و لە ناوچەکانی یەکێتی دەبێت بەڕێوەبەرەکان یەکێتی بن، ئەمەش کارێکی زۆر زەرەرمەندە بۆ پرۆسەی فێرکاری. تەنیا کار کە لەم بوارەدا بکرێت دەبێت ئەو دیاردە خراپە بنبڕبکرێت. لێرەدا گرنگە کە هەموو مرۆڤێکی دیموکرات، حیزبی بێت یا بێلایەن دەنگی بەرزبکاتەوە و ڕەخنە لەدەستێوەردانی حیزب لەم بوارەدا بگرێت.

**پ- پێگەیاندنی هەر تاکێک لە رووی پەروەردەییەوە بە کۆمەڵێک قۆناغدا دەڕوات، بۆ نمونە پەروەردەی خێزان، کۆمەڵگە، ناوەندەکانی خوێندن، ئایا ئەم قۆناغانە توانیویانە تاکێکی تەندروست لە رووی پەروەردەییەوە بەدەست بهێنن، ئەگەر ناتوانن هۆکاری چییە؟**

و- بەداخەوە نەخێر. خێزان و کۆمەڵ و ناوەندەکانی خوێندن لە کوردستاندا نەیانتوانیوە تاکێکی ئازاد و پڕچەک بە بەهابنەماییە بەرزەکانی مرۆڤ بەرهەم بهێنن. مرۆڤێک کە سەربەستانە بیربکاتەوە و دژ بە هەموو چەوسانەوەیەکی فیزیاوی و دەروونی بێت. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی دیموکراتیەت لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ نموونە ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێراق، لە تۆڵە، چەک، ڕق، ئەنفال، کیمیاباران، داگیرکردن، بەندکردن، ئەشکەنجەدان و وێرانکردن زیاتر هیچ شتێکیان بۆ کوردستان نەکردوە. ئەم کارە بۆتە هۆی ئەوەی نەوە لە دوای نەوەی کوردستان لەژێر سیستەمی دیکتاتۆریدا گەشەبکات و ژیانی زۆر نزیک بێت لە توندوتیژییەوە. ئەمەش وایکردوە کە ڕێژەی نەخوێندەواری بەرزبێت و ئاستی ڕۆشنبیری نزم بێت، واتە هەنگاوەکان زۆر نزیک بن لە شەڕ و توندوتیژی وەک لە دیالۆک و ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونی بەرامبەر.

**پ- ئێستا نەوەی نوێ لە کوردستان ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوان پێکدەهێنن، چۆن دەتوانرێت کارێک بکرێت بۆ ئەوەی ئەم نەوەیە بە ئاقاری نەوەکانی پێشودا نەڕوات و لە رووی پەروەردەییەوە تاکی تەندروستیان لێ پێکبهێنرێت؟**

و- گرنگترین کار لە ئەمڕۆدا بۆ نەوەی نوێ لە کوردستاندا بکرێت بریتیە لە بە ناوەندیی کردنی ڕۆڵی قوتابی و خوێندکار لە ناوەندەکانی خوێندندا. لەم بوارەدا دەبێت نەوەی نوێمان هەستبکات کە گوێلێگیراو و ڕێزلێگیراوە. مافەکانی پارێزراون. بەڵام بێگومان کۆمەڵگای گەندەڵ نەوەی تەندروست دروستناکات، هەربۆیە گرنگە لە لایەک دژایەتی گەندەڵی بکرێت و لەلایەک نوێخوازی لە سیستەمی فێرکاریدا بکرێت.



# چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" دەربارەی وانەی وەرزش

سازدانی سامان ساڵح

2008-8-15

وەرزش وەك یەکێک لەبوارە هەرە گرنگ و بایەخدارەکانی ژیان، چ لەبواری جەستەیی و دەروونی چ لەبواری تەرفیهییەوە، ئارەزوومەندانێکی زۆری لەهەموو کون و قوژبنێکی ئەم دونیایە هەیە، قسەکردن و دەرخستنی بایەخ و گرنگی ڕۆڵی پەروەردەی وەرزشی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا پێویستی بەقسەکردن و دیالۆگی تایبەت هەیە، بۆ دەرخستنی ئەم بوارە لەپەروەردەدا و بەتایبەت وانەی وەرزش لەسیستەمی پەروەردەی سویددا بە پێویستمانزانی هۆمەر قەرەداغی، بەڕێوەبەری پەروەردە لەسوید بدوێنین و چەند پرسیارێکی لەسەر ئەم مەسەلەیە ئاراستە بکەین.

**پ- بەگشتیی وانەی وەرزش و (وەرزشکردن) لەسیستەمی پەروەردەی سویددا چۆنە؟**

و- وانەی وەرزش لە سوید ناوی وانەی (وەرزش و تەندروستیە). واتە وەرزش لە تەندروستی جیانەکراوەتەوە. وانەکە گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت، نیوەی تیۆریە و نیوەی پراکتیکە. گرنگی وانەی وەرزش و تەندروستی لە گرنگی وانەکانی بیرکاری و سویدی و ئینگلیزی کەمتر نیە. بۆ نموونە لە قۆناغی ئامادەیدا حەوت وانە هەیە کە دەبێت هەموو قوتابیەک لەو سێ ساڵەی ئامادەییدا

بیانخوێنێت بێگوێدانە ئەو بەشەی کە دەیخوێنێت (زانستی، وێژەیی یا پیشەیی بێت). یەکێک لەوانە سەرەکیانە وانەی وەرزش و تەندروستیە. ئەمە لە کاتێکدا کە وانەکانی مێژوو و جوگرافیا، بەشە بەرزەکانی وانەکانی بیرکاری و ئینگلیزی B و C پێویست ناکات هەموو قوتابیەکی قۆناغی ئامادەیی بیخوێنێت. واتە وانەی وەرزش و تەندروستی یەکێکە لە وانە هەرە گرنگەکان.

ئامانجی گشتی وانەکە دروستکردنی کەسایەتیەکی بەهێزە کە لە ڕووی فیزیاوی، دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە ببێتە مرۆڤێکی چالاک و تەندروست لە کۆمەڵدا.

**پ- لەسیستەمی پەروەردەی سوێددا وانەی وەرزش بەپێی پرۆگرام و کتێب دەخوێندرێت، یان وانەیەکی بێ پرۆگرامە ؟**

و- لە سیستەمی فێرکاری سویددا، وانەی وەرزش و تەندروستی وانەیەکی گرنگە و وەک وتم یەکێکە لە وانە سەرەکیەکان، بەرنامە و ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە. هیچ قوتابیەکی قۆناغی ئامادەیی ناتوانێت لە زانکۆ و خوێندنی باڵا بخوێنێت ئەگەر نەگەیشتبێت بەو ئامانجە گشتی و تایبەتیانەی کە دانراون بۆ وانەکە. بەشە تیۆریەکەی وانەکە لە ئاستی زانستی وانەی بایۆلۆجی یا فیزیا کەمتر نیە. واتە قوتابی دەبێت هەوڵێکی زۆر بدات بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجەکانی وانەکە بە پێی ئەو پرۆگرامەی کە لە کتێبەکانی وانەکەدا دانراون. بەشی تیۆریەکەی وانەکە زۆر گرنگ دەدات بە تەندروستی و زانیاریدان لەسەر چۆنیەتی ژیانێکی تەندروست، چۆنیەتی کارکردنی ماسولکەکانی لەش، هاتوچۆی خوێن و جوڵەی جومگەکان. هەروەها زانیاریدان لەسەر کاریگەری پرۆتین و کۆڵهیدرات بۆ بەهێزبوونی ماسولکە.



زانستی وزە و گۆڕینی وزە لە شێوەیەکی وزەوە بۆ شێوەیەکی تر بەشێکی گرنگی وانەکەیە. بۆ نموونە گۆڕینی وزەی کیمیاوی بۆ وزەی فیزیاوی لە لەشدا و ئەنجامەکانی لەکاتی چالاکی فیزیاویدا.

لەبەشی پراکتیکی وانەی وەرزش و تەندروستیدا، لەبەرئەوەی لە سوید زەریاچە و ڕووبار زۆرە، گرنگی دەدرێت بەوەی کە هەموو منداڵێک لە قۆناغی بنەڕەتیدا مەلە بزانێت. وانەی وەرزش و تەندروستی لە قۆناغی بنەڕەتیدا هەفتەی دوو جار دەخوێندرێت و لە قۆناغی ئامادەییدا 100 خاڵ لە ماوەی سێ ساڵەکەدا دەخوێندرێت. بەڵام ئەو قوتابیانەی کە دەیانەوێت و ئارەزوویان لێیە لە وانەکەدا قووڵببنەوە دەتوانن زیاتر بخوێنن. بۆ نموونە لە قۆناغی بنەڕەتیدا بۆ ئەو قوتابیانە لە هەندێ قوتابخانەدا لە دوو جارەوە دەکرێت بە چوار جار لە هەفتەیەکدا. بۆ نموونە کوڕەکەی من لە پۆلی هەشتە و هەفتەی چوار جار وانەی وەرزش و تەندروستی دەخوێنێت چونکە خۆی دەیەوێت و دەڵێت هەفتەی دوو جار کەمە. لە قۆناغی ئامادەییدا وەک وتم هەموو خوێندکارێک 100 خاڵ وانەی وەرزش و تەندروستی A دەخوێنێت. ئەو خوێندکارانەی دەیانەوێت زیاتر وەرزش بکەن، بۆیان هەیە و دەتوانن وانەی وەرزش و تەندروستی B هەڵبژێرن و قوڵببنەوە تیایدا.

لەبەشی پراکتیکی وانەکە بێجگە لە مەلە، تۆپیپێ، باڵە، باسکە، خزینی سەر سەهۆڵ، سەمای سەر سەهۆڵ، جۆرەکانی سەما، تۆپی دەست، ڕاکردن، ڕیشە، سکواش و یاری و گەمە بەگشتی دەکرێت. قوتابی و خوێندکار دەبێت بە شێوەیەکی گشتی بەشداری بکات و

لە هەندێ بەشیاندا ئەنجامی هەبێت وەک بەشی فێربونی مەلە و ڕزگارکردنی یەکێک کە خەریک بێت بخنکێت.

هەروەها هەموو ساڵێکی خوێندن دوو تا سێ ڕۆژ بە تەواوی تەرخاندەکرێت بۆ وانەی وەرزش و تەندروستی. لەو ڕۆژانەدا قوتابی و خوێندکار تەنیا ئەو وانەیە دەخوێنن و خۆیان ئەو جالاکیە وەرزشییە هەڵدەبژێرن کە دەیانەوێت. واتە قوتابی سەربەستییەکی زۆری هەڵبژاردنی هەیە لە وانەکەدا کە بە داخەوە ئەو سەربەستی هەڵبژاردنە کەمە بۆ قوتابی لە کوردستاندا. زۆربەی یارییەکانی ئەو ڕۆژە تایبەتە کە پێی دەوترێ (ڕۆژی هەوای ئازاد) یا (ڕۆژی وەرزشی ئازاد) لە دەرەوەی قوتابخانەکاندا دەکرێت و هەموو مامۆستاکانی قوتابخانەکە ئەو ڕۆژانە، یارمەتی مامۆستای وەرزش و تەندروستی دەدەن بەوەی کە هەر یەکە بەرپرسیاری گروپێک لە ئەستۆ دەگرێت. ئەم ڕۆژانە بۆ مامۆستای وانەکانی تریش باشە لەبەرئەوەی ئەوانیش لەگەڵ قوتابیەکاندا دەجوڵێن و بەشداردەبن، هەروەها دەچنە ناو سروشت و هەندێجار ڕۆیشتن یا مەشقکردنی سویدی لە گۆڕەپانێکدا دەبێتە ئامانجی چالاکیەکانی ئەو ڕۆژە و وانەکە وەک سەیرانێکی بەسوودی لێدێت بۆ قوتابیان و مامۆستایان.

**پ- ئایا ڕەچاوی قۆناغی خوێندن دەکرێت لەخوێندنی وانەی وەرزشدا؟**

و- بێگومان ڕەچاوی قۆناغی خوێندن دەکرێت لە وانەی وەرزش و تەندروستیدا. ئەو پرۆگرامەی بۆ پۆلە سەرەتاییەکانی قۆناغی بنەڕەتی دادەنرێت زۆر زۆر جیاوازە لە پرۆگرامی هەمان وانە بۆ قۆناغی ئامادەیی. بۆ نموونە جیاوازی بەشە تیۆریەکەی لە نێوان ئەو دوو قۆناغە وەک جیاوازی نێوان وانەی بیرکاریە لە قۆناغی



بنەڕەتیەوە بۆ قۆناغی ئامادەیی. پرۆگرامەکە جیاوازە و ئامانجەکانیش جیاوازن. هەروەک چۆن ناکرێت بەراوردی وانەی ئینگلیزی بکەین لە نێوان پۆلی پێنجی بنەرەتی و پۆلی یانزە دا بە هەمان شێوە ئەو بەراوردە ناکرێت لە نێوان هەمان وانەدا بۆ ئەو دوو قۆناغە.

**پ- فەلسەفەی خوێندنی وانەی وەرزش لەسیستمی خوێندنی سویددا چی یە؟ ئایا دروستکردنی یاریزانە، یان مرۆڤێکی تەندروستی لەشساغ؟**

و- ئامانجەکانی خوێندنی وانەی وەرزش و تەندروستی بریتین لە:

- دروستکردنی کەسایەتیەکی بەهێز و پۆزەتیڤ لای قوتابی و خوێندکار و گەشەدان بە توانای فیزیکی و دەرونی و کۆمەڵایەتییان.
- دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروست و گەشەدان بەو زانیاریانەی کە دەبنە هۆی بڵاوبونەوەی هوشیاری تەندروستی لە کۆمەڵدا.
- دروستکردنی بوار بۆ هەموان لە چالاکیە وەرزشیەکاندا.
- پشتگیریکردن و بەهێزکردنی بزوتنەوەی سەربەخۆیی وەرزشی.
- پەیوەندیکردن بە کۆمەڵە وەرزشیەکانەوە.

وەک وتم هەموو قوتابیان دەبێت وەرزش بخوێنن بەڵام ئەوانەی دەیانەوێ زۆر پێشبکەون، بواریان بۆ دەرەخسێنرێت کە زیاتر لە وانەکەدا قووڵببنەوە و ببنە یاریزانێکی بە توانا لەو بواری ئەو وەرزشەی هەڵیدەبژێرن.

بەشێوەیەکی گشتی ئامانجی وانەکە دروستکردنی یاریزان نیە بەڵکو مرۆڤێکی سەربەخۆی تەندروستە کە بە ڕۆحێکی وەرزشیەوە کاریگەری لە سەر کۆمەڵگا هەبێت.

**پ- چۆن ڕەچاوی ئەو باری خوێندکارانە دەکرێت لەوانەی وەرزشدا کەخاوەن پێداویستی تایبەتن؟**

و- پێداویستی تایبەت دوو جۆرە، یا ئەوەیە کە لەبەر کەمئەندامی قوتابیەکە ناتوانێت لە هەموو بوارەکاندا بەشداری بکات یا ئەوەیە قوتابیەکە توانا و بەهرەیەکی زۆری هەیە و پێویستی بەوە هەیە پشتگیری لێبکرێت بۆ ئەوەی باشتر بێت. بەشی یەکەم کە کەمئەندامەکانن، بەپێی یاسای قوتابخانەکانی سوید، بەڕێوەبەری قوتابخانە بەرپرسیارە لەوەی بە هەموو شێوەیەک کارئاسانی بکات بۆ ئەوەی قوتابیەکە بتوانێت بەپێی توانا بەشداری لە چالاکیەکاندا بکات و هەستنەکات کە بە شێوەیەک دەچەوسێنرێتەوە. بەشی دووەم، ئەوانەی کە بەهرەی تایبەتیان هەیە، گرنگە پشتگیریان لێبکرێت و بواریان بۆ برەخسێنرێت کە زیاتر لە وانەکەدا قووڵببنەوە. بۆ نموونە لە قۆناغی ئامدەییدا بێجگە لە وانەی وەرزشی A و B وانەی بەرزتریش هەیە کە پێی دەوترێت (وەرزشی تایبەتی A و B و C) کە هەر یەکەی 100 خاڵە و قوتابیەکان ئەو وەرزشە تایبەتیەی کە باشن تیایدا دەیخوێنن، بۆ نموونە تۆپتۆپێن. لەو کاتەدا زۆر لە وانەکە لەگەڵ یانەکانی خۆیاندا دەیخوێنن و وەک وانەیەکی قوتابخانە بۆیان دەژێردرێت. بەڵام ئەنجامی کۆتایی مامۆستای وانەی وەرزش دایدەنێت نەک تیپەکەی یا یانەکەی قوتابی.



لە قۆناغی بنەڕەتیدا وەک ئاماژەم پێدا لە سەرەوە لە هەندێ قوتابخانەدا پرۆفایلی وەرزشی هەیە کە ئەو قوتابیانەی زیاتر بەهرەدارن یا حەزیان لە وەرزشە هەڵیدەبژێرن.

لە قۆناغی ئامادەییدا، لە هەندێ قوتابخانەدا بەشی تایبەتی هەیە بۆ نموونە لە یەکێک لە قوتابخانەکانی ستۆکهۆڵم دا لە پاڵ بەشی وێژەیی و زانستیدا بەشی تۆپپێ هەیە کە قوتابی شارەکانی تریش وەردەگرێت. هەروەها یەک ئامادەیی لە کۆمیونی سۆلێنتونا لە ستۆکهۆڵم هەیە بۆ ئەو قوتابیانەی کە حەزیان لە ڕاکردنە.

لە یەکێک لە قوتابخانە ئامادەییەکانی مندا لە کۆمیونی تێبی بەشی یاری ڕیشە (بادمینتۆن) م، کردۆتەوە و ساڵی 14 قوتابی وەردەگرم لە شارەکانی تری سویدەوە. هۆڵێکی گەورەی ڕیشەمان بۆ دروستکردون و ڕۆژانە مەشقی تیادەکەن و گرنگی وانەکە وەک وانەی فیزیا و کیمیا وایە. بێگومان ئەو قوتابیانە زۆر بە توانا دەبن لەسەر ئاستی سوید و ئەوروپا.

**پ- ئایا ڕێنمایی دەدرێت بەخوێندکاران سەبارەت بەچۆنێتی ژەمەخواردن پێش وەرزش و دوای وەرزش؟**

و- بەڵێ، وەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێدا، بەشێکی باشی وانەی وەرزش و تەندروستی تیۆریە و زانیاریدانە لەسەر کاریگەری پرۆتین، کۆلهیدرات، چەوری و ڤیتامین لەسەر لەش و بەهێزکردنی ماسولکە لە ڕێگای وەرزش و جۆری خواردنەوە. هاوکاتیش گرنگی دەدرێت بە زیانەکان و مەترسیەکانی جگەرەکێشان، ئەلکهول، مادە بێهۆشکەرەکان، ئەنابۆڵا و مادە زیانبەخشەکانی تر. بۆ نموونە لە یەکێک لە بەشەکاندا بە وردی

باس لەوە دەکرێت کە چەند گرنگە دوای مەشقکردن پرۆتین (بۆ نموونە لە گۆشتدا) و کۆلهیدرات (بۆ نموونە لە برنج و نان و پەتاتەدا) بخورێت بۆ دروستکردنی ماسولکە بە مەرجێک لە کاتژمێر و نیوێک زیاتر لە کۆتایی مەشقەکە تێنەپەڕێت. بەشێوەیەکی گشتی ئامۆژگاریەکی زۆر دەدرێت بە قوتابی دەربارەی لەشی مرۆڤ و پێویستیەکانی بۆ بوون بە خاوەنی تەندروستیەکی باش و لەشێکی ساغ.

**پ- چۆن وابکرێت وەرزش بۆ هەردوو رەگەزبێت، لەکاتێکدا لەکوردستان زۆربەي جار وەرزش بۆ کوڕانە؟**

و- لە سوید بە هیچ شێوەیک هیچ جیاوازیەک لە نێوان کچ و کوڕ دا لە وانەی وەرزش و تەندروستیدا نیە. بە داخەوە لە کوردستان وانیە. چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە ئەوەیە کە کچ و کوڕ تێکەڵبکرێن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا، بنەڕەتی و ئامادەیی. لەو کاتەدا بوار بۆ هەردوو ڕەگەزەکە دەڕەخسێت کە وەک یەک بەشداربن. لە بواری تیۆریدا هیچ جیاوازیەک نیە، لە بواری پراکتیکیشدا هەر کەسە و بەپێی توانای خۆی بەشداری دەکات. ئەرکی قوتابخانەیە کە بوار بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەردوو ڕەگەزەکە بڕەخسێنێت.

هەموو جیاوازیەک لە نێوان ڕەگەزەکاندا دژ بە یاسای قوتابخانەکانی سویدە و هیچ بەڕێوەبەرێکی قوتابخانە ناتوانێت بەردەوام بێت لەسەر کارەکەی ئەگەر خەمسارد بێت لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایەدا.

یەکسانی لە نێوان هەردوو رەگەزدا لە نێوان قوتانیان و خویندکاراندا یەکێکە لە بەها بنەماییە گرنگەکانی بەرنامەی



قوتابخانەکانی سوید. بە میشکی هیچ مامۆستایەک و بەڕێوەبەرێکدا نایەت کە لەو یاسایە لابدات.

**پ- ئایا بەپێی قۆناغ و تەمەن لە ناو سیستمی پەروەردەدا یاریی و جۆری یارییەکان دیاریدەکرێت یان نا؟**

و- بێگومان، لە پۆلەکانی سەرەتای قۆناغی بنەڕەتیدا وەرزش وەک یاری و گەمە سەیردەکرێت وەک لەوەی قووڵبونەوە لە جۆری وەرزشەکاندا بکرێت. بەشە تیۆریەکەی پۆلە سەرەتاییەکانی قۆناغی بنەرەتی زۆر سادەیە و لەگەڵ ئاستی زانستی قوتابیاندا دەگونجێندرێت. بەڵام لە دوا ساڵەکانی قۆناغی بنەڕەتی و لە قۆناغی ئامادەییدا زیاتر قووڵبونەوە هەیە و هەندێ جۆری زیاتری وەرزشی بۆ زیاددەکرێت وەک ڕزگارکردنی خەڵک لە ناو ئاو، یاریەکانی سەر سەهۆڵ و جۆرەکانی سەما وەک سالسا و تانگۆ. هەروەها بەشە تیۆریەکەی وەک ئامازەم پێدا زۆر سەخت و هەمە لایەنەیە.

# چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی" الاتحاد" دەربارەی نوێخوازی و دیموکراتی لە سیستەمی فێرکاریدا

**سازدانی جەمال هەمەوەندی**

**2008-9-7**

چۆن بتوانرێت سیستمێکی پەروەردەی تەندروست بەرهەم بهێنن؟ ئەو ئاستەنگانەی بەردەم ئەو سیستمە کامانەن ڕێگرن لەوەی نەتوانین وەکو پێویست یان دەستمان ڕانەگات بەو سیستمە هاوچەرخە؟ بەدەستنتێوەردانی سیستەمی سیاسیی و بڕیاری سیاسی، دەتوانین هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێین بۆ ئەوەی پەروەردەیەکی تەندروست بەرهەم بهێنین؟ دوای ئەو گۆڕانانە و ریفۆرمەی لەپەروەردەدا کرا، تاچەند توانرا لەو ریفۆرمەدا سەرکەوتووبین؟ ئەم پرسیارانە و چەند پرسیارێکی دی لەم چاوپێکەوتنەدا ئاڕاستەی هۆمەر قەرەداغی، پسپۆڕی پەروەردەیی و بەڕێوەبەری پەروەردەی تێبی لەستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید.

**پ- وای بەچاکدەزانم لەوێوە دەست پێبکەین و بزانین پەروەردە لەوڵاتی سوید لەسەر چ سیستەمێک بەڕێوە دەچێت؟**

و- سیستەمی فێرکاری لە وڵاتی سوید سیستەمێکی دیموکراتیە. قوتابی ناوەندە و هەموو سیستەمەکە لە خزمەتی ئەوەدایە کە قوتابی ببێتە مرۆڤێکی دیموکرات و خاوەن بیرکردنەوەی سەربەخۆی خۆی. سیستەمەکە مافی سەربەستی تاکەکەس یەکسانی ژن و پیاو دەپارێزێت. بەهابنەماییەکانی قوتابخانە وە وەک بەرزڕاگرتنی نرخی مرۆڤ و ژیان گرنگی زۆری پێدەدرێت. تاقیکردنەوە لە پۆلەکاندا زۆر گرنگی پێنادرێت وەک لە



کوردستان. نمرەدانان لە پۆلی هەشتی بنەڕەتیەوە دەستپێدەکات. مانەوە و نەمانەوە لە هیچ پۆلێکدا نیە، واتە ئەگەر قوتابی لە چوار وانەشدا دەرنەچوبێت هەر دەچێتە پۆلێکی بەرزتر. نەخوێندەواری لە سوید بونی نیە. ئاستی ڕۆشنبیری گشیت لە سوید زۆر بەرزە لەبەر ئەوەی سیستەمی فێرکاری وڵاتەکە دیموکراتیە و زۆر گرنگی بە سەرکەوتنی تاکەکەس دەدات. حکومەتی سوید بودجەیەکی زۆر گەورە تەرخاندەکات بۆ سیستەمی فێرکاری، بەم کارەش چۆنایەتی سیستەمەکە لە ئاستێکی بەرزدایە.

**پ- تا چەند ئاستی ڕۆشنبیری جەماوەر کاریگەری هەیە بەسەر سیستەمی پەروەردە لە کوردستان؟**

و- سیستەمی فێرکاری بنیاددەکرێت بەپێی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگا، واتە بەهابنەماییەکانی ناو کۆمەڵگا جیاوازی نیە لە بەهابنەماییەکانی ناو قوتابخانە کە سەربەستی تاکەکەس و یەکسانی ژن و پیاو بەردی بناغەی بەهاکانن.

بێگومان ئاستی ڕۆشنبیری گشتی کاریگەریەکی گەورەی لەسەر سیستەمی فێرکاری هەیە. ئەگەر سەرکوتکردن و توندوتیژی لە ناو کۆمەڵگادا هەبوو، ئەوە ڕەنگدانەوەشی لەناو قوتابخانەدا دەبێت. هەر وڵاتێک ئاستی ڕۆشنبیری بەرزبێت، سیستەمی فێرکاریش تێیدا سیستەمێکی دیموکراتی پێشکەوتوو دەبێت.

**پ- بێگومان پێکهاتەی دانیشتوانی هەر وڵاتێک کەم یان زۆر لە ژێر کاریگەری یەك یان زیاتری هاڵاوی (بەرێژەیەك) ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیي وهەندێک جاریش ئایدیۆلۆجیایەکدایە،ئەمە تا چەند کاریگەری دەبێت بەسەر**

**رەوشی پەروەردەیي گشتی وڵات؟ ئایا رێگاچارەسەر چییە، عیراق وەك نمونە؟**

و- بێگومان وەک وتم بەهاکانی ناو کۆمەڵگا کاریگەری گەورەی لەسەر بەهاکانی ناو قوتابخانە دەبێت. ئەگەر کۆمەڵگایەک لەژێر سیستەمێکی سیاسی دیکتاتۆریدا بێت ئەوە پەروەردە و خوێندنیش دوور دەکەوێتەوە لە سەربەستی تاکەکەس و لەزۆرکاتیشدا دەبێتە چەکێکی سەرکوتکەری دەستی دیکتاتۆر. ئەگەر سیستەمی سیاسی وڵات سیستەمێکی دینی تەسک بوو، ئەوە سەربەستی تاکەکەس لە کۆمەڵگا و سەربەستی قوتابی لەناو قوتابخانەدا سنووردار دەبێت، واتە پرۆسەی فێرکاری دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەشەی بیرکردنەوەی تاکەکەسدا. زۆر گرنگە کە ڕێگە نەدرێت دەمارگیرە دینیەکان ریگەیان پینەدریت کە دەستبخەنە ناو پرۆسەی فیرکاریەوە و لە سەربەستی تاکەکەس کەمبکەنەوە بەتایبەتی سەربەستی ئافرەت. دین نابێت دەستبخاتە ناو پرۆسەی فیرکاریەوە.

**پ- ئایا سیستەمی پەروەردە لە وڵاتانی ئەسکندنافی و ئەوروپای رۆژئاوا، بە شێوەی ساڵانە یان چەندانە ساڵا، دووبارە رێکدەخرێتەوە، واتە دیراسەی تازە کردنەوەی بۆ دەکرێت؟**

و- لە وڵاتانی ئەسکەندناڤی و ئەوروپای ڕۆژئاوا هیچ یاسایەک نیە کە بڵێت دەبێت هەر بە چەند ساڵێک چاکسازی لە سیستەمی فێرکاریدا بکرێت. بەڵام چاکسازی بە بەردەوامی لە سیستەمی وڵاتەکاندا دەکرێت، بۆ نموونە لە سوید نزیکەی هەر دەساڵ جارێک ڕیفۆرم لە سیستەمی فێرکاریدا دەکرێت و چاکسازی و نوێخوازی هەموو سیستەمەکە دەگرێتەوە. هێڵێکی گشتی هەیە کە بەردەوام بەهێزدەکرێت ئەویش دیموکراتیەت و سەربەستی تاکەکەسە.



**پ- سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستان ڕووەو بەهاوچەرخ بوون هەنگاو دەنێت، ئایا بەڕێزتان چۆن دەڕواننە ئایندەی ئەم هەنگاوانە؟**

و- سیستەمی فێرکاری لە کوردستان ماوەی دوو ساڵە کەوتۆتە بەر شەپۆلی نوێخوازی و ڕیفۆرم. زۆر ڕیفۆرمی باش کراون لەوانە لابردنی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ و تاقیکردنەوەی بەکالۆری پۆلی شەش و نۆی بنەڕەتی. هەروەها قۆناغی بنەڕەتی بووە بە نۆ ساڵی خوێندنی ئیلزامی و مانەوە لە پۆلەکانی یەک و دوو سێی بنەڕەتیدا نەماوە. ئەم ڕیفۆرمانە هەمویان زۆرباشن و ئایندەیان ڕۆشنە ئەگەر بەردەوام بین لەسەریان و نەوەستین.

**پ- ئایا پێویستە ستراتیژی بڕیاری سیاسی، ڕێگانیشاندەری کاروانی پەروەردە بێت، پێتوایە تا چەند لە کوردستان ئەم هەماهەنگییە پیادە کراوە؟**

و- بەڵێ سیاسەتی پەروەردەی وڵات دەستنیشانی ئامانجە پەروەردەییەکان دەکات و پارە و پێویستی بۆ تەرخان دەکات. ڕێگای پرۆسەی فێرکاری بەپێی ستراتیجی درێژخایەن دیاریدەکرێت. حکومەت و پەرلەمانی کوردستان پێشنیارەکانی کۆنگرەی پەروەردەیان پەسەندی کرد و بەو شێوەیەش بوونە دانەری سیاسەتی نوێخوازی سیستەمەکە بەڵام بەداخەوە بەپێی پێویست پێویستیەکانی سیستەمەکە دیارینەکراوە. بۆ نموونە بودجەی وەزارەتی پەروەردە دەبوایە زۆر زیادبکرایە بۆ ئەوەی موجەی مامۆستا و پیویستیەکانی تری پێدابینبکرایە. هەروەها بینای قوتابخانە کەمە و ئێستاش لە کوردستان پێویستمان بە 2000 بنیای قوتابخانە هەیە بۆ ئەوەی لە دوو دەوامی و سێ دەوامی ڕزگارمان بێت.

**پ- گۆڕینی سیستەم بە نەبوونی بنەماکانی سەرکەوتن، کارەساتی پەروەردەیی دەنێتەوە گەر سەرکەوتوو نەبێت، چونکە نەوەیەك مۆرك دەكات بەو پەروەردەیە، لێرەدا گەرەنتی چییە بۆ سەرکەوتنی سیستەمی مۆدێرنی کوردستان، بەرپرسیاری هەردوو ئەگەر لە ئەستۆی کێیە؟**

و- هەموو پرۆسەیەکی نوێخوازی کۆمەڵێک ئاستەنگ بەردەمی دەگرێت. گەورەترین ئاستەنگەکان ئەوانەن کە لە مێشکی خۆماندا دروستیان دەکەین و ڕەشبینانە هەر گرفتەکان دەبینین لەبری ئەوەی بوارە ئەرێنییەکان ببینین. بۆ ڕیفۆرم و نوێخوازی پێویستمان بە بڕیاری ئازایانە و باوەڕبەخۆبوون هەیە. ئەو ڕیفۆرمانەی ئەمڕۆ لە سیستەمی فێرکاری کوردستاندا کراون، هەموویان سەرکەوتون و گەڕانەوە بۆ دواوە بوونی نیە، بەڵام دەبێت بە وردی سەیری ئاستەنگەکان بکەین و پلانی لەناوبردنی ئاستەنگەکان دابنێین.

من باوەڕم وایە ئەگەر ئەم ڕیفۆرمانە نەکرانایە ئەوە هەڵەیەکی مێژوویی گەورە دەبوو، ئەو کاتە دەبوایە باسی بەرپرسیارێتیمان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی کوردستاندا بکردایە و پرسیارمان لێبکردنایە کە بۆ ئەوەندە بەرامبەر پاشەڕۆژی نەوەی کوردستانەکەمان خەمساردن. لە کۆتایی ڕێگادا، لە سیستەمی دیموکراتیدا خەڵک دەنگدەدات بەو کەس و حیزبانەی کە بە تەنگ پیویستیەکان و بەرژەوەندیە گشتیەکانەوە دێن.

**پ- ئایا جۆری مامۆستاو پرۆگرام تا چەند پەیوەستە بە پێگەیاندنی زانستیانەی قوتابی بنەڕەتی و خوێندکاری ئامادەیی؟**



و- گومان لەوەدا نیە کە چۆنایەتی فێرکاری و فێربوون لە قوتابخانەکانی کوردستاندا ڕاستەوخۆ بەندە بە چۆنایەتی توانای مامۆستاکان و پرۆگرامەکانی خوێندنەوە. ئەگەر دەیان نوێخوازی بکرێت لە سیستەمی فێرکاریدا، بەڵام مامۆستایان لە ئاستی نوێخوازیەکەدا نەبن ئەوە سەرکەوتنی ریفۆرمەکان سەخت دەبێت. شێوەی وانە وتنەوەی مامۆستایان و جۆری بیرکردنەوەیان لە بەهابنەماییەکان دوو پێوەری زۆر گرنگن بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی پرۆسەی فێربوون لە مێشکی قوتابیەکاندا. ئەوە مامۆستایە کە کەش و بوارێکی لەبار بۆ قوتابی دروستدەکات بۆ ئەوەی زانست وەربگرێت. ئەگەر مامۆستا توانای نەبوو، پرۆسەی فێربوونەکە زیانی پێدەگات.

**پ- دوا وشەی پەروەردەیی لە روبەرێکی کراوەدا؟**

و- دوا وشەم ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان بەرپرسیارێتیەکی گەورەیان لە سەرشانە بەوەی کە پشتگیری لەبەردەوامی پرۆسەی نویخوازی لە سیستەمی فێرکاریدا بکەن و هەوڵبدەن کە پێویستەکانی سەرکەتنی ئەو پرۆسەیە دابین بکەن. پەروەردە و خوێندن لە کوردستاندا، بە بۆچوونی من، گرنگترین بواری کارکردنە بۆ ئەوەی کوردستانیان بەختەوەر و کوردستانیش ئاوەدان بێت.

# گەشتی پەروەردەیی لە کوردستان، سەرەتای ساڵی 2008

لەسەر بانگهێشتنی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەشتێکی کارم بۆ کوردستان، لە ڕۆژانی 21 / 2 – 2008 تا 4 / 3 – 2008 ئەنجامدا. گەشتەکە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی دە سیمینار بوو لە **شارەکانی دهۆک، هەولێر، کۆیە، ڕانیە، سلێمانی و کەلار.** هەروەها بۆ بە ئەنجامگەیاندنی چەندین کۆبونەوە و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی و بەرنامەی تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بوو، لەوانە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، هەفتەنامەی هاوڵاتی، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، بەرنامە لە تەلەفیزیۆنی کوردسات، بەرنامە لە تەلەفیزیۆنی زاگرۆس، بەرنامەی ڕادیۆی زاگرۆس، ڕۆژنامەی ئەمرۆ، سایتی پەیامنێر و چەندین مێدیای تری کوردستان.

**بابەتی سەرەکی هەر دە سیمینارەکە ئەو ڕیفۆرمانە بوون کە کۆنگرەی پەروەردە لە بەهاری ساڵی 2007 دا پێشنیاری کردبوون بۆ حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، کە دواتر ڕەزامەندی تەواوی لە سەر وەرگیرا.** بێجگە لە ڕیفۆرمەکان باس لە هەموو ئەو بابەتە پەروەردەییانە کە گرنگن بۆ بەرەو پێشەوە بردنی سیستەمی فێرکاری لە کوردستاندا، کران.

نموونەی باسەکای سیمینارەکان:

- ئەزموون و تاقیکردنەوەکان
- پلانی کار
- دیداری گەشە



- نەرمکردنی سیستەمی فێرکاری
- بەها بنەماییەکان
- دوو مامۆستا لە پۆلێکدا
- سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆڕی
- توێژەری کۆمەڵایەتی
- دەفتەری پەیوەندی و نامەی هەفتانە
- ڕێبەر لە قوتابخانەکاندا
- شورای قوتابیان
- تێکەڵاوی کوڕ و کچ
- بەردەوامی ڕیفۆرمەکان
- کۆبونەوەی قوتابخانە
- سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتیەکان
- سیستەمی قوتابخانە ئامادەییەکان
- کاری بە گروپ
- شێوەی وانە وتنەوە
- ژینگەی پۆل
- ... هتد.

بەشداربوانی سیمینارەکان بریتی بوون:

- بەڕێوەبەرانی گشتی پەروەردەی سلێمانی و دهۆک و هەولێر
- بەڕێوەبەرانی پەروەردەی قەزاو ناحیەکان
- بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان
- سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆڕی
- توێژەرە کۆمەڵایەتیەکان
- مامۆستایان

- بەشێک لە خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە

سیمینارەکان بە شێوەیەکی گشتی 3 کاتژمێری دەخایاند و بەشێکی تەرخاندەکرا بۆ پرسیار و ڕوونکردنەوە و دیالۆگ لە گەڵ بەشداربواندا.

**بەرنامەی ڕۆژەکان:**

**دهۆک**

**سیمیناری ڕۆژی 23 / 2**

بەشداربوان بریتی بوون لە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە و هەشت بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزاکانی سەر بە شاری دهۆک، هەروەها بەڕێوەبەری قوتابخانە بنەڕەتی و ناوەندییەکان. ژمارەی بەشداربوان زۆر زۆر بوو، پاش باسکردنی ڕیفۆرمەکانی سیستەمی پەروەردە و بڕیارەکانی کۆنگرە.

پرسیار و گفتوگۆکان لەم خاڵانەدا چڕبونەوە:

- ڕیفۆرم هەنگاو بە هەنگاو
- دیداری گەشە
- پێشنیارەکانی کۆنگرە

کێشەیەکی گەورە کە بە بەرپرسیارانی پەروەردە زۆر هەڵوێستیان لەسەر دەکرد و بە گرفتێکی گەورەیان دەزانی، کێشەی سەربەخۆیی هەیکەلی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆڕی بوو. بە لایانەوە گرنگ بوو کە سەرپەرشتیاران لە ژێر چەتری بەڕێەبەرایەتی گشتی پەروەردە دا بن نەک ڕاستەوخۆ بە وەزارەتەوە بەسترابن.

**ئێوارەی ڕۆژی 23 / 2 / 2008**



چاوپێکەوتن لەگەڵ مێدیاکانی دهۆک بە تایبەتی ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت، نیوز سەباح، ئەمڕۆ و پەیامنێر.

**سیمیناری ڕۆژی 24 / 2 / 2008**

بەشداربوان بریتیبوون لە لیژنەکانی بەدواچوون و جێبەجێکردنی سیستەمی نوێی پەروەردە و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆری. لەم سیمینارەدا جەخت لەسەر ئالیەتی جێبەجێکردنی سیستەمە نوێیەکە کرا، هەروەها گرنگیەکی زۆر درا بە بەهابنەماییەکان و گرنگی پەیوەندی بە دایکوباوکی قوتابییەوە.

ئەو کێشانەی باسکران بریتی بوون لە نەبوونی بینا و زۆری ژمارەی قوتابی و خوێندکار لە پۆلەکاندا، ڕەقی سیستەمەکە و گرنگی سەقامگیری لە وەزارەتی پەروەردەدا لە پێناو بەردەوامی ڕیفۆرمەکاندا. هەروەها باس لەوە کرا کە گرنگە وەزارەتی پەروەردە ڕێنمایی زیاتر بنێرێت دەربارەی دیداری گەشە، بەرنامەی کار، ئەرکی توێژەری کۆمەڵایەتی و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی وپسپۆڕی. نوێنەرانی مێدیا لە ڕۆژنامە و تەلەفیزیۆنەکانەوە ئامادەی سیمسینارەکان بوون.

**کۆیە**

**سیمیناری ڕۆژی 25 / 2 / 2008**

لەم سیمینارەدا زۆربەی کارمەندانی پەروەردەیی کۆیە و دەوروبەری بەشداربوون. بەشداربوان لە بەشی دوومی سیمینارەکەدا، کە بریتی بوو لە دیالۆگ دەربارەی چۆنیەتی جیبەجێکردنی سیستەمی نوێی پەروەردە، بەرنامەی کار، تێکەڵاوی کچ و کوڕ و نۆ ساڵی خوێندنی ئیلزامی، زۆر چالاک بوون. هەروەها کاتێکی زۆر درا بە قسەکردن دەربارەی کاری بە

گروپ، شێوەی وانەوتنەوە و ژینگەی پۆل. بەڕێوەبەری قوتابخانەکان زۆر گرنگیان دەدا بە بوونی دیداری گەشە و بەرنامەی کار بەڵام لە هەمانکاتدا باسیان لەوە دەکرد کە دەبوایە کاتێکی زیاتریان بدرایەتێ بۆ قوڵبونەوە لە چاکسازیەکاندا.

**ڕانیە**

سیمیناری ڕۆژی 26 / 2 / 2008

بەشداربوانی سیمینارەکە بریتی بوون لە بەڕێوەبەری ڕانیە و قەڵادزێ و دەشتی بێتوین، لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکانی ڕانیە و قەڵادزێ و چوارقورنە و ناوچە نزیکەکانی تر. ژمارەی بەشداربوان زۆر زۆر بوو، کەشوهەوایەکی زۆر کراوە و پۆزەتیف باڵی بەسەر سیمینارەکەدا کێشابوو.
بەشداری چالاکانەی لیژنەی جیبەجێکردنی سیستەمی نوێی پەروەردە گفتوگۆکانی چڕتر دەکردەوە کە زیاتر لەم بوارانەدا دەردەکەوت:
ئەزموون و تاقیکردنەوەکان، سەربەخۆیی مالی و ئیداری، ئامادەکردنی مامۆستایان، بوونی توند و تیژی لە قوتابخانەکاندا، نەبوونی زمانی ستاندەرد و کێشەی دوو زاراوەیی، ڕەچاوکردنی گەشەی ئەقڵی منداڵ و قوتابخانە نموونەییەکان.

بەشداربوان جەختیان لەسەر بەردەوامی و گرنگی ئەم جۆرە سیمینارانە دەکردەوە و ئەم هەنگاوەی وەزارەتی پەروەردەیان بەرز دەنرخاند.

**سلێمانی**

**سیمیناری ڕۆژی 27 / 2 / 2008**



بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە و بەڕێوەبەری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان بەشداربوون. لە سیمینارەکەدا تیشکخرایە سەر ئەو کارانەی کە تا ئێستا کراون و ئەو کارانەی کە ماون بکرێن.

ژمارەی بەشداربوان زۆر زۆر بوو بە شێوەیەک کە هەندێک لە بەڕێوەبەرەکان لە دەرەوەی هۆڵەکە وەستا بوون ئەوەش کارێکی وایکرد کە زیاتر سیمینارەکە شێوەی مۆنۆلۆگی لە بری دیالۆگ وەرگرت. گرنگی تایبەت بە شێوەی وانەوتنەوە و بەهابنەماییەکان و میکانیزم و ئالیەتی جێبەجێکردنی بریارەکانی پەرلەمانی کوردستان ، دەربارەی سیستەمی نوێی پەروەردە درا. کێشەی نەبونی مامۆستای باش بۆ زمانی ئینگلیزی و نزمی ئاستی قسەکردن بە ئینگلیزی تیشکی خرایە سەر.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی هاوڵاتی و ڕۆژنامەی ڕۆژنامە سازدرا.

**سیمیناری ڕۆژی 28 / 2 / 2008**

بەشداربوان بریتی بوون لە سەرپەرشتیارانی پەوەردەیی و پسپۆڕی لەگەڵ لیژنەکانی جێبەجێکردنی بەدواچوونی سیستەمی پەروەردەی نوێ و ڕاوێژکارە کۆمەڵایەتیەکان.

ئەرکەکان و چۆنیەتی کاری سەرپەرشتیاری بە درێژی باسکرا. تیشک خرایە سەر هەر دە بوارەکەی پرۆسەی بەدواچوونی سەرپەرشتیاری و هەنگاوەکانی چۆنیەتی بەئەنجامگەیاندنی پرۆسەکە.

گرنگی چاکسازی لەم بوارەدا بەهەند وەرگیرا و کێشەکانی سیستەمی سەرپەرشتیاری بە وردی باسی لێوەکرا.

ئەرکەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی تەوەرێکی تری باسەکان بوو کە تیشکی خرایە سەر.

گرفتەکانی بەردەم دیداری گەشە و بەرنامەی کار لەگەڵ ئالیەتی جێبەجێکردنی هەردوو بوارەکە باسێکی چڕوپڕی لەخۆگرت.

ڕاگەیاندنی ڕۆژنامە و تەلەفیزیونەکان ئامادەی سیمینارەکە بوو.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ بەرنامەیەکی تایبەتی چاوپێکەوتن لەگەڵ تەلەفیزیۆنی Kurdsat سازدرا.

**کەلار**

**سیسمیناری ڕۆژی 1/ 3/ 2008**

**کاتژمێر: 10.30 تا 13.00**

لەم سیمینارەدا بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، بەڕێوەبەری پەروەردەی دەربەندیخان، کفری و کەلار و سەرپەرشتیارانی پەروەردەی پسپۆڕی و لیژنەکانی جێبەجێکردنی سیستەمی نوێ و هەندێک لە قوتابیانی کۆلێژی پەروەردەی کەلار بەشدار بوون.

ئەزموونی کارکردن لە بواری پەروەردە و بەراوردکردن بە ئەزمونی ئەوروپای ڕۆژئاوا تیشکی خرایە سەر و تێکەڵاوی کوڕ و کچ و بەهابنەماییەکان بابەتی سەرەکی سیسمینارەکە بوون.



دیداری گەشە و کێشەی گەنج و لاوانمان جێگەی پرسیار و گفتوگۆی بەشداربوان بوون.

کارمەندانی پەروەردە داوای هاوکاری زیاتری وەزارەتی پەروەردەیان دەکرد و باسیان لە گرنگی ڕێنمایی زیاتر لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە دەکرد.

**سیسمیناری ڕۆژی 3/1/ 2008**

**کاتژمێر: 14.00 تا 16.30**

لەم سیمینارەدا بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان، لەگەڵ هەندێک لە قوتابیانی کۆلیژی پەروەردەی کەلاری سەر بە زانکۆی سلێمانی بەشداربوون.

شێوەکانی وانەوتنەوە و ژینگەی پۆل و شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابیاندا لەگەڵ ئامانجەکانی ساڵی خوێندن و چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجەکان، تەوەری سەرەکی باسەکە بوون.

پێداچوونەوەیەکی ورد بە ڕیفۆرمەکانی سیستەمی پەروەردە و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە کرا. بەشداربوان گرنگ بوو بەلایانەوە کە وەزارەتی پەروەردە گرنگی بە ناوچەی گەرمیان بدات لەبەرئەوەی دوورە لە دەستی ئاوەدانیەوە و پێویستیان بە سەرپەرشتی و ڕێنمایی زیاتر هەیە.

کێشە کۆمەڵایەتیەکان زۆر باسکراو توندوتیژی ناو قوتابخانەکان و نەخوێندەواری لە تەوەرەکانی تری باسەکان بوون و هەڵوێستەی لەسەرکرا.

بوونی دوو مامۆستا لە پۆلێکدا پێشوازی لێکراو وەک هەنگاوێک، لەگەڵ بوونی هەندێک کێشەی پراکتیکدا لە جێبەجێکردنیدا باش هەڵسەنگێنرا.

**سلێمانی**

ڕۆژی 2/ 3/ 2008

چاوپێکەوتنی کوردستانی نوێ و دیداری دەستەیەک لە پەروەردەکارانی شاری سلێمانی.

**هەولێر**

**سیمیناری ڕۆژی 3/ 3 / 2008**

بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر و بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزاکان، لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەییەکان بەشداربوون. هەروەها لیژنەکانی جێبەجێکردن و بەدواچوونی سیستەمی نوێی پەروەردە ئامادە بوون.

لەم سیمینارەدا باس لە نەخوێندەواری و ئاستی بەرزی وازهێنان لە خوێندن کرا. سیستەمی دەرخکردن وتێگەیشتن بەراوردکران.

جەختکرایەوە لە سەر بەپراکتیکردنی سیستەمی فێرکاری و نەمانی توند و تیژی لە قوتابخانەکاندا.

کێشەکانی بەردەم جێبەجێکردنی سیستەمی نوێی پەروەردە باسکرا و زۆر بەڕێوەبەر بەباشتریان دەزانی کە پەلە نەکرایە لە چاکسازیەکاندا و سەرەتا هەنگاو بە هەنگاو بکرایە.



ئێوارەی هەمان ڕۆژ بەرنامەیەکی پەروەردەیی لە تەلەفیزیۆنی Zagros تۆمارکراو پاشان بەرنامەیەکی یەک کاتژمێری بۆ ڕادیۆی زاگرۆس ئامادەکرا.

**سیسمیناری ڕۆژی 4 / 3 / 2008**

ئەم سیمینارە، سیمیناری ژمارە دە بوو، دوا سیمیناری زنجیرەکە بوو. بەشداربوان بریتی بوون لە سەرپەرشتیانی پەروەردەیی و پسپۆری.

بەوردی بەراوردی سیستەمی سەرپەرشتیاری لە کوردستان و ڕۆژئاوا کرا و بەشداربوان کۆبوون لەسەر ئەوەی کە سیستەمەکەی کوردستان گرفتی زۆر تێدایە و پێویستی هەنوکەیی بەچاکسازی هەیە.

جارێکی تر نەبونی بیناو زۆری ژمارەی قوتابی باسکرایەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا ویست و توانایەکی زۆری پۆزەتیڤ بەدیدەکرا بۆ زیاتر چاکسازی لە سیستەمەکەدا، بەتایبەتی بۆ کەمکردنەوەی نەخوێندەواری و وازهێنان لە قوتابخانە.

دیارە مانەوە و نەمانەوە هەڵوێستەی لەسەرکرا و باس لە کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئەزمون و تاقیکردنەوەکان کراو گرنگی بوونی ئەڵتەرناتیڤ شیکرایەوە.

بەشێوەیەکی گشتی هەر دە سیمینارەکە شێوەی جیاوازی خۆی وەرگرت و هەموو لایەنە گرنگەکانی سیستەمی پەروەردە بەسەرکرایەوە.

چاکسازیەکانی سیستەمی پەروەردە تەوەری سەرەکی بوون، بەڵام گرفتەکان و کێشەکانیش باسدەکران و هەموو دیالۆگەکانیش لە ئەتمۆسفێرێکی کراوە و شەفاف و پۆزەتیفدا ئەنجامدەدران.

**دوا وتە**

بە بۆچونی من وەزارەتی پەروەردە گرنگی زۆری داوە بە تیشک خستنە سەر ڕاسپارەکانی کۆنگرەی پەروەردە و ئەم کۆمەڵە سیمینارەش هەنگاوێک بوون لەو ئاراستەیەدا.

لە سیمینارەکاندا بەشێوەیەکی گشتی چاکسازیەکان بەرز دەنرخێنران، بەڵام کێشەکانیش هەڵوێستەی لەسەر دەکرا و لە ئەتمۆسفێرێکی زۆر شەفافدا باسیان لێوە دەکرا.

کارەکانی مامۆستا تریفە عبداللە و مامۆستا شێرزاد حەسەن و بەڕیزەکانی تر جێگەی سوپاس و پێزانینە.

# CV



## هۆمەر قەرەداغی

ساڵی لە دایکبون 1957 لە سلێمانی (کوردستانی باشور)
شوێنی ژیان: ستۆکهۆڵم، سوید، (لە ساڵی 1982 وە)



کاری ئێستا:

بەڕێوەبەری پەروەردە، بەشی ئامادەیی و گەورەساڵان، Chef för Gymnasie- och Vuxenutbildning هەروەها بەڕێوەبەری گشتی کلتور و وەرزش Chef för Kultur och Fritid , لە کۆمیونی تێبی Täby kommun لە ستۆکهۆڵم، سوید

مێژوی کار:

2009-2007 بەڕێوەبەری پەروەردە و کلتور لە سوید

2007-2006 بەڕێوەبەری پەروەردە لە سوید

2006-2001 بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی لە سوید

2001-1999 جێگری بەڕێوەبەری ئامادەیی لە سوید

1999-1990 مامۆستای ئامادەیی: ماتماتیک، فیزیا و کۆمپیەتەر

خوێندن:

خوێندنی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە سوید

خوێندنی ڕێبەری لە سوید

خوێندنی مامۆستایی لە سوید

ماستەر لە بواری ئەندازیاری وزەدا لە سوید

بەکالۆریوس کۆلیژی ئەندازیاری میکانیک لە سوید

بەکالۆریوس کۆلێژی کشتوکاڵ لە کوردستان سلێمانی

**نوسین:**

نوسەری کتێبەکانی:

1. سیستەمی فێرکاری، چاپی یەکەم ساڵی 2005، چاپی دووەم ساڵی 2006، چاپی سێیەم ساڵی 2007
2. کتێبی ڕیفۆرم، ساڵی 2008
3. چۆنایەتی سیستەمی فێرکاری، ساڵی 2009

هەروەها نوسەری چەندین وتاری پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسی

**زمان:**

- کوردی
- عەرەبی
- ئینگلیزی
- سویدی

# The educational systems quality

## Homar Kadir Qeredaghi

Kurdistan 2009



